لە چەند رۆژی رابردوودا لیستێکی پێژاردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە لەسەر پێژاردنی بەفیڕۆدانی ئاو.
بەپێی خشتەکە شوشتنی بەردەرگا و شوشتنی ئۆتۆمبێلی بچوک و رژانی ئاو لەسەر تانکی سەربان بەهۆی نەبەستنی تەوافە، پەنجا هەزار دینار سزای هەیە. ئەگەر ئۆتۆمبێلی گەورەش لەبەردەرگا بشورێت ئەوا حەفتا و پێنج هەزار دینار سزا دیاریکراوە.
ئەو کەسانەی باخچەیان لەبەردەم ماڵەکانیان دروستکردوە و بە ئاوی خاوێن ئاوی دەدەن ئەوا سەد هەزار دینار سزا دیاریکراوە.
زۆرترین سزا کە لە خشتەکە دیاریکراوە پێنج سەد هەزار دینارە لەبەرامبەر دەستکاریکردنی بۆڕی سەرەکی و قوفڵی مەنهۆڵەکان.
مەسعود کاڕەش، بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ شەممە 8 تەمووزی 2017، بە دواڕۆژی راگەیاند هیچ خشتەیەکمان لەبەردەست نییە بۆ سزای ئەو کەسانەی ئاو بەفیڕۆدەدەن.
پێشتر دەستکرا بە دانانی پێوەری ئاوی ماڵان و خەڵکێکی زۆر ئەو پێوەرەی داناوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کاری پێناکرێت.
بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێم وتیشی پارێزگای هەولێر 93% خەڵکی پێوەرەکەیان بەستوە و پارێزگای سلێمانیش 92%، بەڵام لە پارێزگای دهۆک تەنها 78% پێوەرەکەیان بەستوە.
مەسعود کاڕەش وتیشی ئەگەر لە هەموو پارێزگاکان بەستنی پێوەری ئاوی ماڵان بگاتە سەروی 90% ئەوا کار بە پێوەرەکە دەکرێت بۆ وەرگرتنی پارەی بەکارهێنانی ئاوی ماڵان.
2017-07-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-08
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-08 7:13:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 14
**ئاوی بەنداوی دووکان کەمیکردووە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170701104736140742

گرتنەوەی ئاوی زێی بچووک لەلایەن ئێرانەوە، کاریگەری نەرێنی لەسەر سنووری ڕاپەڕین و سلێمانی دروستکردووە، بەجۆرێک ڕێژەی 70%ی ئەو ئاوەی دەڕژێتە دووکان کەمی کردووە.
بەکر بایز، قایمقامی قەزای پشدەر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند ئەو بەنداوەی ئێران لەدیوی ڕۆژهەڵاتەوە لەسەر زێی بچووک دروستی دەکات، قەبارەی 800 ملیۆن مەترسێجا ئاو دەگرێت و، کاریگەری نەرێنی لەسەر سنوورەکەمان دروستکردووە.
نزیکەی 95%ی ئاوی خواردنەوەی قەڵادزێ، لە زێی بچووکەوە دابینەکرێت، لەئەگەری گرتنەوەی سەرچاوەی ئاوەکەش لەلایەن ئێرانەوە، قەیرانێکی گەورەی بێئاوی ڕوو لە ناوچەکە دەکات. گرتنەوەی ئاوەکە لەسەر ئاستی کشتووکاڵی کێشەی بۆ پرۆسەی ئاودێری و کشتووکاڵ و پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی دروستکردووە.
بەکر بایز هەروەها دەڵێ بەهۆی ئەوەی ئاستی ئاوی زێی بچووک دابەزیوە، ئاستی ئاوی بناوان و بیرە کشتووکاڵییەکانیش دابەزیون، ناتوانرێت ئاوی پێویست بۆ کشتووکاڵ دابین بکرێت.
لە ڕووی ژینگەییەوە گرتنەوەی ئاوەکە زیانی زۆری هەبووە، بەجۆرێک قایمقامی پشدەر دەڵێ ئاوەکە لەناکاو گیرایەوە، بەهۆیەوە ماسیەکی یەکجار زۆر لەنێوچوون، یان لەلایەن ماسیگرەکانەوە ڕاوکران.
گرتنەوەی ئاوی زێی بچووک لەڕووی سامانی ئاویش کاریگەری هەبووە، بەهۆیەوە ئاوی دووکان کەمیکردووە، لە داهاتووشدا کاریگەری لەسەر ئاوی خواردنەوەی سلێمانی دەبێت، بەهۆی ئەوەی ئاوی دووکان سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی سلێمانیشە.
حکومەتی ئێران لەسەر زێی بچووک و لە خوار گوندی کۆلسەوە بەنداوێکی 117 مەتر بەرزی دروستکردووە، کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شاری سەردەشت و، بەدوری 20 کم لە سنووری عێراق - ئێران هەڵکەوتووە.
بەنداوەکە بەمەبەستی برەودان بە کشتووکاڵ و بەرهەمهێنانی 150 میگاوات کارەبا دروستکراوە، نزیکەی 11 ساڵە کاری تێدادەکرێت و، لە دوو ساڵی داهاتووشدا کۆتایی بەکارەکانی دێت و، بەتەواوەتی دەکەوێتە کار.
تاوەکو بەنداوی کۆلسە پڕدەبێت، 75%ی ئاوی ناوچەکانی پشدەر کەمدەکات، لە کاتی پڕبوونیشی تەنها 25%ی ئاوەکە کەم دەکات.
2017-07-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: دوکان
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 01-07-2017
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-01 10:47:36 AM
ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

---

بابەت: 15
**ئاوی بەنداوی موسڵ زیاتر لە سێ ملیار مەتر سێجا کەمیکردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180531221946104129
ئاوی بەنداوی موسڵ بە بەراورد بە ساڵی رابردوو زیاتر لە سێ ملیار مەتر سێجا کەمیکردووە، کەمئاوی یەک ملیۆن دینار زیانی بە هەر جووتیارێکی ناوچەکە گەیاندووە.
دەوروبەری بەنداوەکە وشک هەڵهاتووە، زەویوزاری بەردەم بەنداوەکە لە کەمئاویی و وشکانیدا قڵیشی بردووە.
بەنداوی موسڵ ساڵی 1985 دروستکراوە، توانای گلدانەوەی 11 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە و گەورەترین بەنداوی عێراقە.
کەمبوونەوەی ئاوی بەنداوەکە کاریگەری خراپی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ناوچەکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق دەبێت.[1]
2018-05-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-31
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-31 10:19:46 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 16
## ئاوی بەنداوی موسڵ گەیشتووەتە کەمترین ئاست
https://www.kurdipedia.org/?q=201806050911549962
تا چەند مانگێک لەمەوبەر بەنداوی موسڵ بە بۆمبێکی چێنراوی سرووشتی لەقەڵەم دەدرا کە تەقینەوەکەی گیانی چەند ملیۆن کەسێک دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام ئێستا کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی بەنداوەکە جووتیاران و خەڵکی سوودمەند لە ئاوی بەنداوەکەی نیگەران کردووە، لە کاتێکدا ئاوی بەنداوەکە بەڕێژەی 43٪ لەچاو هەمان کاتی 2017 دابەزیوە. بەرپرسانی پەیوەندیدار بەنداوێکی تورکیا بە هۆکار دەزانن، حکومەتی تورکیاش رایگەیاندووە کە ئەوان حکومەتی عێراقیان لە پرۆژەکەی خۆیان ئاگادار کردبووەوە.
زەوییە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری بەنداوی مووسل وشک هەڵگەڕاون، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئاوی بەنداوەکە گەیشتووتە کەمترین ئاستی. بەپێی هەندێ زانیاری بەنداوی مووسڵ تەنیا 4 ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدا ماوە، لە کاتێکدا پار هەمان کات زیاتر لە 7 ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدابووە.
رەمەزان حەمزە کە ساڵی 1985 وەکو ئەندازیار لەسەر پرۆژەکە کاری کردووە، کەمبوونەوەی ئاوی بەنداوەکە بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر ژینگە، کشتوکاڵ و ئاوی ژێر زەوی لە دەوروبەری شاری دهۆک.
لەبارەی هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی ئاوی بەنداوەکە، رەمەزان حەمزە بە (رووداو)ی گوت، هۆکاری یەکەم بۆ دروستکردنی بەنداوی ئەلیسۆ لە تورکیا و کەمبوونەوەی ئاوی رووباری دیجلە لە تورکیاوە دەگەڕێتەوە. تورکیا رێژەیەکی زۆری ئاوی رووبارەکە بۆ ئەو بەنداوە گلدەداتەوە، بۆیەش رێژەیەکی کەمی ئاوەکە دەگاتە عێراق.

حکومەتی تورکیا لە پەنجاکانەوە پێشنیازی دروستکردنی بەنداوی ئەلیسۆی کردووە کە بەنداوێکی گلدانەوەی ئاو و بەرهەمهێنانی کارەبایە. لەو کاتەوە نارەزایەتییەکی نێودەوڵەتی بەرفراوان لەدژی ئەو پرۆژەیە دەستپێکردووە. رەخنەگرانی ئەو پرۆژەیە پێیانوایە دروستکردنی بەنداوی ئەلیسۆ سەدان هەزار کەس لە دیوی خوارەوەی ڕێڕەوی بەنداوەکە ناچار دەکات ناوچەکانی خۆیان چۆڵ بکەن.
فاتیح یڵدز، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق، بە رۆژنامەی (نەشناڵ)ی ئیماراتی راگەیاندووە حکومەتی ئەنقەرە پێشوەخت پرس و راوێژی بە حکومەتی عێراق کردووە و ئینجا دەستی بە دروستکردنی بەنداوەکە کردووە.
بەبۆچوونی ئەندازیارەکە، هۆکاری دووەمیش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حکومەتی عێراق سیاسەتێکی روونی بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو نییە، چونکە لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە ئاوی بەنداوەکە کەمی کردووە، بێئەوەی هۆکارەکەی دیار بێ.
بەگوێرەی مەزندەکان دەبووایە ئێستا زیاتر لە 8 ملیار مەتر سێجا ئاو لە بەنداوەکەدا هەبێت. بەو پێیەش ئاوی بەنداوەکە لەچاو پارساڵ 43٪ و لە چاو چاوەڕوانییەکان 50٪ دابەزیوە.
حەمید بەشیر، جووتیارێکی دەوروبەری بەنداوەکەیە دەڵێت هەر جووتیارێکی ناوچەکە بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوەوە بەلای کەمەوە یەک ملیۆن دینار زیانی پێگەیشتووە. حەمید بە دڵێکی پڕ لە گلەییەوە دەڵێت: ساڵی رابردوو، لە کاتی گەیشتنی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکەمان ئاوی بەنداو ئەوەندە زیاد کرا تاوەکو بەروبوومەکەمان کەوتە ژێر ئاو.
رۆژی 26ی ئایاری رابردوو حەسەن جەنابی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دوو نەخشەی بەنداوەکەی بڵاو کردەوە کە یەکێکیان هی ساڵی رابردووە و ئەوەی دیکەشیان هی ئەمساڵە، لەو نەخشەیەدا بەڕوونی جیاوازی ئاستی ئاوی بەنداوەکە لە ساڵی رابردوو و ئەمساڵدا دەردەکەوێ. وەزیری کشتوکاڵی عێراق داوا لە هاووڵاتییان دەکات، دەست بە ئاوەوە بگرن و زیاتر لە پێویست بەکاری نەهێنن، چونکە مەترسی کەمبوونی ئاو هەیە.
رەمەزان حەمزە، کەمی ئاوی بەنداوەکە بە زیانی گەورە بۆ شاری دهۆک و دەوربەری دەزانێت، بە تایبەتی دوای 15ی حوزەیران وەرزی ئاودێرییە و باشوور و ناوەڕاستی عێراق زیاتر پێویستیان بە ئاو دەبێت.
بەنداوی موسڵ، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو پارێزگای مووسڵ و دهۆک، لە ساڵی 1985 دروستکراوە و توانای گلدانەوەی 11 ملیار مەتر سێجای ئاوی هەیە. درێژیی بەنداوەکە 3200 مەترە و بەرزییەکەشی 110 مەترە.[1]
2018-06-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-05 9:11:54 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 17

**ئاوی سێ بەنداوە گەورەکەی کوردستان مەترێک زیادیکردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181211092946104929

بەرپرسی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هەر سێ بەنداوە گەورەکە مەترێک ئاو تێیاندا زیادیکردووە و سەرجەم بەنداوە بچووک و مامناوەندییەکانیش پڕ ئاو بوون.
ئەکرەم ئەحمەد رەسووڵ، بەرپرسی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، ئاوی کۆگاکراو لە هەرێمی کوردستان زیادیکردووە و هەر سێ بەنداوە گەورەکە مەترێک ئاو تێیاندا زیادیکردووە و سەرجەم بەنداوە بچووک و مامناوەندییەکانیش پڕ ئاو بوون، هاوکات بڕێکی زۆریش ئاو بەهەدەرچووە بەرەو باشووری عێراق.
سێ بەنداوی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا هەن. هەروەها 14 بەنداوی بچووک و مامناوەند هەن کە پڕ ئاو بوون. 20 بەنداوی دیکەش تاوەکو ئێستا کاریان تێدا دەکرێت و هێشتا تەواونەکراون.
بەنداوی ئەڵوەن ئاوی پێویست بۆ جووتیاران دابیندەکات
لە سنووری شارۆچکەی خانەقین نزیکەی 195 ملیمەتر باران باریووە. قایمقامی خانەقین دەڵێت: بەهۆی زۆری رێژەی بارانبارینەوە ئەمساڵ بەنداوی ئەڵوەن ئاوی پێویستی بۆ جووتیاران دابیندەکات.
محەمەد مەلا حەسەن، قایمقامی قەزای خانەقین بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، بەهۆی بارانبارینەوە بەنداوی ئەڵوەن پڕئاو بووە. تاوەکو مانگی 9ی 2019 بەشی باخ و کشتوکاڵی سنوورەکە دەکات. هەرچەندە دەبوایە زووتر دەست بە دروستکردنی بکرایە و لە بنەڕەتدا دەبوو بکرایە وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەڵام کارەکانی تەواونەبوون.
بەنداوی ئەڵوەن لە باکووری رۆژهەڵاتی قەزای خانەقینی سەر بە پارێزگای دیالە هەڵکەوتووە، لە ساڵی 2010ەوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە دروستکراوە.[1]
2018-12-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-11 9:29:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 18

## ئاوی کانی سپی لە لالش 60% کەمیکردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=2018070113440769524

کانی سپی بە پیرۆزترین کانی لە ئایینی ئێزدی لە قەڵەمدەدرێت و پێویستە هەموو ئێزدییەک لانیکەم لە ژیانیدا جارێک خۆی بەو ئاوە پاکبکرێتەوە.
بەڵام بەهۆی لێدانی بیر لەنزیک لالش و کەمبوونەوەی رێژەی بارانبارین، ئەمساڵ ئاوەکەی 60% کەمبووەتەوە.
پیاوانی ئایینی ئێزدی دەڵێن، لەبەرئەوەی ئەو کانییە پیرۆزە، بەڵام نابێ کانییەکانی لالش ئاوەکەی کەم ببێتەوە، بەپێی زانیارییەکانی رووداو لە پەرستگەی لالش شەش کانی هەن کە لە ساڵانی رابردوو دووانیان وشکبوون و ئاوی کانییەکانی دیکەش کەمیکردووە.

پەرستگەی لالش 15 کیلۆمەتر لە باکووری سەنتەری قەزای شێخان دوورە و پەرستگەی سەرەکی کوردانی ئێزدییە.[1]
2018-07-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-01 1:44:07 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 19
**ئاوی کۆگاکراوی عێراق لە 27 بۆ 17 ملیار لیتر سێجا کەمبووەتەوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180604230516961173
بەرپرسێکی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق رایگەیاند، ئاوی کۆگاکراوی عێراق لە 27 بۆ 17 ملیار لیتر سێجا کەمبووەتەوە. دەشڵێت، قەیرانی ئاو ساڵ و نیوێک درێژەدەکێشێت.
عەلی حەبیب مەعمووری، بەرپرس لە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق رایگەیاند بەردانەوەی ئاوی رووباری دیجلە لە سەرچاوەوە لە 300 لیتر سێجا لە چرکەیەکدا بۆ 90 لیتر سێجا لە چرکەیەکدا کەمبووەتەوە، ئاوی کۆگاکراوی عێراقیش لە 27 بۆ 17 ملیار لیتر سێجا کەمبووەتەوە.
عەلی حەبیب مەعمووری دەڵێت، ئاوی خواردنەوەی ماڵان بە تەواوی کۆگاکراوە، لەگەڵ دابینکردنی ئاو بۆ ئاودانی 600 هەزار دۆنم زەوی و بەروبوومەکان و ملیۆنێک دۆنمی بێستانەکان.
ئەو بەرپرسەی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو ئاماژەی بەوەکردووە، بە پڕبوونەوەی بەنداوی ئەلیسۆ، قەیرانی ئاو کۆتاییدێت، ماوەکەشی لەنێوان ساڵێک بۆ ساڵ و نیوێک دەخەمڵێنرێت. هەرکاتێکیش ئاوی باران لە تورکیا زیادبوو، ئەوا ماوەکەی کەمدەبێتەوە.
مەعمووری ئاشکرایدەکات، کەمبوونەوەی ئێستای ئاوی رووباری دیجلە، بەهۆی پڕکردنەوەی ئاوی بەنداوی ئەلیسۆ نییە، بەڵکو بەهۆی رێوشوێنەکانی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانە بۆ کۆگاکردنی ئاوی بەنداوی موسڵ.[1]
2018-06-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
وڵات: IQ ئێراق

🗺 وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 🖋ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 04-06-2018
کاتی تۆمارکردن: 04-06-2018 11:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 20
## ئەمنستی: داعش زیانی گەورەی بە ژێرخانی کشتوکاڵی شنگال گەیاندووە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181213232799046
رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ دەڵێت، داعش لە شنگال زیانی گەورەی بە کەرتی کشتوکاڵی شنگال و دەوروبەری گەیاندووە، بەئەنقەست ناوچەکان وێرانکران بۆ ئەوەی کوردانی ئێزدی نەگەڕێنەوە ناوچەکانیان.
ریچارد پیرسهاوز، راوێژکاری قەیرانە گەورەکان لە رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ (لێبووردنی نێودەوڵەتی) رایگەیاند، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەردەکەوێت داعش بەمەبەست وێرانکاری لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری شنگال ئەنجامداوە، زیانەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کاریگەرییان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئێزدییەکان دەمێنێتەوە.
بەپێی راپۆرتەکەی ئەمنستی، هەزاران جووتیار و ئاژەڵدار ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان چونکە داعش ژێرخانی کشتوکاڵی ناوچەکانی تێکداون، بەجۆرێک ئەو کەلوپەلانەی بەسوودبوون بردوویانن بۆ خۆیان و ئەوانەشی نەبراون شکاندوویانن و لەکاریانخستوون.
لەماوەی رابردوودا تیمەکانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ چەند ناوچەیەکیان لە دەوروبەری شنگال بەسەرکردووەتەوە، چاوپێکەوتنیشیان لەگەڵ 69 کەس ئەنجامداوە کە 44 کەسیان پێشتر لە ناوچەکە جووتیار بوون. سەرجەمیان باسیان لەوەکردووە کە زەوییەکانیان چیدیکە بە کەڵکی کشتوکاڵ نایێن و کشتوکاڵ لە ناوچەکە بەشێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردووە.[1]
2018-12-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏵 تایبەتمەندییەکانی ژینگە: 👎 تێکدانی ژینگە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 🐎 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 13-12-2018
کاتی تۆمارکردن: 13-12-2018 1:23:27 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 21

## ئەنجومەنی سبز اندیشان جوانی مەهاباد پشتیوانیی لە ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان کرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20181230120217181978

ئاژانسی کوردپا: ئەنجومەنی سبز اندیشان جوانی مەهاباد سەبارەت بە پێشگرتن لە چالاکییەکانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە.
بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پاش پێشگیری لە چالاکییەکانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان، ئەنجومەنی سبز اندیشان جوانی مەهاباد بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک پشتیوانیی لەم ئەنجومەنە کرد.
لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: لە ماوەی ڕابردوودا، بە سەرنجدان بە کێشە ژینگەییەکانی ناوچە و وڵات بە هۆی هۆکارە ئێکۆلۆژیک و مرۆییەکانەوە، ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان دڵەڕاوکێی پارێزگاری لە سروشتیان هەبووە و لەم پێناوەدا لە هیچ هەوڵێک درێغیان نەکردووە و تووشی کێشەی زۆر بوونە. لەم دۆخەدا، چالاکی نەکردنی ئەنجومەنی ژینگەپارێزی و گوشارە دەرەکییەکان بۆ سەر ئەندامان دەتوانێ کێشە و دڵەڕاوکێ ئەو کەسانە چەند قات زیاتر بکاتەوە کە بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە چاوەڕوانییەک، سامانە مادی و دەروونییەکانی خۆیان بۆ سروشت تەرخان کردووە.
ئەنجومەنی سبز اندیشان جوانی مەهاباد لەم ڕاگەیەندراوەدا ڕایگەیاندووە: هەر لەم پێناوەدا پێشگرتن لە چالاکییەکانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان بووەتە هۆی نیگەرانی ئێمە و چاوەڕوان دەکرێت کە بەرپرسانی بەڕێزی ئەم شارە بە سەرنجدان بە چالاکییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ئەم ئەنجومەنە و پێویستیی پشتگیری لە ناوەندە خەڵکییەکان لە پێناو گەشەی کۆمەڵگادا و بۆ چارەسەرکردنی لەمپەرەکان هەنگاو هەڵبگرن کە لە چوارچێوەی یاسادا، مۆڵەتی پێویست بۆ درێژەدانی چالاکییەکانی ئەنجومەنی وڵات پەسەند بکرێت.
ماوەیەکی پێش، کۆڕی گشتیی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان لە ڕاگەیەندراوێکدا، باسی لە گوشارەکانی فەرمانداری و شارەداریی ئەم شارە بۆ پێشگرتن لە چالاکییەکانی ئەم ئەنجومەنە کرد.
ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان لەم ڕاگەیەندراوەدا وتوویەتی: بە پێێ ڕاگەیەندراوی پێشووی ئەم ئەنجومەنە لە هەمبەر گوشارە ئۆتۆماتیکەکانی فەرمانداری و شارەداری بۆ داخستنی دەفتەری کاری ئەنجومەن، جارێکی دیکە ڕایدەگەیێنین کە ئەگەر لە لایەن ناوەندە کۆمەڵایەتی و خەڵکییەکانەوە بە شێوەیەکی یەکگرتوو، پشتیوانیمان لێ نەکرێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەمانسڕنەوە.[1]
27-12-2018

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🌳 تایبەتمەندییەکانی ژینگە: 📗 هۆشیاریی ژینگە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد
🗺 وڵات: ⇥ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 29-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-30 12:02:17 PM

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

بابەت: 22

## باخچەکانی سلێمانی 400 دۆسیەی یاساییان هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180810143458104549

بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی، هۆشداریی لەبارەی چارەنووسی درەخت و نەمامەکانی سلێمانی دەدات کە ڕەنگە بەهۆی گەرما و کەمئاوی لە ماوەی مانگێکی دیکەدا بەشێکیان وشک ببن، ئەگەر حکومەت بەهانایانەوە نەچێت. بەرپرسی بەشی یاسایی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش، موەلیدە بازرگانییەکانی دابینکردنی کارەبای گەڕەکەکان بە بکوژی سەوزایی ناو شار دەزانێ.
لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە، کامەران حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی داوای دامەزراندنی چەند کەسێک دەکات وەک شۆفێری تانکەرەکانی ئاو و کارگوزاریی باخچە و بلوارەکانی سلێمانی، بەڵام چاوەڕوانی ئەو هێندە درێژەی کێشاوە کە بەشێکی زۆر لە درەخت و نەمامەکانی سلێمانی لە تینووان زەردهەڵگەڕاون ئەگەر تاوەکو مانگێکی دیکە ئەوەمان بۆ جێبەجێ نەکەن، ئیدی پێویستمان نابێ، چونکە وشک دەبن.
بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی 40 تانکەری هەیە بۆ ئاودانی باخچەکان، بەڵام حەوت تانکەریان بەهۆی خانەنشینبوونی خاوەنەکانیان لەکارکردن وەستاون، کامەران دەڵێت: پێویستم بە 91 کارمەند و کارگوزار هەیە، چونکە زیاتر لە 100 کارمەندمان خانەنشین بوون.
ئێستا 374 بلوار و 340 باخچە و دوو پارکی گەورە لە سلێمانی هەن، بەوجۆرەش ڕێژەی سەوزایی لە شارەکەدا گەیشتووەتە 18%.
بەڵام وەک کامەران حەمە ساڵح دەڵێت، ئەو ڕێژە زۆرەی سەوزایی لە سلێمانی تەنیا بەهۆی پرۆژەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت گەشەی نەکردووە، خەڵکیش لای خۆیانەوە بەشدارییەکی کاریگەرییان هەبووە لە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی.
هەندێک لە باخچەکان بیریان تێدایە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مۆتۆڕی ئاوی بیرەکان سووتاون و خەڵک لەسەر ئەرکی خۆی دەیانکرێتەوە لە زەرگەتە و سەرچنار و پارکی ئازادی، زیاتر لە 5 مۆتۆڕی ئاو سووتاون و خەڵک لەسەر ئەرکی خۆیان کڕیویاننەتەوە. کامەران وادەڵێت.
بەڵام هەر خەڵکیش بوونەتە کێشە بۆ سەوزایی و درەختەکان. ئاسوودە عەبدوڵڵا، بەرپرسی بەشی یاسایی باخچەکانی سلێمانی، دەڵێ خەڵک فێربوون درەخت و نەمامی نێو باخچەکان دەشکێنن یان دەیسووتێنن. ئاسوودە دەڵێت کەسانێکمان بینیوە لەناو پارک و باخچەکان، درەختیان سووتاندووە، کاتێک لێمان پرسیوە بۆ دەیسووتێنی، گوتوویەتی دەیکەم بە خەڵووز و گۆشتی پێ دەبرژێنین.
گوتیشی: ئێستا 400 سکاڵا هەیە لەسەر درەخت و نەمامەکان بەبێ ئەوەی یەک کەس درابێتە دادگا، بەداخەوە کەس گوێمان لێناگرێ.
لە 10 ساڵی ڕابردوودا، 2 ملیۆن و 500 هەزار نەمام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانییەوە چێندراون. لەو 19 هەزار نەمامەی لە ئەزمڕ و گۆیژە چێندران، 5000 یان بەهۆی کەمئاوییەوە وشک بوون. لە ساڵی 2016شدا 2000 نەمام بەهەمان هۆکار لەناوچوون. کامەران حەمەساڵح، دەڵێ ئەگەر بە کۆڵیش نەمام و درەختەکانمان ئاودابێت، لێناگەڕێین وشک ببن، بەڵام خۆ ڕەوا نییە من تاوەکو ئێستا وەزیری شارەوانیم نەبینیوە، ناشزانم ڕەنگی چۆنە.
داواکاری گشتی سلێمانی لە دادگا سکاڵایەکی دژی بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی تۆمار کردووە. سکاڵاکە دوای ئەوە هات کە ڕێگە درابوو بە کەسێک بیرێکی ئاو نۆژەن بکاتەوە و لە بەرامبەردا بەشێک لە ئاوەکەی بەکاربهێنێ بۆ پرۆژەیەکی خۆی و باخچەکانی سلێمانیش بەشێک لە ئاوەکەی بۆ ئاودانی بلوارەکان تەرخان بکات. کامەران حەمەساڵح دەڵێ ئەگەرچی دەزانم سکاڵاکە یاساییە، بەڵام ئەوکەسە سەرۆکی شارەوانی ڕێگەی پێداوە و پاشان ئەو بیرە ئێمە 33 هەزار نەمامەمان پێ ئاو داوە و لە پێناوی چارەنووسی

سەوزایی سلێمانی بووە.
بەشێک لە موەلیدە بازرگانییەکان لەنێو پارک و باخچەی گەڕەکەکاندان. ئەمە ئەو دیمەنەیە کە بەرپرس و فەرمانبەرانی باخچەکانی سلێمانی تەواو نیگەران کردووە موەلیدەی وا هەیە زیانی 9 ملیۆن دیناری لە درەخت و سەوزایی داوە. ئاسوودە عەبدوڵلا، زۆرتر بەداخە بۆ ئەوەی کەس گوێ لە سکاڵاکانیان ناگرێ.
لەساڵانی رابردوودا، بەردەوام باخچەکانی سلێمانی بیرۆکەی نوێی هەبووە بۆ ئەوەی خەڵک بەشدار بن لە فراوانکردنی رێژەی سەوزایی شارەکە. نوێترین بیرۆکەش کە کامەران حەمەساڵح بۆ (رووداو)ی باس دەکات، ئەوەیە زانکۆکان لەگەڵیان رێکبکەون، ئەو خوێندکارانەی لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ وەردەگیرێن، یەکەمین رۆژی چوونە زانکۆ، نەمامێکیان پێ بکرێ و بیچێنن. لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی سلێمانی باسی ئەو بیرۆکەیەمان کردووە و تەنانەت ئەو رۆژەش کە بڕوانامەی زانکۆ وەردەگرێ، دیسان نەمامێک بچێنێ، بەو شێوەیە ساڵانە 100 هەزار نەمام لە سلێمانی زیاد دەبێ و ژینگەیەکی باشتر و گونجاوترمان دەبێت.[1]
2018-08-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-10 2:34:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 23
## باشماخ: زیاتر لە 100 تەنکەر بەنزین رەوانەی ئێران کرانەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170923123815102273
دوارۆژ، رێبین حەسەن
تەنیا لەماوەی سێ هەفتەی ئەم مانگەدا، 116 تەنکەر بەنزین بەهۆی خراپی و نەشیاوی بۆ بەکارهێنان و دوای دەرنەچوون لەپشکنین، لەرێگەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە رەوانەی ئێران کراونەتەوە.
ئەزوەر مەحمود، سەرپەرشتیاری مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ بە دوارۆژی راگەیاند، بەهۆی توندکردنەوەی رێوشوێنەکانی هاوردەکردنی سوتەمەنی و جێبەجێکردنی رێنماییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کە تایبەتن بە هاوردەکردنی بەنزین، دوای ئەوەی لەماوەی رابردوودا ژمارەیەک تەنکەر کە برێکی زۆر بەنزینی ئێرانیان پێبوو هێنرانە مەرزەکەمان، نموونەیان لێوەگیرا بۆ پشکنین لەلایەن بنکەی تاقیگەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە.
وتیشی رۆژانە چەندین تانکەری سوتەمەنی دەگەڕێنینەوە بۆ ئێران، کە سوتەمەنی کوالیتی نزمییان هاوردەکردووە، هەر بۆیە تەنها لەماوەی سێ هەفتەی رابردوودا، (116) تانکەر بەنزین دەستی بەسەرداگیراوە، کە لەتاقیگەدا دەرنەچوون.
سەرپەرشتیاری مەرزی باشماخ روونیشیکردەوە، هۆکاری گەڕاندنەوەیان بۆ وڵاتی سەرچاوە کە ئێرانە پەیوەندی هەیە بەوە کە بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندییانە نەبوون، کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە دیاریکراون، بۆیە هەموویان بە سێ قۆناغ

ڕەوانەی ئێران کرانەوە.[1]
2017-09-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری و نەوت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-23
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-23 12:38:15 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 24
## بودجە بۆ تەواوکردنی ژمارەیەک بەنداو تەرخانکراوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180426125017103849
ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرایدەکات، بەهۆی باشبوونی باری دارایی، حکومەتی هەرێم بودجەیەکی بۆ تەواوکردنی ژمارەیەک بەنداو تەرخانکردوە.
بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، 17 بەنداوی بچووک و گەورە و مامناوەندی هەیە لەگەڵ زیاتر لە 97 بۆند، لەکاتێکدا ژمارەیەک بەنداو و بۆندەکان لەژێر دیزاین و تەواوکردندان.
خەڵەف ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دوارۆژ ئەوەدەخاتەڕوو، بەهۆی باشبوونی باری دارایی هەرێم و ناردنی پارە لە لایەن بەغداوە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی تەواوکردنی کارەکانی ژمارەیەک بەنداو، بودجەی پێویستی تەرخانکردووە.
ئەوەشی خستەڕوو، بەمەبەستی گلدانەوەی ئاوی زیاتر و دوورکەوتنەوە لە مەترسییەکانی داهاتوو، پێویستە بەزووترین کات دەستبکرێت بە تەواوکردنی سێ بەنداوی گەورە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر کە لە ئێستادا لەژێر کارکردندایە، هەربۆیە تەواوکردنی ئە و بەنداوانەش لە ئەولەویەتی کارەکانی حکومەت دەبێت و بودجەشی بۆ تەرخانکراوە.
بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو، ئاشکرایدەکات، بۆئەوەی هەرێمی کوردستان ئاسایشی ئاو بۆ نەوەکانی داهاتووش پارێزراوبکات، پێویستی بە دروستکردنی زیاتری بەنداوی گەورە و بچووک و مامناوەند هەیە.
ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشی بەنداو و کۆگاکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە دوارۆژی ڕاگەیاند لەئێستادا لە هەرێمی کوردستان تەنها 17 بەنداوی بچووک و گەورە و مامناوەندی هەیە لەگەڵ زیاتر لە 97 بۆند، لەکاتێکدا دەبووایە ژمارەی بەنداو و بۆندەکان زیاتر بووایە لە 500.[1]
2018-04-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 26-04-2018
کاتی تۆمارکردن: 26-04-2018 12:50:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 25
## بۆ پاککردنەوەی کەرکوک پارە لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت و شارەکەش پاک ناکرێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170823090522101897
ڕۆژنیوز، ڕێباز سەباح
هاوڵاتیانی شاری کەرکوک نیگەرانن لەوەی کە لە شارەکەیان مانگانە بڕی سێ هەزار دینار دەدەن بۆ پاککردنەوەی شار و شارەکەشیان وەکو پێویست پاک ناکرێتەوە، شارەوانیش ئاشکرای دەکات پارەیەی کۆکۆکراوەی یەک مانگی هاوڵاتیان، کرێی پانزە ڕۆژی کۆمپانیای پاککەرەوەیە.
شارەوانی کەرکوک، لەگەڵ هەر ئەمپێرێکی کرێی کارەبای موەلیدە، بڕی هەزار دینار لە هاوڵاتیانی کەرکوک وەردەگرێت بە مەبەستی پاککردنەوەی شار، بەڵام شەقامەکانی شاری کەرکوک وەکو پێویست پاک ناکرێنەوە، هەر شەقامێکی شار زبڵدانێکە بۆخۆی.
مەریوان عوسمان وەک پێشمەرگەیەک بۆ رۆژنیوز وتی:ئەوە شەقامەکانمانە بەچاوی خۆتان دەیبینن، کەچی لەگەڵ هەر ئەمپێرێک کارەبای مولیدە هەزاردینارمان لێدەسەنن بۆ شارەوانی، تاکو ئێستا هیچ خزمەت گوزارییەکیش نەکراوە بۆ گەڕەکەکەمان، جگەلەوەش مولیدەکانیش بەپێی پێویست کارەبامان نادەنێ.
زرار خورشید هاوڵاتییەکی تری شارەکەیە بۆ ڕۆژنیوز وتی:ئێمە شارەوانی سێ هەزارمان لێ وەردەگرێت بۆ پاککردنەوەی ناو شار، کەچی شاریش پاک ناکرێتەوە، بەڕاستی ئەمە حاڵ و گوزەران نییە ئێمە تێیدا دەژین، ئۆتۆمبێلی خۆڵەکە دێ سەرێک دەدەن و دەڕۆن، وەکو پێویست کارەکانیان ڕاناپەڕێنن، بەڕاستی ئەم گەڕەکەی ئێمە زۆر پشتگوێ خراوە و پێویستی بە خزمەتگوزارییە.
زرار خورشید وتیشی:وەک ئەوەی ئەو بڕە پارەیەمان لێ وەردەگرن، داواکارم لە شارەوانی ئیشەکانیان بە ڕێکوپێکی بەڕێوەببەن، سەردانی ناو کۆڵانەکان بکەن و بەچاوی خۆیان بارودۆخەکە ببینن.
سەردار عەلی، بەڕێوبەری شارەوانی کەرکوکن لەسەر ئەو پرسە بۆ ڕۆژنیوز وتی:دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی 2013 ەوە بودجەی شارەوانی نەما، کە پاککردنەوەی شار لەسەر ئەو بودجەیە بوو، حکومەت هیچ بڕە پارەیەک نانێرێت و پاککردنەوەی شاریش وەک پرۆژەیەکی تر نییە بوەستێندرێت، بۆیە بیرمان کردەوە چ شتێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی پاککردنەوەی شار بەردەوام بێت، ئەو بودجەیە دابین بکەین، ئەوەبوو لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگای شارەکەوە بڕیار درا هەر ماڵەو بڕی سێ هەزار دیناری لێ وەربگیرێت لە گەڵ پارەی مولیدەکان، بۆ ئەوەی هەمووکەسێک بیدات بێ جیاوازی.
سەردار عەلی وتیشی:ئەم پارەیە کە کۆ دەکرێتەوە تەنانەت ناکاتە نیوەی ئەو پارەیەی کە گرێبەستمان پێکردووە لە گەڵ کۆمپانیاکە، چونکە گرێبەستەکەمان 850 ملیون دینارە بۆ هەر مانگێک، بەڵام ئەو پارەیەی کە کۆی دەکەینەوە تا ئێستا نەگێشتۆتە 400 ملیۆن، بەڵام هەر باشە و ئەتوانین شتێکی پێبکەین، ئیستا بیرمان لەوە کردوەتەوە لە دوکانە بازرگانییەکانیش ئەو بڕە پارەیە وەربگرین، بۆ ئەوەی بتوانین بڕی پارەکە بەشی گرێبەستەکە بکات و ئەو کێشەیەمان نەمێنێت، چونکە تا ئیستا نزیکی 8 مانگ قەرزاری ئەو کۆمپانیایەن.

لەسەر چۆنییەتی خەرجکردنی پارەکە، سەردار عەلی وتی:لە پارێزگای کەرکوک حیسابی تایبەتی بۆ کراوەتەوە و پارەکە دەچێتە ئەوێ، بەپێی ئەو سلفانەی ئێمە پێشکەشی دەکەین سەرف دەکرێت.
سەردار عەلی وتیشی:ئێمە نالێین هیچ کەموکوری نییە، بەڵام وەک ئەوەش نییە وازمان لە پاککردنەوەی شار هێنابێت، هەندێک کۆڵان هەیە رێی سەیارەی نییە، بۆیە ئێمە لەسەری ئەوکۆڵانانە شوێنی فرێدانی خۆڵمان بۆیان داناوە، بەڵام رەنگە نەیانگەیاندبێتە هەندێک شوێن وەک پێویست، بۆیە خۆڵ و خاشاک کۆدەبێتەوە خەڵکەکەش هاوکارمانن وکێشە رووینەداوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەندێک جار ئۆتۆمبێل تێکدەچێت یان چەند رۆژێک پشوو دەبێت، بۆیە بەو هۆکارانە هەندێک جار خۆڵ و خاشاک کۆدەبێتەوە، بۆیە دەستبەجێ تیمەکانمان سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن و ئەوکێشانە چارەسەر دەکەن و پاکی دەکەنەوە.
لەگەڵ ئەوەی کە شاری کەرکوک بە شاری زێری رەش ناسراوە و یەکێکە لە شارە نەوتییەکانی جیهان، رۆژانە زیاتر لە 500 هەزار بەرمیل نەوت لە بیرەتەوتییەکانی ئەو شارە دەفرۆشرێت و بەپێی دەستوور و یاسای پترۆدۆلار، پێویستە بۆ هەر بەرمیلێک دۆلارێک بدرێتە پارێزگاری کەرکوک، لەگەڵ ئەوەشدا کەرکوک پیسترین شاری عێراقە و هەریەک لە گەرەکەکانی بوەتە زبڵدانێک بۆخۆی.[1]
2017-08-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 23-08-2017
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-23 9:05:22 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 26

**بۆردوومان و تۆپبارانەکان زیانی بە ژینگەی هەرێمی کوردستان گەیاندووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180613203833104233

بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی لە سیمینارێکدا لەبارەی زیانەکانی ئاگرکەوتنەوە لەسەر ژینگە ئاشکرایدەکات، کە بۆردوومان و تۆپبارانەکانی تورکیا و ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، زیانی بە ژینگەی هەرێم گەیاندووە.
پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە هۆڵی قائیمقامیەتی قەزای مەرکەزیی هەڵەبجە، لەمیانەی چالاکییەکانی رۆژنی جیهانید ژینگەدا، هەردوو رێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە و رێکخراوی نوێ بۆ مافەکانی مرۆڤ، سیمینارێکیان لەسەر زیانەکانی ئاگرکەوتنەوە لەسەر ژینگە بۆ دارا حەسەن، بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی رێکخست.
دارا حەسەن، لە سەرەتای سیمینارەکەدا باسی لە زیانەکان کرد و وتی: ئەو زیانانەی کە بەهۆی ئاگرەوە بەر ژینگە دەکەوێت، لە دوو لایەنی سەرەکییدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتین لە ئابووریی و خاک، بەشێوەیەک دەبێتە هۆی لەناوبردنی دارستانەکان و

گژوگیای لەوەڕاندن و پزیشکیی و بەهەدەردانی تووانای ماددیی و مرۆیی لە ئەنجامی کوژاندنەوەی ئاگرەکان.
هەروەها، وتیشی: مەترسییەکانی لەسەر خاکیش دەبێتە هۆی لەناوبردنی ڕووپۆشی ڕووەکیی، کە کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر پێکهاتەی خاک، لەگەڵ ڕوودانی ڕامالین و دامالینی خاک، کە دواتر هیچ کشتوکاڵێک ناکرێت بەبێ بوونی ئەو خاک و خۆڵە، لەگەڵ ئەوانەشدا کاریگەری لەسەر دیمەن و ئاوهەوای شوێنەکە و لەسەر گیانەوەرە جۆراوجۆرەکان و ئاوی ژێرزەوی و پیسبوونی هەوا دادەنێت.
بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی، ئەوەشی خستەڕوو، کە وڵاتانی دراوسێمان بەتایبەت ئێران و تورکیا لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بەهۆی تۆپبارانەکانیان لەناوچە سنورییەکان، زیانێکی زۆریان بە ژینگە و پووش و پاوانی هەرێمی کوردستان گەیاندووە.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی، کۆی گشتیی ڕووبەری سوتاوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010 تا 2014 نزیکەی 400 هەزار دۆنم بووە، کە زۆرترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە، کە 299 هەزار و 936 دۆنم بووە.[1]
2018-06-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و ڕاپرسی: تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-13 8:38:33 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 27

**بێ ئاگا و بەمەبەست ئاگر لە ژینگەی هەرێم بەردەدرێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180719112040104354



سوتاندنی دار لە وەرزی سەرمادا بۆ خۆ گەرمکردنەوە و ئاگرتێبەردانی دارستان و پاوانەکان لە وەرزی هاویندا بێ ئاگا و بەمەبەست، مەترسیی لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان دروستکردووە و ژینگەپارێزانیش داوا لە هاوڵاتیان دەکەن ژینگە بپارێزن و نەیخەنە قەیرانەوە.
هەموو ساڵێک لە وەرزی گەرمادا، زۆرترین ڕۆژەکان دەبیستین، کە ئاگر لە دارستان یان پوش و پاوانی هەرێمی کوردستان بەربووە، ئەو ئاگرکەوتنەوانە هەندێک جار بەهۆی ناهۆشیاریی هاوڵاتی و هەندێک جاریش بەمەبەست بەهۆی تۆپباران و بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک و ئێرانەوە ڕوودەدەن.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی سلێمانی لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ڕووبەری دارستانی سروشتیی بەپێی کۆتا ئامار یەک ملیۆن و607 هەزار و 114 دۆنمە، هەروەها ڕووبەری دارستانی دەستکرد، کە بەڕێوەبەرایەتی دارستانی سلێمانی دروستیکردوە نزیکەی 16 هەزار و 100 دۆنمە.
بەڕێوبەرایەتییەکە ئاماری سوتانی دارستان و پاوانی لە ئەمساڵدا ئامادە نەکردووە، بەڵام لە ساڵی 2017دا لە سنووری پارێزگای سلێمانی 11هەزار و 783 دۆنم دارستانی سروشتیی و 145هەزار و 73 دار-ی دارستانی دەستکرد سوتاون، هەروەها نزیکی 4 هەزار دۆنمی پاوان سوتاوە.
عەبدوڵا ئەحمەد، بەڕێوبەری دارستان و پاوانی سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنیوز، ئاماژەی بە هۆکاری سەرەکیی ئاگرکەوتنەوەی ناو دارستانەکان کرد و وتی: فڕێدانی جگەرە بە داگیرساویی، خەڵوزی نێرگەلە و چەرخ هۆکاری سەرەکیین.
عەبدوڵا، پاراستنی دارستانەکان بە ئەرکی هەموو تاکێک دەزانێت و هۆشدارییشی دا، کە ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا دەگیرێتە بەر، کە بە ئاگردنەوە تاوانبار دەکرێن.
لەبارەی سزای سەرپێچیکارانەوە، ناوبراو، وتی: بەپێی یاسا ژامرە دووی ساڵی 2013ی هەرێمی کوردستان، هەموو ئاگرکردنەوەیەک دەبێت 200 مەتر لە دارستانەکانەوە دووربێت، بەپێچەوانەوە سەرپێچیکار سزای خۆی وەردەگرێت، سزاکانیش بریتین لە سزادانی ماددیی، کە لە ملیۆنێک دینارەوە دەستپێدەکات، هەروەها دەستگیرکردن کە شەش مانگ دەبێت.
سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێکاری دیکە بۆ ڕێگریکردن لە سوتانی زیاتری دارستانەکان، عەبدوڵا ئەحمەد، وتی: ساڵانە بۆ دارستانە دەستکردەکان تەلی ئاگربڕ دادەنێین، بەڵام قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر بەڕێوبەرایەتییەکەی ئێمەش هەبووە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانمان، ئەمساڵ ڕیکخراوێکی ئەڵمانی کۆمەڵێک کرێکاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی دارستانەکانی سلێمانی دابین کردووە، کە ئێستا تەلی ئاگربڕ اددەنێن.
ژینگەی هەرێمی کوردستان تەنیا لە هاویندا مەترسیی لەسەر نییە، بەڵکو لە زستانیشدا بەهۆی دابەشنەکردنی نەوت و نەبوونی کارەبای پێویست لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، هاوڵاتیانی ناوچە کوێستانییەکان تایبەت لە گوندەکاندا، بۆ خۆ گەرمکردنەوە دار دەبڕن و دەیسوتێنن، وەک خۆیان باسی دەکەن، ئەوان لە ناچارییدا ئەو کارە دەکەن، بەڵام جارێکی دیکە ژینگەی هەرێم تێکدەدەن.
تریفە عەلی، هاوسەرۆکی نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان لە سلێمانی بە ڕۆژنیوزی وت: بەهۆی نەمانی گوڵ و درەخت، ژینگە کەوتووەتە قەیرانەوە، بۆیە پێویستە هەر تاکێک هۆشیاریی ئەوەی هەبێت، کە ژینگە بپارێزێت و ڕووبەری سەوزایی زیاد بکات و نەمام و دار بچێنێت و ئاگر لە ژینگە و دارستانەکان بەرنەدات.[1]
2018-07-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 19-07-2018
کاتی تۆمارکردن: 19-07-2018 11:20:40 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 28
**بێتواتە.. وەزیری کشتووکاڵ 150 هەزار پەنجە ماسی خستە نێو بەنداوی سەروچاوەوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170816195618142274



وەزیری کشتوکاڵ 150 هەزار پەنجە ماسی خستە نێو بەنەداوی سەروچاوە لە شارەدێی بێتواتە.
لە میانی هەوڵەکانی بۆ بەرەو پێشبردنی سامانی ماسی لە هەرێمی کوردستان، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە یاوەری وەفدێکی وەزارەتەکەی سەردانیشارەدێی بێتواتەی کردو 150 هەزار پەنجەماسی جۆری (کارپ) خستە نێو بەنداوەکەوە.
لە لێدوانێکیشیدا داوای لە هاووڵاتیان کرد پارێزگاری لە و سامانە بکەن و یاساشکێنی نەکەن لە ڕاوکردنی ماسیدا.
ماڵپەڕی پەیمان تیڤی: 16-08-2017


تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام تیڤی
کاتی تۆمارکردن: 16-08-2017 7:56:18 PM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 29
**بێدەنگیی بەرپرسانی حکوومەتی لەهەمبەر بڕینی دارستانەکانی گوندەکانی مەریوان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181110105034100077



بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا و بۆ سێهەمین جار، بە شێوەیەکی نایاسایی کەس یان کەسانێکی هەلپەرەست، دەستیان بە بڕینی دارستانەکانی گوندەکانی گاگل، باشماخ و چەنارە کردووە.
بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە ماوەی 8 مانگی ڕابردوودا، ئەمە سێهەمین کەرەتە کەسانێکی نەناسراو بە شێوەیەکی نەشیاو دەستیان بە بڕینی دارەکانی ئەو سێ گوندە کردووە و لایەنە پەیوەندییدارەکانیش بێدەنگیان هەڵبژاردووە.
بە وتەی ئەو سەرچاوەیە، نارەزایەتی و سکاڵای هاووڵاتییانی ئەو سێ گوندە، لە ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ پێشگرتن لەو رەوتە، هەتا ئێستا بێ ئاکام ماوەتەوە و هیچ بەرپرسێکی حکوومەتی لەو شارە وڵامدەر نییە.
پێشتریش، کەسانێکی هەلپەرەست و بەرژەوەندیخواز، لە گوندی کانی جەژنی شاری سەقز، بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان نزیکەی 100 دار لە دارستانەکانی ئەو گوندەیان بڕیبوو.[1]
2018-11-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-10 10:50:34 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 30

## بە گوێرەی ئامارەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارەزوور لە ساڵی 2017دا 138 کەسی سەرپێچیکاری ژینگەیی دەستگیرکراون

https://www.kurdipedia.org/?q=20180113095817727785

ڕۆژنیوز - هاوکار مستەفا
بە گوێرەی ئامارەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارەزوور لە ساڵی ڕابردوودا 138 کەسی سەرپێچیکاری ژینگەیی دەستگیرکراون و ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە، بەمەش دەردەکەوێت بە بەراورد بە ساڵی 2016 ئامارەکە بەرزبووەتەوە.
ڕائید سەردار ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارەزوور ئاماری سەرپێچییە ژینگەییەکانی بۆ ڕۆژنیوز خستە ڕوو، کە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو تر سەر پێچییە ژینگەییەکان زیادیان کردووە.
سەردار ئەحمەد
بەپێی ئامارەکە، لە ساڵی ڕابردوودا توانیویانە 62 چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی سەرپێچی و دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی، کە بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ ژینگە و سروشتی ناوچەکەدا دەکەن، بەوهۆیشەوە

توانیومانە 138 کەسی سەرپێچیکار دەستگیر بکەن و ڕووبەڕووی دادگایان بکەنەوە.
ئامارەکە بە بەراورد بە ساڵی 2016 بەرزبووەتەوە، چونکە لەوساڵەدا نزیکەی 120 کەس دەستگیرکرابوون.
هەر لە ساڵی ڕابردوودا توانیویانە دەستبگرن بەسەر 24 چەکی جۆری تاپڕ و دوو چەکی جۆری بادی و 49 گوللەی تاپڕ، هەروەها دەستیشیان گرتووە بەسەر 17 ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر و دەیان ئامێر و کەرەستەی تایبەت بە بڕینەوەی دار دروخت و ئامێری تایبەت بە جۆرەکانی ڕاووکردن.
لە ئامارەکەدا، ئاماژە بەوەش کراوە، کە دەستیان بەسەر 39 باڵندەی زیندووی کێویدا گرتووە و بەبڕیاری دادوەر بەرەڵاکراون، هاوکات دەستیشیان گرتووە بەسەر 56 باڵندەی کێوی و 139 ماسی ڕاوکراودا و 37 تۆڕی ماسی گرتندا.[1]
2018-01-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-13 9:58:17 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 31
## بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ژینگەی پێنجوێن تێکدەدات
https://www.kurdipedia.org/?q=20171011125005102406
ڕۆژنیوز، هاوکار مستەفا
بەهۆی بڕینی داری دارستانەکانی پێنجوێنەوە خەریکە ژینگەی ناوچەکە تێکدەچێت، هاوڵاتیانیش نیگەرانن و دەڵێن، کە بەهۆی بەرزی نرخی نەوتەوە پەنا بۆ بڕینەوەی دار دەبەن، قائیمقامی شارۆچکەکەش دەڵێت: داوامان لە پارێزگاری سلێمانی کردووە، بۆ دابینکردنی نەوتی پێویست، بەڵام وەڵامیان نەداوینەتەوە.
لە شارۆچکەی پێنجوێنی سەر بە شاری سلێمانی، کە ناوچەیەکی شاخاوییە و زستانێکی زۆر ساردی هەیە، هاوڵاتیان دەستیان بە بڕینەوەی داری دارستەنەکان کردووە، بۆ ئەوەی لە وەرزی زستان-دا خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە.
هێمن محەمەد، هاوڵاتییەکی شارۆچکەی پێنجوێن بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:بەهۆی گرانی نرخی سوتەمەنی لە بازاڕەکاندا و هەروەها دابین نەکردنی بڕی پێویستی نەوت بۆ هاوڵاتیان، ساڵانە لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرمادا، بە ناچاری ڕوو لە دارستانەکان دەکەین بۆ دابینکردنی دار و بەکارهێنانی سۆپای دار.
سەبارەت بەو زیانەی، کە بەهۆی بڕینەوەی دارەوە بە ژینگەی ناوچەکە دەگەیەندرێت، ناوبراو، وتی: ئەگەر حکومەت سوتەمەنی دابین بکردایە خەڵک ناچار نەدەبوو دەست بکات بە بڕینەوەی دار، لە ناوچەیەکی وەکو پێنجوێن بەرمیلێک نەوت بەشی 15 ڕۆژی ماڵێک ناکات، هاوڵاتی ناتوانێت 160 هەزار دینار بدات بە بەرمیلێک نەوت.
خەندە سەردار، هاوڵاتییەکی تری دانیشتووی شارۆچکەی پێنجوێن، نیگەرانی خۆی نیشاندا لە وێرانکردنی ژینگەی سنوورەکە و

وتی: له وەرزی هاویندا بەهۆی ئاگر کەوتنەوەوە، دارستانەکانی سنورەکە بەشێکی زۆریان لەناو دەچن، لەگەڵ هاتنی وەرزی زستانیشدا بەهۆی برینەوەی دارەکانەوە لە لایەن هاوڵاتیانەوە، جارێکی تر دارستانەکان دەکەونەوە ژێر هەڕەشەی لەناوچوون.
خەندە، وتیشی: لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ تایبەتمەندییەکیان بە ناوچەی پێنجوێن نەداوە، لە دابینکردنی سوتەمەنی بە بەراورد بەناوچەکانی تر، لە خوێندنگاکانیش هەمان کێشە هەیە و خوێندکار بە زەحمەت زستان بەڕێ دەکات.
لە بەرامبەردا، زانا ڕەحمان، قائیمقامی شارۆچکەی پێنجوێن بە ڕۆژنیوزی وت:بەهۆی جیاوازیی کەشوهەوای پێنجوێن و نزمبونەوەی زیاتری پلەکانی گەرماوە، ماوەی سێ مانگ لەمەوبەر بە نووسراوی فەرمی داوامان لە پارێزگاری سلێمانی کردووە، کە بری پێویست نەوت بۆ سنووری پێنجوێن دابین بکەن، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە، لە کاتێکدا ساڵانە بەلایەنی کەم هەر ماڵێک پێویستی بە سێ تا چوار بەرمیل نەوت دەبێت.
زانا، وتیشی: لە توانای هاوڵاتیاندا نییە کە بتوانن لەسەر ئەرکی خۆیان ئەو سوتەمەنییە دابین بکەن، بۆیە چارەسەرکردنی ئەو گرفتە تەنها بە دابینکردنی سوتەمەنی دەبێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ هاوڵاتیان.
قائیمقامی شارۆچکەی پێنجوێن ئەوەشی خستەڕوو، کە لە سنووری شارۆچکەی پێنجوێن 11 هەزار ماڵ بوونیان هەیە و وتی: ئەگەر بۆ هەر ماڵێکیش بری یەک بەرمیل نەوت دابین بکرێت، ئەوا پێویستیمان بە بری سێ ملیۆن لیتر نەوت دەبێت، بەڵام تا ئێستا دیار نییە ئاخۆ هیچ بڕێک دابین دەکرێت یاخود نا.
جێگای ئاماژەیە، نرخی نەوتی سپی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت و جیاوازیی هەیە، لەهەندێک ناوچە نرخی بەرمیلێک نەوت 160 هەزارە، لە هەندێن انوچەی دیکە 170 هەزار و 175 هەزار دینارە.[1]
2017-10-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: ئابووری و نەوت
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-10-11
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-11 12:50:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 32
**بەرزترین پلەی گەرمای ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170703130252140855



بەرزترین پلەی گەرمای 02-07-2017 ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان بەرزترین پلەی گەرمای ئەمرۆ یەکشەممەی 02-07-2017 ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی بڵاوکردەوە.
بەپێی کەشناسی بەرزترین پلە لە مەخمور و خەبات و دوزخورماتوو، کەلار، مەیدان، کەرکوک و خانەقین تۆمارکراوە کە 45 بۆ 49 پلەبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-03 1:02:52 PM


ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 33

## بەرهەمهێنانی کارەبا لە بەنداوی دەربەندیخان دوو هێندە زیادیکردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181212100156174288



بەهۆی ئەو شەپۆلە بارانبارینە چڕەی چەند رۆژی رابردوو هەرێمی کوردستانی گرتەوە، ئاستی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان دوو مەتر و نیو بەرزبووەتەوە، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمیش دەڵێت، بەرهەمهێنانی کارەبا لەو بەنداوە بۆ دوو هێندە زیادیکردوە، ئەوەش دەتوانرێت 30 خولەک پێدانی کارەبای نیشتیمانی پێزیادبکرێت.
ڕەحمان خانی، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان بۆ رۆژنیوز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، لە پێنج رۆژی رابردوودا لە سنوری شارۆچکەی دەربەندیخان 402 ملیم باران باریوە، بڕی ئەو ئاوەی هاتوەتە بەنداوی دەربەندیخانەوە 150 ملیۆن مەتر سێجا بووە، هەروەها بڕی 60 ملیۆن مەتر سێجا ئاویان بەرداوەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.
بەڕێوەبەری بەنداوەوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند، پێش بارانبارینەکەی ئەم دواییە، کە بووە هۆی ئەوەی دوو مەتر و نیو ئاستی ئاوی بەنداوەکە بەرزببێتەوە، رۆژانە 30 مێگاوات کارەبا لە بەنداوی دەربەندیخانەوە بەرهەم دەهات، بەڵام لە ئێستاد بەرزبوەتەوە بۆ 140 مێگاوات و بەردەوام لە زیادبوونیشدایە.
ئومید سەعید، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم، لەبارەی ئەو بڕە کارەبایەی لە بەنداوی دەربەندیخانەوە بەرهەم دەهێندرێت، بە رۆژنیوزی ڕاگەیاند، لە هەر شوێنێکی کوردستان کارەبا بەرهەم بهێندرێت، دەڕواتە نێو تۆڕی کارەبای نیشتیمانیەوە و بۆ هەموو ناوچەکان دەڕوات و وەک یەک دابەش دەکرێت.
بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد لە ئێستادا خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا 5500 مێگاوات کارەبایە، وتیشی:واتا ئە و ڕێژەیەی کارەبا لە بەنداوی دەربەندیخان بەرهەم دەهێندرێت، تەنها 30 خولەک کارەبا زیاد دەکات.
بەنداوی دەربەندیخان لە ساڵی 1961 دروستکراوە، کرۆکەکەی قوڕە و شانەکانی پڕکراوەی بەردە، بەرزیی بەنداوەکە 128 مەتر و درێژییەکەشی بە کەناڵەکانیەوە 535 مەترە، هەروەها پانییەکەی لە بنەوە 500 مەتر و لەسەرەوە 17 مەترە.[1]
2018-12-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
جۆری ئامار و راپرسی: بەرزبوونەوە
جۆری ئامار و راپرسی: ئابووری و نەوت
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-12 10:01:56 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 34

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی: هاوینی 2018 فێنکترە لە هاوینی2017

https://www.kurdipedia.org/?q=20180730111042984449

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، پلەکانی گەرمای مانگی تەمموزی پارساڵ بەراورد بە پلەکانی گەرمای مانگی تەمموزی ئەمساڵ گەرمتر بووە.
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان باس لە بەرزترین پلەی گەرما لە هەولێر، هەڵەبجە و کەرکوک دەکات لە هاوینی 2017 داکە 47 و 48 و 47 پلەی سیلیزی بوون، هەروەها لە کەلار 50 پلە، خەبات 50 پلە، خورماتوو 49 پلە و خانەقین 53 پلەی سیلیزی تۆمارکران.
بەڕێوەبەرایەتییەکە شاری هەولێری بە نموونە هێناوەتەوە و رایدەگەیێنێت، پارساڵ 17 رۆژ بەرزترین پلەکانی گەرما لە سەرووی 44 پلەی سیلیزی بووە، بەڵام ئەمساڵ تەنیا 5 رۆژ لە سەرووی 44 پلەی سیلیزی بووە و تەنیا یەک رۆژ پلەی گەرمای سەنتەری هەولێر گەیشتووەتە 46 پلەی سیلیزی، بەڵام پارساڵ چوار جار گەیشتووەتە 46 پلەی سیلیزی.[1]
2018-07-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 30-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2018 11:10:42 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 35

## بەشێک لە جووتیاران وازیان لە تۆوکردنی زەوییەکانیان هێناوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180124224413980 26

بەهۆی کەمی باران بارین لە وەرزی چاندنی ئەمساڵ، بەشێکی زۆری جووتیارانی هەرێمی کوردستان دەستیان لە تۆوکردنی زەوییەکانیان هەڵگرتووە، تاوەکو ئێستا هیچ ئامارێک تۆمارنەکراوە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ پێشبینی دەکات ئەمساڵ بە بەراورد بە ساڵی رابردوو رێژەی گەنم کەمبێتەوە.

گەشەکردنی دانەوێڵە پێویستی بە بارانی پاییزە، زستانە و بەهارەیە، ئەمساڵ رێژەی باران لە 50% کەمیکردووە، تاوەکو ئێستا لە هەولێر 337 ملیم باران باریووە، ئەمە لەکاتێکدایە ساڵانی رابردوو 400 تاوەکو 450 ملیم دەباری. بەهۆی کەمی بارانی پاییزە، نزیکەی یەک ملیۆن دۆنم زەوی نەکێڵدراون.

لە هەشت ساڵی رابردوو رووبەری چێندراوی گەنم ساڵ دوای ساڵ لەزیادبووندابووە، بەجۆرێک لە یەک ملیۆن و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 552 هەزار دۆنم زیادیکردووە، وەزارەتی کشتوکاڵ چاوەڕوان بوو ئەمساڵ لانیکەم سێ ملیۆن دۆنم زەوی بەگەنم بچێندرێ.

لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە سێ ملیۆن و 500 هەزار دۆنم زەوی چاندنی دانەوێڵە هەن، 500 هەزار دۆنم زەویان بەراون، ساڵی رابردوو یەک ملیۆن تۆن گەنمیان بەرهەم بووە، چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ تەنیا زەوییە بەراوەکان 400 هەزار تۆن گەنم بەرهەم بدەن.[1]

2018-01-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 24-01-2018 10:44:13 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 36

## بەهۆی بۆردوومانی ئێران 200 خێزانی ناوچە سنوورییەکان ئاوارەبوون

https://www.kurdipedia.org/?q=20180910092727669971

ماوەی هەفتەیەکە ئێران شەو و رۆژ بۆردوومانی دەڤەری باڵەکایەتی و برادۆست لە سنووری هەولێر دەکات، 200 خێزانی گوندەکان ئاوارەبوون و نزیکەی 250 دۆنم رەز و باخی خەڵک سووتاوە و تورکیاش بە فڕۆکە بۆردوومان دەکات.
ئێران لە بەرزاییەکانی دۆڵی مەیدان نزیک شنۆ تۆپخانەی داناوە، بە ناوی بوونی هێزەکانی حیزبی دیموکراتەوە گوند و مەزرای کشتوکاڵی جووتیارانی باشوور دەکاتە ئامانج.
لە ساڵی 1992ەوە تاوەکو ئێستا بە بۆردوومانی ئێران و تورکیا 650 گوندی ناوچە سنوورییەکانی دهۆک و هەولێر چۆڵکراوون، 250 هاونیشتمانیش گیانیانلەدەستداوە.
بەردەوامی تۆپبارانەکانی ئێران و بۆردوومانەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک 650 گوندیان چۆڵکردوە، 250 هاونیشتمانیان کوشتووە و بە هەزاران دۆنم رەز و باخ و لەوەڕگایان سووتاندوە و ئێستاش تا دێت رۆژانە گوندی دیکە چۆڵ دەبن و ژینگە و سرووشت وێراندەکەن.
هەفتەیەکە ئێران بە چڕی تۆپبارانی هەردوو سنوورەکانی برادۆست و باڵەکایەتی دەکات و چیا بەرزەکانی ناوچەکەی وەک خەڵووز رەش هەڵگەڕاندوون.
لە بەربەزینی دەڤەری برادۆست، رۆژانە سەدان دۆنم پاوان و لە وەرگا دەسووتێت، لە ماوەی هەفتەیەکدا 200 خێزانی مەڕدار و جووتیار ئاوارە بوونە.
پشێووی ناوچەکە رێگربووە لە و دەڤەرە 109 گوند ئاوەدان بێتەوە، لەماوەی سێ رۆژی رابردووشدا 11 گوندی دیکە چۆڵ بوونە، زیاتر لە 250 دۆنم پاوان سووتاوە، زیانی ماڵی زۆر بەر هاونیشتمانیان کەوتوە.
لە گوندەکانی سنووری باڵەکایەتی، تۆپباران کوێستانەکانی کردووەتە خۆڵەمێش و ژیانی تێدا نەهێشتووەتەوە، سێ گوند تۆپبارانیان لە سەرە و ناچار خەڵکەکەی ئاوارەدەبن.
ئەمە لە کاتێکدایە رۆژی (شەممە، 8-9-2018)، بارەگای هەردوو حیزبی دیموکرات (حدک و حدکا) لە کۆیە لەلایەن ئێرانەوە بۆردوومان کران، لە ئەنجامدا 17 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 46 کەسیش برینداربوون.[1]
2018-09-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: IR ئێران

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-10 9:27:27 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 37

## بەهۆی بیرلێدانەوە 33 مەتر ئاوی ژێر زەوی کەمیکردوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180722102644104359

دوارۆژ، سامان قوبادی

بەهۆی بیرلێدانەوە، ئاستی ئاوی ژێرزەوی تادێت کەمتر دەبێتەوە. هەوڵی لایەنە پەیوەندیارەکانیش هەروا بەردەوامە و پێویستیان بە هاوکاریی زیاتری هاووڵاتیان هەیە. لەم راپۆرتەدا بەشێک لە چالاکیەکانی لایەنی پەیوەندیدار و هەروەها هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەویی روونده‌کەینەوە.

دەست بەسەر 12 ئامێری بیرهەڵکەندندا گیراوە

عەباس عەلی بەرێوەبەری ئاوی ژێرزەوی پارێزگای سلێمانی بە دوارۆژی راگەیاندبیرلێدان زیادی کردووە بەتایبەت لە وەزری هاویندا کە کەمئاویی روودەدات و خەڵک بیری نایاسای لێدەدەن.

دەربارەی چۆنیەتیی مۆڵەتدان بە هەڵکەندنی بیر، عەباس عەلی وتی بەپێی رێنماییەکانی ژمارە 1ی ساڵی 2015 نەبێت مۆڵەت بە هیچ کەسێک نادەین بیر لێبدات چونکە ئێمە لایەنێکی خزمەتگوزاریی زانستیین.

ئەوەیشی بۆ دوارۆژ روونکردەوە کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا مانگی تەموز، دەستیان بەسەر 12 ئامێری بیرهەڵکەندندا گرتووە و ئێستا لای پۆلیسی دارستان و ئاوی ژێرزەوی راگیراون.

ئاستی ئاو کەمیکردووە بەڵام هێشتا جێی مەترسیی نییە

بەرێوەبەری ئاوی ژێرزەوی پارێزگای سلێمانی، باس لە کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی دەکات و دەڵێت لەبەرئەوەی بودجەکەمان کەمی کردووە ناتوانین وەک پێویست چاودێریی ئاوی ژێرزەوی بکەین، بۆیە لەساڵێکدا سێ وەرز پێوانەی ئاو دەکەین، لە مانگی 6 بۆ 7 ناوچە هەیە لە رووی زەوییەوە 33 مەتر ئاوەکەی کەمیکردووە، هەیە 18 مەتر کەمیکردووە، بەڵام تائێستا لەئاستی مەترسیدا نین.

سەبارەت بە کاریگەریی هەڵکەندنی بیر و بەفیرۆدانی ئاو، دەڵێت لەراستیدا هەڵکەندنی بیری نایاسایی کاریگەریی هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ئاوی ژێرزەوی، تەنانەت شێوازی بەکارهێنانی ئاوەکەیش دەبێت چاودێری بخرێتە سەر و سەعاتی بۆ دابنرێت، سەرقاڵی ئەوەین رێنمایی بۆ دابنێین.

سزای بیرهەڵکەندنی نایاسایی

لەبارەی سزای خاوەن بیر و ئامێرەکە، بەرێوەبەری ئاوی ژێرزەوی دەڵێت بەپێی یاسا خاوەنی بیرەکە دەدرێت بە دادگا و غرامە دەکرێت و بەڵێننامەی پێ پڕدەکرێتەوە، هەروەها خاوەنی ئامێری بیرهەڵکەندنەکەیش دەستگیر دەکرێت و بە کەفالەت ئازاد دەکرێت، بەڵام ئامێرەکە بەپێی مادەی 15ی رێنماییەکانی ژمارە 1ی ساڵی 2015 ئەگەر لەکاتی کارکردندا بێت ئەوا دەستی بەسەردادەگیرێت و دەبێتە موڵکی حکومەت و رادەستی ئێمە دەکرێت، ئێمەش پارچەپارچەی دەکەین و لە زیادکردنی ئاشکرادا بەشەکانی بەجیا دەفرۆشین، بەمەرجێکیش ئاسنەکەی دەفرۆشرێت کە دووبارە نەکرێتەوە بە ئامێر بەڵکو بتوێنرێتەوە.

هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئاو

دکتۆر هەڵەت رەشید مامۆستای زانکۆ، هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئاو بۆ دوارۆژ دەخاتەروو و دەڵێت کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی بەهۆی زۆر بەکارهێنان و کەم دابارین و گۆڕانی شێوازی بارانبارینەوە روودەدات. ئێستا بارانبارین کەمی کردووە، جاران نمە باران دەباری ئێستا بارانی بەخوڕ دەبارێت، بۆیە خێراتر بەسەر زەویدا دەڕوات و کەمتر دەچێتە ناخی زەوی. لەهەمانکاتدا پێکهاتەی زەوییەکە هۆکارە بۆ دروستبوونی خەزانی ئاوەکە لەژێر زەویدا.

هەڵەت رەشید هەروەها وتی ئە و بیرانەی بە نایاسایی لێدەدرێن زانستی نین و زۆریش لێ دەدرێن و رەچاوی کات ناکرێت بۆیە زۆر مەترسین بۆسەر کەمبوونەوەی ئاو، جگەلەوە ئێمە ئاوی سەر زەویمان هەیە پێویستمان بەوە نییە ئاوی ژێر زەوی بەکاربهێنین.

لەوەڵامی ئە و پرسیارەی کە ئاخۆ لێدانی بیری نەوت کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوییەوە هەیە، هەڵەت وتی هەڵکەندنی بیرە نەوت پەیوەندیی بە کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی نییە، چونکە ئە و شوێنەی نەوتی تێدایە، ئاوی ژێرزەوی نییە، ئەمە بنەمایەکی جیۆلۆجییە.

دەبێتە هاووڵاتیانیش هاوکارین

لای خۆیەوە موقەدەم هێمن کەمەرخان وتەبێژی پۆلیسی دارستان و ئاوی ژێرزەوی ئەوەی بۆ دوارۆژ ئاشکراکرد کە لەسەرەتای ئەم مانگەوە بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی ئامێری بیرهەڵکەندن توندتر بووە.

هێمن وتیشی بێجگە لە و ئامێرانەی دەستیان بەسەرداگیراوە، هەر لەمساڵدا 8 خاوەن ئامێری بیرهەڵکەن بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە و ئامێرەکانیان براونەتە دەرەوەی هەرێم. دەربارەی هاوکاریی هاووڵاتیانیش، موقەدەم هێمن رایگەیاند دەبێت هاووڵاتیان هاوکاریمان بکەن، چونکە خەڵک هەیە کە دەزانێت دەرچوونی مەفرەزەکان کەمترە، کاتەکە دەقۆزێتەوە بیر لێدەدات.

ئێمەش دەبێت لەلایەن هاووڵاتییانەوە ئاگادار بکرێینەوە، چونکە ناکرێت لەهەر شوێنە و پۆلیسێک دابنێین.[1]
2018-07-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و ڕاپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-22 10:26:44 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 38
## بەهۆی پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی تورکیاوە ئاستی ئاوی گۆلی فورات دابەزیوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181018133806993 97



سیاسەتە قڕکەرەکانی دەوڵەتی تورکیا لە دژی گەلانی ناوچەکە بەردەوامە، بە گرتنەوە و کەمکردنەوەی ئاوی ڕووباری فورات لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، ئاوی گۆلی فورات لە تەبقا نزیک بە چوار مەتر کەمیکردووە.
کەمبوونی ئاوی گۆلی فورات، کاریگەریی کردووەتە سەر کارەبای تەبقا و ئەوەش بەڕێژەیەکی بەرز دابەزیوە.
بەهۆی ئەوەی کە بەڕێوەبرانی بەنداوەکە دەرگاکانی بەنداوەکەیان داخستووە ڕێژەی بەرهەم هێنانی کارەبا بۆ 10 کاتژمێر کەمیکردووە.
بەپێی پەیمانێک کە لە نێوان دەوڵەتانی سووریا، عێراق و تورکیادا واژۆکراوە، دەوڵەتی تورکیا پێویستە لە هەر خولەکێک 500 مەتری سێجا ئاو بەرداتەوە بەرەو سووریا، بەڵام تورکیا ئەو ڕێککەوتنە پێشێل دەکات و لە خولەکێکدا تەنیا 200 مەتر سێجا ئاو بەردەداتەوە.
ئەوەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی گۆلی فورات و لە کارکەوتنی توربینەکانی کارەبا، بە جۆرێک کە کارەبا بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیکردووە.[1]
2018-10-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-18 1:38:06 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 39

## بەهۆی تۆپبارانەوە 37%ی دارستان و پاوانی هەرێم سوتاون

https://www.kurdipedia.org/?q=20180716165013683670

دوارۆژ، عیسا عەبدولقەهار

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بەهۆی تۆپبارانی بەردەوامی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێرانەوە لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا 37%ی دارستان و پاوان و رەز لە هەرێمی کوردستان سوتاون.

لە ئامارەکەدا هاتووە لە 1ی تەمموزی 2010 تاوەکو 1ی تەمموزی 2018، یەک ملیۆن و 31 هەزار و 290 دۆنم دارستان و پاوان و رەزی هەرێمی کوردستان سوتاون، هاوکات بەهۆی تۆپبارانەکانی تورکیا و ئێران 37%ی رێژەی دارستان و پاوانی هەرێم لەماوەی هەشت ساڵدا سوتاون.

حسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی دارستان و پاوانی وەزارەتی کشتوکاڵ بە دوارۆژی راگەیاند، تۆپبارانی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە یەکێک لە مەترسییەکانی ژینگە و دارستانی هەرێم، چونکە تۆپبارانەکان زیانێکی گەورەیان لە هەرێم داوە. وتیشی جگە لە و هۆکارە کۆمەڵێک هۆکاری تریش هەن، لەوانە بەشێک لە هاووڵاتیان لەکاتی گەشت و سەیرانەکانیان پاشماوەی ئاگر جێدەهێڵن و دەبێتە هۆی سوتانی دارستان و پاوان، هەروەها بەشێکی تری سوتانەکان پەیوەندی بە دەستی ئەنقەستەوە هەیە.

مانەوەی پاشماوەکانی مین و تەقەمەنی لە ناوچە سنوورییەکان و تەقینەوەیان لە وەرزی گەرما و دابیننەکردنی پارەی پێویست بۆ پاراستنی دارستان و پاوان و رەزەکان، وایکردووە ساڵانە رێژەی سوتانی داراستانەکانی هەرێم زیادبکات.

بەرپرسەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆی ئەوەی تۆمەتەکان سەلمێندراون نین، بۆیە زۆرجار لەلایەن بنکەکانی پۆلیسەوە ئە و کەسانەی ئازاد دەکرێن کە تۆمەتبارن بە سوتانی دارستان و پاوانەکان.[1]

2018-07-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-16


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-16 4:50:13 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 40

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان کۆی بارانبارینی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەمساڵ و ساڵی رابردوو تا ئەمکاتە بڵاوکردەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181206195419173953



بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان کۆی بارانبارینی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەمساڵ و ساڵی رابردوو تا ئەمکاتە بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکەش جیاوازییەکی زۆر هەیە لەبڕی بارانبارین.
بەپێی ئامارەکەش کەشناسی هەرێم، لەساڵی 2017دا تا ئەمڕۆ 6ی کانونی یەکەم لەپارێزگای سلێمانی نزیکەی 150 ملم بارانباری بوو، بەڵام ئەمساڵ تا ئەمڕۆ بڕەکەی گەیشتۆتە نزیکەی 300 ملیم کە دوو هێندەی ساڵی رابردووە، لەپارێزگای هەڵەبجە ساڵی رابردوو تا ئەمڕۆ نزیکەی 50 ملیم باری بوو، بەڵام ئەمساڵ تا ئەمڕۆ گەیشتۆتە نزیکەی 200 ملم، کە چوار هێندەی ساڵی رابردووە.
لەبارەی پارێزگاکانی دیکەش، دەڵێت: ساڵی رابردوو تا ئەمڕۆ لەپارێزگای هەولێر کەمتر لە 50 ملم بارانباری بوو، بەڵام ئەمساڵ تا ئەمڕۆ زیاتر لە 200 ملم باریووە کە نزیکەی پێنج هێندەی ساڵی رابردوو دەکات، لەپارێزگای دهۆکیش ساڵی رابردوو تا ئەمڕۆ 6ی کانونی یەکەمی 2017، بڕی برانبارین کەمتر بووە لە 50 ملم، بەڵام ئەمساڵ تا ئەمڕۆ گەیشتۆتە نزیکەی 300 ملم کە شەش هێندەی ساڵی رابردوو دەکات.
لەبارەی پارێزگای کەرکوکیشەوە، کەشناسی هەرێم دەڵێت: ساڵی رابردوو تا ئەمڕۆ لەپارێزگای کەرکوک چەند ملیمێک بارانباری بوو، بەڵام ئەمساڵ تا ئەمڕۆ گەیشتۆتە نزیکەی 200 ملم کە چەندین هێندەی ساڵی رابردووە.[1]
2018-12-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🖎مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 06-12-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-06 7:54:19 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 41

## بەڕێوەبەری سامانی ماسی هۆشداری دەدات لە دابیننەکردنی پەنجەماسی

https://www.kurdipedia.org/?q=20181209130650174227

بەڕێوەبەری سامانی ماسی لە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست ماوەی دووساڵە هیچ پەنجەماسییەک نەخراوەتە بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان.
سیروان سەعید، بەڕێوەبەری سامانی ماسی لە وەزارەتی کشتووکاڵی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند ماوەی دوو ساڵە، هیچ بەرهەمێکی پەنجەماسی نەخراوەتە بەنداوەکانی هەرێمی کوردستانەوە، هۆکارەکەشی دابیننەکردنی بودجەی پێویستە.
ساڵانە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان، نزیکەی 100 ملیۆن دینار بۆ دابینکردنی پەنجەماسی بۆ پرۆژەکانی ماسی و بەنداوەکان پێویستە، بەڵام وەکو سیروان سەعید باسی دەکات دوو ساڵە هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، بەداخەوە ئەوەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمی ماسی هەبووە، لە داهاتوودا کاریگەریی زیاتریشی دەبێت.
بۆ پرۆژەکانی ماسی و بەنداوەکان، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 80 هەزار پەنجەماسی هەیە. بۆیە سیروان سەعید دەڵێ داوا لە وەزارەتی دارایی دەکەین بودجەی پێویستمان بۆ دابین بکات، ئەگەر لەماوەی مانگێکدا ئەو بودجەیەمان بۆ دابین نەکرێت، ساڵی داهاتووش ناتوانین پەنجەماسی بخەینە بەنداوەکان، چونکە بەرهەمێنانی پەنجە ماسی بۆ بەنداو و پرۆژەکانی ماسی، کاتی پێویستە.
بەرهەمی ماسی ساڵانە لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی شەش هەزار تۆنە، چوار هەزاری لە پرۆژەکانی ماسی بەرهەمدێت و دوو هەزاریشی لە بەنداوەکانەوە.[1]
2018-12-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: نزمبوونەوە
وڵات: باشووری کوردستان
♕ وەزارەتەکانی باشوور (هەرێم): وەزارەتی دارایی و ئابووری
♕ وەزارەتەکانی باشوور (هەرێم): وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 🖎مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-12-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-09 1:06:50 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

بابەت: 42

## پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی کێشەی لەنێوچوونی خاک بوونەتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181206194554104899

بەرپرسانی کرماشان و ئیلام، لەبارەی خێراتربوونی رەوتی لەنێوچوونی خاک لەو دوو پارێزگایە هۆشداری دەدەن. لە پارێزگای کرماشان ساڵانە 37 ملیۆن و 497 هەزار تۆن خاک لەنێو دەچێت کە زیانە ماددییەکەی ساڵانە نزیکەی یەک ملیار و 50 ملیۆن دۆلارە.
بە گشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانە لە هەر هێکتارێکدا، 15 تۆن خاک لەنێو دەچێت. لەنێوچوونی خاک بەهۆی ئەوەی نازێتەوە و سەرچاوەی جێگرەوەی نییە، لە لەنێوچوونی سەرچاوەکانی ئاویش مەترسیدارترە. خاک بەهۆکاری جیاواز لەنێو دەچێت.[1]
2018-12-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-06 7:45:54 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 43

## پارە بۆ سەوزایی هەولێر دابین دەکرێت، بەڵام نادرێت بە سلێمانی

https://www.kurdipedia.org/?q=2018072616245870250

دوارۆژ، سامان قوبادی
بەهۆی دابیننەکردنی بودجە و ئاونەدانیان، پارک و باخچەکانی سلێمانی وشک و زەرد بوون. بەوتەی راگەیاندنی باخچەکان-یش پارە و تەنکەر بۆ پارک و باخچەکانی هەولێر دابین دەکرێت، بەڵام بۆ سلێمانی تەرخان ناکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمی لە رووبەری سەوزاییدا هەیە.
سلێمانی زۆرترین پارک و باخچەی تیایە
هاوژین عوسمان لێپرسراوی راگەیاندنی باخچەکانی سلێمانی بۆ دوارۆژ دەڵێت رێژەی سەوزایی باخچەکان 9%ە. بەهۆی دابیننەکردنی پارە بۆ ئاودانی باخچەکان، زۆربەی چیمەنەکانمان زەرد بوون، دەبوایە لە مانگی 6ی ئەمساڵەوە تەنکەرمان بۆ دابین

بکرایە بەڵام تائێستا هیچ شتێکمان بۆ نەکراوە. سلێمانی 556 پارک و باخچەی تیایە بەڵام کەمتر لە 100 بیریان هەیە. ئەم شارە لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمی هەیە و زۆرترین پارک و باخچەی تێدایە.
لێپرسیراوی راگەیاندنی باخچەکانی سلێمانی وتیشیدارەکانمان وشکنەبوون، بەڵام دەبێت چیمەن رۆژی 2 جار ئاو بدرێت، بەداخەوە زۆربەیان، کە دەکەونە گەڕەکەکانەوە، زەرد بوون. پێشتر ساڵانە 700 ملیۆن دینار بۆ تەنکەرەکان دابینکراوە تا ئاوی باخچەکانی پێ بدەین، ئەمساڵ هیچ بڕە پارەیەک دابیننەکراوە.
بەوتەی لێپسراوی راگەیاندنی باخچەکان ئەگەر جیاوازیی نەکرایە لە خەرجکردنی بودجە لە نێوان هەولێر و سلێمانی، هیچ کێشەیەکیان نەدەبوو چونکە وەزارەتی دارایی لە هەولێر پارە و تەنکەر و ئاویان بۆ دابین دەکەن و بۆ سلێمانی ناکرێت. پێشتریش بۆ خەرجکردنەوەی داهات نووسراومان ئاراستەی شارەوانی کردووە و ئەوانیش ناردوویانە بۆ وەزارەتی دارایی، بەڵام گوێی پێنادەن.
سلێمانی لە رووبەری سەوزایی یەکەمە
بەپێی ئامارێکی فەرمیی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەگشتی رێژەی سەوزایی لە سلێمانی 18%ە و لە رووی رووبەری سەوزاییەوە یەکەمی ئاستی عێراقە، ئەمەش لەکاتێدایە بەپێی ستانداردی جیهانی نابێت رێژەکە 15% کەمتربێت.
کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز یەکێکە لەو رێکخراوانەی بەردەوام گرنگی بە رواندنی دار و زیادکردنی رێژەی سەوزایی دەدات، بەڵام لەئێستادا بەهۆی نەبوونی بودجەوە چالاکییەکانیان وەکو پێشتر نەماوە.
سەبارەت بە پشتگوێخستنی پارک و باخچەکانی سلێمانی، ئارارات زەردەشتی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بۆ دوارۆژ وتی لە هەر شار و ناوچەیەکدا نابێت رووبەری سەوزایی 15% کەمتر بێت و ئەگەر رێژەکە بەرزبێتەوە بۆ 35% ئەوکات بە ئاستێکی باش دادەنرێت.
زەردەشتی دەڵێت هەندێک لە باخچەکانی سلێمانی لە قۆناغی دروستکردندان، بەشێکی تریان پارەیان بۆ خەرج ناکرێت، هەندێکیان تەنکەرەکان ناتوانن بەردەوام ئاویان بدەن. ساڵی رابردوو بە هاوکاریی هاووڵاتیان چەند تەنکەرێکی ئاومان دابینکرد بۆ ئاودانی باخچەکان بۆ ماوەیەکی کاتی. بەداخەوە بودجەیەکی دڵسۆزانە بۆ ژینگە تەرخان ناکرێت کە ئێستا زۆربەی باخچەکان بەرەو لەناوچوون دەچن، ئەمە خەسارەیە، چونکە هەمووی پارەی تێچووە.
سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز باسی لەوەیشکرد: باخ هەیە تەمەنی 100 ساڵە و هەیە 50 ساڵە، بەڵام بەتایبەت ئەو باخچانەی تەمەنیان نزیکەی 20 ساڵە بەرەو لەناچوون دەچن ئەگەر ئاوریان لێ نەدرێتەوە و ئاو نەدرێن. ئەگەر دوو تەنکەرمان هەبوایە نەمان دەهێشت باخچەکان وشک بن.
ئارارات زەردەشتی هۆشداریی ئەوەیشی دا ئەگەر ئەم کێشەیە بەردەوام بێت، رووبەری سەوزایی لەناودەچێت، رادەی شێ و ئۆکسجین کەم دەکات، ژینگە پیس دەبێت، جگەلەوە ئەو ملیۆنان دۆلارەی بۆ سەوزایی خەرج کراوە، بە خەسار دەڕوات.[1]
2018-07-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
- جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
- جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
- شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: هەولێر
- وڵات: باشووری کوردستان
- Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-26

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-07-26 4:24:58 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 44

## پڕۆژەی گاپ مەترسیی گەورە لەسەر ناوچەکە دروستدەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20180604225918899912



شارەزایەکی بواری ئاو و وزە ئاشکرایدەکات، جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەنداوی گاپ لە تورکیا، ئە و وڵاتە و چەند وڵاتێکی دیکە بەرە و مەترسییەکی گەورە دەبات.
دکتۆر رەمەزان هەمزە، بەڕێوەبەری پەیمانگا ستراتیژیەکانی ئاو و وزە لە هەرێمی کوردستان، بە دوارۆژی وت گاپ پڕۆژەیەکی تورکی ئسرائیلییە، من ئاگادرام ئەوانەی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێدەکەن نەچوونەتە قوڵایی لێکۆڵینەوەی بومەلەرزە و کاریگەریەکانی ژینگە، چونکە ئەم پڕۆژەیە زیاتر بۆ بەدەستهێنانی پارە و مەبەستی بازرگانییە.
وتیشی تورکیا دەکەوێتە ناوچەی 'تۆرۆس' لەسەر لێواری پلێتی 'تیکتۆنی'، لە و ناوچەیە دوو شکستی گەورەی زەوی هەیە، یەکێک لە باکور بەروە و باشور ئەوی دیکە لە رۆژهەڵات بەرو رۆژئاوا، کە هەردووکیان لە نزیک بەنداوی ئەتا تورک دەگەن بەیەک.
ئاماژەی بەوەشدا، کە بەنداوی ئەتا تورک توانای گلدانەوەی 48 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە، بەڵام ئێستا نزیکەی 22 ملیاری مەتر سێجا ئاو تێدایە، هەرکاتێک پڕبێت دەبێتە هۆی درووستبوونی بومەلەرزەی گەورە و کارەساتی گەورە دروستدەکات کە لە مێژوودا روونەداوە.
پڕۆژەی گاپ بە گەورەترین پڕۆژەی ئابوری دادەنرێت لە مێژووی تورکیادا کە 22 بەنداو و 19 وێستگەی کارەبا لەخۆدەگرێت، ئەم پڕۆژەیە دەتوانێت 25% کارەبای ئە و وڵاتە دابینبکات، دروستکردنی بەنداوی 'ئەلیسۆ' لەناو پڕۆژەی گاپ دایە و دوای تەواوکردنی ئە و بەنداوە رۆژی هەینی رابردوو، تورکیا 50% ئاوی دیجلە بۆ پڕکردنی بەکاردەهێنێت.[1]
2018-06-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | ژینگە |
| جۆری ئامار و راپرسی: | کشتوکاڵ و ئاژەڵداری |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-04


کاتی تۆمارکردن: 2018-06-04 10:59:18 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 45

**پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی لە ساڵی 2018دا 536 تۆمەتباری دەستگیرکردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190105113133184092

دواڕۆژ، پشتیوان جەمال
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی لە ساڵی رابردوودا 536 تۆمەتباری دەستگیرکردووە و دەستیشی بەسەر چەندین چەک و ئۆتۆمبێل و پێداویستی دیکە گرتووە کە 188یان ئامێری بیرلێدان بوون.
عەمید هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماری چالاکییەکانی ساڵی رابردووی بەڕێوەبەرایەتییەکەیانی ئاشکراکرد و وتی: 536 تۆمەتبارمان لەسەر ئەم تۆمەتانە دەستگیرکردووە: 154 تۆمەتبار لەسەر راوی باڵندەی کێوی، 55 تۆمەتبار لەسەر راوی ئاژەڵی کێوی، 109 تۆمەتبار لەسەر راوی ماسی، 8 تۆمەتبار لەسەر خەڵوزکردن، 113 تۆمەتبار لەسەر زیادەڕەوی، 78 تۆمەتبار لەسەر داربڕین، 19 تۆمەتبار لەسەر ئاگرکەوتنەوە.
ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد: هەر لەساڵی رابردوودا دەستبەسەر چەندین جۆر لەپێداویستی دیکە گیراوە ئەوانیش کڵاشینکۆف و تاپڕ و لایت و بلاجکتۆر و چەقۆ و ئۆتۆمبێل و بەلەم.
عەمید هێمن روونیشیکردەوە: لە ساڵی رابردوودا 55 رووداوی ئاگرکەوتنەوە روویانداوە بەو هۆیەشەوە نزیکەی 29 هەزار و 153 دۆنم لە زەوی پاوان و رەز و باخی هاووڵاتیان سوتاون، زیاتر لە 375 داری سروشتی جیاوازیش سوتاون.
لەوەڵامی پرسیاری دواڕۆژ سەبارەت بەدەستگیرکردنی ئەو کەسانەی بیری ئیرتیوازییان لێداوە، عەمید هێمن ئاشکرایکرد: لەو 536 کەسە 113 تۆمەتبار لەسەر زیادەڕەویی بووە کە زۆربەیان لەسەر بیر لێدانە بەشێوەی نایاسایی، 188 ئامێری بیرلێدانیشمان ناردۆتەوە دەرەوەی هەرێم.[1]
2019-01-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-01-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-05 11:31:33 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

بابەت: 46

**پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە ئاماری ساڵی 2018ی بڵاوکردەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102153214182404

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە ئاماری کار و چالاکییەکانی ساڵی 2018ی بڵاوکردەوە، بەپێی ئامارەکانیش لەو ساڵەدا 63 سەرپێچیکار دەستگیرکراون و سەدان دۆنم پوش و پاوەن و باخی هاوڵاتیانیش سوتاون.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە کە بنکە و بەشەکانی لەسنوری پارێزگاکەدا بەسەر هەریەکە لە ناحیەکانی سیروان و خورماڵ و بیارە و بەمۆ دابەشبووە، ئەمڕۆ لە شاری هەڵەبجە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئامارەکانی ساڵی 2018ی بەڕێوەبەرایەتییەکەی خستەڕوو.

بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە، لەماوەی ساڵی 2018 دا، 63 سەرپێچیکار دەستگیرکراون و دەستیشگیراوە بەسەر 49 چەکی جۆری تاپڕ و 39 فیشەکی تاپڕ و سێ چەکی جۆری کلاشینکۆف و 111 فیشەکی کلاشینکۆف و سێ چەکی جۆی بادی و 11 قەفەزی کەو دوو مکەبەرەی میمۆریی کە بەکاردەهێنرا بۆ ڕاوکردنی کەو و یەک چەکی جۆری ئێم فۆر و دوو دوربین و دوو مەخزەنی فیشەکی کلاشینکۆف.

هەر بەگوێرەی ئامارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەماوەی ساڵی ڕابردوو دەستگیراوە بەسەر سێ ئاژەڵی کێوی کوژراودا و یەک کەروێشک و یەک ئامێری لێدانی بیری قوڵ و هەشت ماتۆڕسکیل و چوار ئۆتۆمبیل و 10 کەوی زیندوو و 330 تۆڕی ماسی و حەت کۆتری کەژی و هەشت پۆری کوژرا و لەگەڵ دەست بەسەرا گرتنی 120 کیلۆ ماسی کەدواتر بەپێی بڕیاری دادوەری ماسیەکان فرۆشراوە بە 548 هەزار دینار بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا.

ئامارەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە جگە لە دەستگیرکردنی سەرپێچیکاران و دەستبەسەراگرتنی کەلوپەلی سەرپێچیکاران و ئاژەڵ و باڵندە ڕاوکراوەکان، ئاماری ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوەش لەناوچە شاخاویەکانیان خسەڕوو، بەجۆرێک هەر ماوەی ساڵی ڕابردوو بەگوێرەی ئەو ئامارانە 12 حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لەسنوری هەڵەبجە ڕوویداوە و بە سەدان دۆنم پوش و پاوەن و ڕەز و باخی هاوڵاتیانی سوتاندووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئامێری پێویست بۆ کوژاندەوەی ئاگر و نەبوونی فرۆکەی تایبەت بەو کارە، کە تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم بۆیانی دابین نەکردووە، زۆرترین زیانی بە ناوچەکە گەیاندووە و تیمەکانیش بەباشی توانای زوو کۆنترۆلکردنی ئاگرەکانیان نییە.

لە بەشێکی دیکەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، فەرمان عومەر وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە ڕایگەیاند، لە ساڵی 2018 بە بەراورد بە ساڵی 2017 ڕووداوەکان ڕووان لە کەمبوون کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد تیمەکانیان لە تەواوی سنورەکە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تەواوی ناوچەکەن بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرپێچیکاران بگرن تا زیان بە سروشتی ناوچەکە نەگەیەنن، فەرمان عومەر ئاماژەشی بەوەکرد هەرچەندە چەند حاڵەتێکی هەڵکەندی بیری قوڵ بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکان لە سنورەکە هەبووە، بەڵام لەئێستادا ڕێگە بەکەس نادەن کە بەبێ مۆڵەت بیری قوڵ لێ بدات.[1]

2019-01-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-02

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 3:32:14 PM

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

بابەت: 47

**پۆلیسی دارستانی هەڵەبجە ئاماری سەرپێچیکەرانی 2017ی بڵاوکردەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180102120257103305

دوارۆژ، عەلی حەمە سەعید

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە ئەمڕۆ سێشەممە 02-01-2018 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری کاروچالاکی و دەستگیرکردنی سەرپێچیکارانی لەساڵی ڕابردوودا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو کە بەگوێرەی ئامارەکە تەنها لەساڵی ڕابردوودا 138 سەرپێچیکار دەستگیرکراون و ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە، هەروەها دەستیشیان بەسەر 57 چەکی جۆراو جۆردا گرتووە.

ملازم فەرمان عومەر، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی خستەڕوو، بەگوێرەی ئەو ئامارانەی لە بنکە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی دارسان و ژینگەی سنووری پارێزگای هەڵەبجەوە کۆمانکردوونەتەوە تەنها لەمساڵدا 138 سەرپێچیکار دەستگیرکراون بە بەراورد بەساڵی ڕابردووش ژمارەکە بەرێژەیەکی زۆر زیادیکردووە، هاوکات هەر لەساڵی ڕابردوودا توانیویانە دەستبگرن بەسەر 57 چەک و 225 فیشەکی جۆراوجۆردا.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەر لەساڵی ڕابردوودا 22 باڵندەی زیندوو هەروەها 18 باڵندەی کوژراو لەدەستی ڕاوچییەکان سەندراوەتەوە، هاوکات لەساڵی ڕابردوودا و لەوەرزی قەدەغەکردنی ڕاوەماسیدا دەستگیراوە بەسەر 394 تۆڕی ڕاوەماسیدا و 400 کیلۆ ماسیش دەستی بەسەردا گیراوە لەزیادکردنی ئاشکراد فرۆشراوەتەوە.

هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا وتەبێژی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە ئەوەشی وت هەر لەساڵی ڕابردوودا توانیویانە دەستبگرن بەسەر هەشت ئامێری بیر هەڵکەندندا لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە دەستبگیرێت بەسەر 19 ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیلدا کە لەلایەن سەرپێچیکارانەوە بەمەبەستی ڕاوکردن بەکار هێنراون، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەستیش گیراوە بەسەر 24 داوی ڕاوکردندا.[1]

2018-01-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-02 12:02:57 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 48

**پۆلیسی گەرمیان ئاماری سەرپێچیکارانی ژینگەی بۆ ساڵی 2017 بڵاوکردەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180108134734980045

ڕۆژنیوز، هاوڕێ کرێکار
پۆلیسی داراستان و ژینگەی گەرمیان ڕایگەیاند، لە ماوەی یەک ساڵدا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان 223 سەرپێچیکار سزادراون و 43 باڵندەش ئازاد کراون و بەشێکی زۆری ئامارەکانیش زیادیان کردوە.
کاتژمێر 10:30 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، لە بینای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، ئاماری ساڵانەی سەرپێچیکارانی ژینگە ڕاگەیەندرا.
سەرکەوت ڕەحیم بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی داراستان و ژینگەی گەرمیان، بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاند: لە ماوەی ساڵی 2017 دا، لە سنوری ئیدارەی گەرمیان 223 سەرپێچیکار سزادراون بە بڕی پێنج ملیۆن و 627 هەزار دینار، بەراورد بە ساڵی ڕابردووش 34 سەرپێچیکار زیادی کردووە.
سەرکەوت ڕەحیم، وتیشی: لە لایەن بنەکەکانی بەڕێوەبەرایەتیمانەوە، 92 پارچە چەکی سەرپێچیکاران دەستی بەسەردا گیراوە و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو حەوت پارچە چەک زیادی کردووە، هەروەها ئەمساڵ 43 باڵندە ئازادکراوە و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو نۆ باڵندە کەمی کردووە، هەر لەم ساڵدا حەوت ئۆتۆمبیل و ماتۆڕسکیلی سەرپێچیکاران دەستی بەسەردا گیراوە و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو یەک هۆی گواستنەوە زیادی کردووە.
ناوبراو باسی لەوەشکرد: ئەمساڵ دەست بە سەر80 کەرەستەی ڕاوچیدا گیراوە و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، 56 کەرەستە زیادی کردووە، هەر لەم ساڵدا 389 دۆنم زەوی لە پوش و پاوان سوتاوە.
سەرکەوت ڕەحیم، ئاماژەی بەوەشدا: بەشێکی زۆری ئامارەکانی ئەمساڵ زیادیان کردووە، هەروەها سەرپێچیکار، ڕاوچی و داربڕ دەگرێتەوە و سەرپێچیکارانیش بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە لایەن دادگا و بەڕێوەبەری یەکە ئیدارییەکانی وەک قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە سزادەدرێن.[1]
2018-01-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-08 1:47:34 PM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 49
## پیسبوونی ژینگە هەڕەشە لە کەرکوک دەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20180913104702691‌83
دوارۆژ، عیماد جەباری
کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە ژینگە، هۆشداریی پیسبوونی لەرادەبەدەری ژینگەی کەرکوک دەدات و بە زەنگێکی مەترسیداری دەزانێت بۆ سەر ژیانی دانیشتوانەکەی.

بەپێی زانیارییەکانی دوارۆژ (کۆمپانیای کەرکوکی گلوپاڵ ئەمریکی تایبەت بە توێژینەوە لە ژینگەی کەرکوک) کە ماوەی 5 ساڵە لە و بوارەدا کاردەکات، ئامارێکی داوەتە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە ڕێژەی سەوزایی لە شارەکە (0,9)یە واتا هێشتا نەگەیشتووەتە لەسەدا یەک. ئەوەیشی بە زەنگێکی مەترسیدار هەژمارکردووە، چونکە بەپێی ستانداردی جیهانی، پێویستە ڕێژەی سەوزایی لە هەر ناوچەیەکدا لانی کەم 10-15 لەسەدا بێت.
خالید کەریم، بەڕێوەبەری ژینگەی کەرکوک وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئە و زانیارییانە، بە دوارۆژ-ی وت: بەپێی ستانداردی جیهانی ڕێژەی سەوزایی لە کەرکوک کەمە، بەرزکردنەوەی ئە و ڕێژەیەیش پەیوەستە بە شارەوانی و کشتوکاڵی شارەکەوە کە ئەگەر بودجەیان بۆ بڕەخسێنن لە ماوەی تەنها ساڵێکدا دەتوانن بیگەیەننە 10% چونکە پانتاییە سەوزاییەکان ئامادەن.
وتیشی: هیچ جیاوازییەک لە پیسبوونی ژینگەی کەرکوکدا ڕوونەداوە و هاوشێوەی رابردوو هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە هەر ماون کە بریتین لە کۆمپانیای نەوتی باکور و غازی باکور و چەند کۆمپانیایەکی دیکە کە فلتەرمان لەسەریان هەیە و بەردەوام لەژێر چاودێریدان.
ئاماژەی بۆ ئەوەیش کرد کە: وەکو ژینگەی کەرکوک وێستگە و ئامێری تایبەتیان هەیە بۆ چاودێریکردنی ڕێژەی پیسبوونی ژینگە و هەر کاتێکیش بزانن کە ڕێژەی پیسبوونەکە لە ڕێژەی ئاسایی خۆی زیاتر بەرزبێتەوە ئەوە ڕێوشوێن دەگرنەبەر.
دزەکردنی ئە و ئامارەی کۆمپانیا ئەمریکییەکە، تەنانەت ڕێکخراوەکانی بواری ژینگەیشی تووشی شۆک کردووە کە ماوەی چەند ساڵێکە لەپێناو بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی کاردەکەن. یەکێک لە چالاکوانی ئە و ڕێکخراوانە دەڵێت: پێمان وابوو توانیومانە ڕێژەکەمان گەیاندبێتە 2% بەڵام لەئێستادا تووشی شۆک بووین چونکە پێشتر ڕێژەی ڕاستەقینەمان نەزانیبوو.
شکۆفە ساڵەیی، ئەندامی ڕێکخراوی کوردستانێکی سەوز لە کەرکوک کە ساڵانێکە کاردەکات بۆ زیادکردنی ئاست و ڕێژەی سەوزایی شارەکە، بۆ دوارۆژ وتی: پێمانوایە گرگرتنی دارستانەکانی شناغە لە ڕۆژئاوای کەرکوک زیاتر لە جارێک، وایکردووە ژمارەیەکی زۆر درەخت و دار و سەوزایی لەناوبەرێت کە ئەوەیش ڕۆڵی گەورەی هەبوو بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی شارەکە.
لەبارەی زیانەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی لە کەرکوک شکۆفە دەڵێت: دیارترین کاریگەرییەکانی ئە و دیاردەیە زۆربوونی خۆڵبارین، تووشبوونی خەڵک بە نەخۆشیی ڕەبوو و چەند نەخۆشییەکی تری مەترسیدارە کە لەئێستادا ئاماژەکانی دەرکەوتوون زۆربەی خەڵکەکە دووچاری سکچوون بوون.
وتیشی: جگە لەنەبوونی ڕێژەی سەوزایی، هاوکات ئاوی خواردنەوەی زۆربەی ناوچەکانیش بەهۆی سوێربوون و پیسییەوە بە کەڵکی خواردنەوە نایەن و مەترسین بۆ سەر خەڵک. هەروەها جۆرەها غاز بەهۆی کۆمپانیاکانی نەوت و غازی باکورەوە لە کەشوهەوادا بڵاوبوونەتەوە کە دیارترین کاریگەرییەکانی هەڵچوونی باری دەروونیی خەڵک و نائارامییە.
بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی لە کەرکوک، ئەندامەکەی ڕێکخراوی کوردستانێکی سەوز پێشبینی دەکات کە ئەگەر بودجە و ئاو و پێداویستییەکانیش ئامادەبن، ئەوا پێویستیان بە ماوەی زیاتر لە دە ساڵ دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئە و کێشەیە.[1]
2018-09-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-13 10:47:02 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 50

## پیسبوونی ڕوباری چۆمان و گرفتە ژینگەییەکان

https://www.kurdipedia.org/?q=20180921154516156148



بەهۆی نەبووی هۆشیاری ژینگەیی و نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕووباری چۆمان پیس بووە، ئەو پیسبوونەش مەترسی بۆسەر کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا و ژیانی هاوڵاتیان دروستکردووە.
ڕووباری چۆمان، گەورەترین ڕووباری ناوچەی باڵەکایەتییە لە سنووری پارێزگای هەولێر، کە سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکە، لە ئاوی باراناو و توانەوەی بەفری شاخەکان و ئاوی کانییەکان پێکدێت.
ئەم ڕووبارە بەتەنیشت شارۆچکەی چۆمان-دا، دەڕوات و دەرژێتە ڕووباری زێی گەورەوە، دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ڕووباری چۆمان بەلایاندا تێپەڕ دەبێت سود لە ئاوی ڕووبارەکە وەردەگرن بۆخواردنەوە و کشتوکاڵ، هەروەها ئەم ڕووبارە سەرچاوەیەکیشە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە.
لە ئێستادا ڕووباری چۆمان پیس بووە، ئەوەش بەهۆی بوونی کۆمەڵێک بەنزینخانە و جێگای کڕین و فرۆشتنی گازوایل لە نزیک ڕووبارەکە و فڕێدانی خۆڵ و خاشاک لەلایەن هاوڵاتیانەوە بۆ ناو ڕووبارەکە، ئەوەش مەترسی لەسەر ژینگەی ناوچەکە و ژیانی هاولاتیان دروستکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پیسبوونی ژینگە

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-21 3:45:16 PM


ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 51

## پێنجوین.. مین گرفتی بەردەم کوژاندنەوەی ئاگری سروشتی ناوچەکەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170809003054141991



قائیمقامی شارۆچکەی پێنجوێن، ئاماژە بەوە دەدات کە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی حاڵەتەکانی ئاگرەکەوتنەوە بۆ چوار مانگی وەرزەکانی هاوین و پایز، بۆ ناوەندی شارۆچکەکە، بڕی یەک ملیۆن دینار و بۆ شارەدێیەکانیش، بڕی 500 هەزار دینار تەرخانکراوە، دەڵێت ئەمەش زۆر کەمە و بەشی پێداویستییەکانمان ناکات.
زانا ڕەحمان، قائیمقامی شارۆچکەی پێنجوێن، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: ئەمساڵ کە هاوکاتە لەگەڵ وەرزی هاویندا و حاڵەتەکانی ئاگرکەوتنەوە ناو بەناو بوونیان هەیە، بۆیە تیمەکانی بەرگری شارستانی، پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن، بەهاوکاری هاووڵاتییان، ئەوەندەی بتوانن هاوکارن بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانەی لەسنوورەکەدا دەکەونەوە.
قایمقامی پێنجوین، ئەوەشی خستە ڕوو: بۆ ئەمساڵ بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی حاڵەتەکانی ئاگرکەوتنەوە، بۆ چوار مانگی وەرزەکانی هاوین و پایز، بۆ ناوەندی پێنجوێن بڕی یەک

ملیۆن دینار و بۆ هەردوو شارەدێی گەرمک و ناڵپارێزیش، پێکەوە ملیۆنێک دیناریان بۆ تەرخانکراوە، کە ئەوەش کەمە و لەئاستی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاگرکەوتنەوە نییە.
جەختی لەوەش کردەوە: ئەوەی لای ئێمە گرنگە، بەدواداچوونە بۆ ئەو ئاگرانەی دەکەونەوە و دواتریش لێپرسینەوە لەگەڵ کەسانی تۆمەتبار و ئەنجامدەری ئاگرەکە دەکەین، بەڵام بەشێک لەشوێنی ئاگرکەوتنەوەکان مین رێژکراون و کەس ناتوانێت بیکوژێنێتەوە.
هاوکات بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی پێنجوێن، کە وێنەیەکی دەست (باسنیوز) کەوتووە، لەسەرەتای وەرزی هاوین تاوەکو ئەمڕۆ 8ی ئابی 2017، نزیکەی 15 حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە تۆمارکراون و بەو هۆیەشەوە بەهەزارەها دۆنم زەوی دارستان و پوش و پاوان سوتاون.[1]
ماڵپەڕی باسنیوز: 2017-08-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-09
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-09 12:30:54 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 52

**پێنجوێن؛ لە 2017-دا 55 سەرپێچیکار دەستگیرکراون**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180113122303326 26

دوارۆژ، رێبین حەسەن
لەماوەی 12 مانگی ساڵی 2017دا و بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچی جۆراوجۆری ژینگەیی، لەسنووری بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن، 55 هاوڵاتی دەستگیرکراون، هاوکات لە 10 رۆژی سەرەتای 2018شدا، یەکەم سەرپێچیکاری ژینگەیی دەستگیرکرا.
پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن لە راگەیەندراوێکیدا ئاشکرایکردووە وەک بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن، لەساڵی 2017دا، لەسنوری قەزاکە و هەردوو ناحیەی گەرمک و ناڵپارێز لەلایەن مەفرەزەکانمانەوە، توانراوە 55 هاوڵاتی لەسەر سەرپێچی ژینگەیی دەستگیربکرێن.
ئاماژە بەوەش دەکەن کە جۆری سەرپێچیەکان بەم شێوەیە بووە چوار هاوڵاتی لەسەر راوکردنی باڵندەی کێوی، 10 هاوڵاتی لەسەر راوکردنی ماسی، 7 هاوڵاتی لەسەر بڕینی داری دارستان و 13 لەسەر دروستکردنی خەڵوزی نایاسایی و 18 زیادەڕەویی و 3 لەسەرکردنەوەی ئاگر لەدارستانەکان دەستگیرکراون.
عەقید هێمن کەمەرخان، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، لەلێدوانێکی بۆ دوارۆژ وتی لە

سەرەتای ئەمساڵدا، لەلایەن مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ناڵپارێز، لەکاتی گەڕان بەژمارەیەک لەگوندەکانی سنوورەکەدا، توانرا هاوڵاتیەک کە سەرقاڵی سەرپێچیکاری ژینگەیی بووە دەستگیربکرێت.
وتیشی هۆکاری دەستگیرکردنەکە ئەوە بوو ئەو هاوڵاتییە هەستابوو بەزیادەڕۆیی کردن و داگیرکردنی زەوی و دواتر بەپێی یاسای دەواجن، پەڕاوی یاسایی بۆکرایەوە و درایە دادگا، هەر لەو هەڵمەتەدا هەیکەلێکی زیادەڕەوێی و پارچە زەویەکی سیاج کراوی نایاسایش ڕاگیرا، ئەمەش بووە یەکەم سەرپێچیەکاری ژینگەیی کە لەساڵی نوێدا لەسنوری پێنجوێندا دەستگیربکرێت.[1]
2018-01-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-13 12:23:03 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 53
## تانکەرەکانی سووتەمەنی هەرێمی کوردستان مەترسین لەسەر ژینگەی ڕۆژهەڵات
https://www.kurdipedia.org/?q=20170810023730142036
بەرپرسانی پارێزگاکانی سنە، کرماشان و لۆڕستان لەبارەی سەرهەڵدانی قەیرانی ژینگەیی لەو پارێزگایانە بەهۆی وەرگەڕانی تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی لە باشووری کوردستانەوە بۆ باشووری ئێران، هۆشداری دەدەن.
ڕۆژانە لە دەروازە سنوورییەکانی باشماخ و پەروێزخانەوە لەنێوان 800 بۆ 1200 تانکەر سووتەمەنی دەگوازنەوە ئێران، کە زۆرجار بەهۆی خراپی ڕێگەوبانەکان و لە کۆنترۆڵ دەرچوونی ئۆتۆمبێلەکان، تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن.
بەرپرسانی پاراستنی ژینگەی ئێران دەڵێن، لەکاتی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، سووتەمەنی ئەو تانکەرانە تێکەڵ بە ئاو و سرووشت دەبێت، ئەوەش مەترسییە لەسەر ژینگە.
عەبدولواحد ریازی، فەر بەڕێوەبەری پاراستنی ژینگە لە پارێزگای سنە هاتووچۆی تانکەرەکانی هەرێمی کوردستان بە گەورەترین مەترسی لەسەر ژینگەی ئەو پارێزگایە لەقەڵەمدەدات و دەڵێت، وەرگەڕانی تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی بووەتە هۆکاری پیسبوونی ژینگەی ئاوی و خاکی پارێزگای سنە.
کۆمپانیای ئاوی ناوچەیی پارێزگای سنەش لە ڕاگەیێندراوێکدا هۆشداری دەدات لەبارەی پیسبوونی ئاوی پارێزگاکە بەهۆی وەرگەڕانی تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی و داوا لە بەرپرسانی حکومەتی ئێرانیش دەکات بە زووترین کات چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە.
بەگوتەی کۆمپانیای ئاوی سنە بە دەیان هەزار لیتر ماددەی سووتەمەنی لە سەرەتای ئەمساڵەوە ڕژاونەتە نێو ڕووبارە و بەنداوەکانی ئەو پارێزگایە.
ساڵی ڕابردووش دانیشتووانی مەریوان هاتنە سەر شەقام و داوایان لە بەرپرسان کرد، یان دۆخی جاددەکان باش بکەن یان ڕێگە بە

هاتووچۆی تانکەرەکان نەدەن.[1]
ماڵپەڕی ڕووداو: 09-08-2017

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ڕووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری و نەوت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: لوڕستان
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 10-08-2017
کاتی تۆمارکردن: 10-08-2017 2:37:30 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 54
## تێکڕای ئاوی ڕۆیشتوو بەڕووبارەکانی هەرێمدا 29 ملیار مەتر سێجایە
https://www.kurdipedia.org/?q=2018122416341495631
دواڕۆژ، نوسینگەی هەولێر
بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان تێکڕای ئاوی ڕۆیشتوو لە هەر پێنج ڕووبارەکەی هەرێمی کوردستان ساڵانە زیاد لە 29 ملیار مەتر سێجایە پێشبینیش دەکرێت ئەمساڵ ئە و ڕێژەیە زیاد بکات.
بەپێی ئە و ئامارانەی دەست دواڕۆژ کەوتووە، لە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەر پێنج ڕووباری هەرێمی کوردستان (زێی بچووک، زێی گەورە، خابوور، سیروان و ئاوەسپی) بە تێکڕای ئاوی ڕۆیشتوو 29.77 ملیار مەتر سێجایە کە 17.74 ملیار مەتر سێجای لەناو خاکی هەرێمە و 12.03 ملیار مەتر سێجاشی لە دەرەوەی ئاوی هەرێمە، بەمەش 59.6%ی بڕی ئاوی هەرێم سەرچاوەکەی لە ناو هەرێمی کوردستانە و 40.4 % سەرچاوەکەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە.
هەربەپێی ئامارەکان ئە و وەزارەتەی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا هەرێم خاوەنی 12 بەنداوی بچووک و مامناوەند، 91 پۆندە، 25 بەنداوە و 29 پۆندی دیکەش لەژێر دروستکردندان.
ئامارەکانی وەزارەت ئەوە دەردەخەن ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە پێنج ملیار مەتر سێجا خەمڵێنراوە کە 79.70 لەسەدی بۆ خواردنەوە بەکاردێت، 18 لەسەدی بۆ کاروباری کشتوکاڵی، 1.70 لەسەدی بۆ پیشەسازی و 0.30 لەسەدی بۆ کاری توێژینەوەی کشتوکاڵی بەکاردێت.

هەر بەپێی ئامارەکان نزیکەی 1.220.270 دۆنم زەوی لە هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە پشت بە ئاودان دەبەستن: 64.500 دۆنم بەهۆی پرۆژەی ستراتیژی، 1.145.500 دۆنم بەهۆی پرۆژەی بچووک، 10.270 دۆنم بەهۆی پۆندەکان، پێداویستی هەرێمیش بۆ ئاوی خواردنەوە دەگاتە نزیکەی 800 ملیۆن مەتر سێجا و پێداویستی بۆ ئاودێری کشتوکاڵ و پیشەسازیش دەگاتە نزیکەی 7.5 ملیار مەتر سێجا.
لای خۆیەوە غازی فایق، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە وەکالەت، بەدوارۆژی ڕاگەیاند: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پلانی ساڵی 2019دا پێشنیازی دروستکردنی 32 بەنداوی بچووک و مامناوەند و 320 پۆند و 513 پرۆژەی ئاودێری کردوە.
ئەوەشی خستەڕوو: سەرچاوەی نزیکەی شەست لەسەدی ئاوی هەرێم ناوخۆیە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسایەک هەیە تایبەت بێت بە ڕێکخستن و پاراستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم.
ئاشکراشیکرد: زۆری لێدانی بیر کاریگەرییەکی نەرێنی بۆ سەر ئاستی ئاوی ژێرزەوی، لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئاستی ئاوی ژێرزەوی نزیکەی 100 مەتر بەهۆی لێدانی ژمارەیەکی زۆری بیر دابەزیوە.[1]
2018-12-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ڕووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 24-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-24 4:34:14 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 55

**تەنیا لە سێ ڕۆژدا لە بەنداوی دەربەندیخان 107 ملیۆن مەتر سێ جا ئاوی تێدا گلدراوەتەوە و بەرهەمهێنانی کارەباش لەو بەنداوە گەیشتووەتە 150 مێگاوات کارەبا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180222212643103521

تەنیا لە سێ ڕۆژدا لە بەنداوی دەربەندیخان 107 ملیۆن مەتر سێ جا ئاوی تێدا گلدراوەتەوە و بەرهەمهێنانی کارەباش لەو بەنداوە گەیشتووەتە 150 مێگاوات کارەبا.
بەهۆی ئە و شەپۆلە بارانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو، ئاستی ئاو لەناو بەنداوەکە بەرز بووەتەوە، بەڵام کێشەی بەرپرسانی بەنداوەکە ئە و هەرەشانەیە کە بەهۆی زەمینلەرزەکەی مانگی 11 ساڵی ڕابردوو دروستبووە و بەوهۆیەوە ناتوانن بەپێی پێویست ئاو گلبدەنەوە و لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوو 30 ملیۆن مەتر سێجا ئاویان بەردەواتەوە.
لە هەر چرکەیەکدا 50 مەتر سێ جا ئاو بەردەدرایەوە و 35 مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنرا، بەڵام ئێستا بەهۆی زیادکردنی ئاوی بەنداوەکەوە لە چرکەیەکدا 280 مەتر سێ جا ئاو بەردەدرێتەوە و بەرهەمهێنانی کارەبای لە وێستگەی بەنداوی دەربەندیخان گەیشتووەتە 150 مێگاوات کارەبا.
بەنداوەکە دوو ملیار و 600 ملیۆن مەتر سێجا ئاو دەگرێ، بەڵام بەهۆی ئاسەواری مەترسییەکانی زەمینلەرزەوە، ئێستا توانای گلدانەوەی یەک ملیار و 500 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە و دەبێت یەک ملیار و 100 ملیۆن مەتر سێجا بە بۆشی بمێنێتەوە بۆ

دووركەوتەنەوە لە هەرەسهێنانی بەنداوەکە.[1]
2018-02-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-02-1820
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-22 9:26:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 56
## جیاوازیی باران بارینی نێوان ساڵانی 2017 و 2018
https://www.kurdipedia.org/?q=20180224115902663232
2018-02-24


جیاوازی نێوان باران بارینی ئەم ساڵ و پارساڵ تاکو 2018-02-23

| ژمارە | ناوی پارێزگا | بڕی باران بارین پارساڵ تاکو 2017-02-23 | بڕی باران بارین ئەم ساڵ تا 2018-02-23 | جیاوازی باران |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 200.7 | 255.2 | 54.5 |
| 2 | سلێمانی | 359.8 | 540 | 180.2 |
| 3 | دهۆک | 214 | 205.6 | -8.4 |
| 4 | کەرکوک | 149.9 | 167.9 | 18 |
| 5 | هەڵەبجە | 279 | 333 | 54 |

بەشی پێش بینی
2018-02-24


تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-24 11:59:02 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 57
## چافرۆشەکانی مەریوان پەیوەست بە ڕیزی ژینگەپارێزانەوە بوون
https://www.kurdipedia.org/?q=20181230115751181977
ئاژانسی کوردپا: چافرۆشەکانی مەریوان، لە کردەوەیەکی سەمبۆلیکدا و بە مەبەستی پاراستنی دارستانەکانی زاگرۆس، سەماوەرە خەڵووزییەکانی خۆیان کرد بە گوڵدان بۆ چاندنی بەرووو و لەمەوبەدوا لە سەماوەری گازی کەڵک وەردەگرن.

بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پاش لەنێوچوونی بەربڵاوی دارستانەکانی زاگرۆس، بەتایبەت لە مەریواندا، بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، چافرۆشەکانی ئەم شارە، ئامادەیی خۆیان بۆ کەڵکوەرگرتن لە گاز بۆ سەماوەرە خەڵووزییەکانیان دەربڕی.
ئەم کارە پاش قەیرانی لەنێوچوونی دارستانەکانی زاگرۆس، بەتایبەت لە ناوچەی مەریوان و بڕینەوەی دارەکان و فرۆشتن و قاچاخی دارەکان و هەروەها گۆڕینی کاربەریی دارستانەکان بۆ زەوینی کشتوکاڵی و باخ و هەروەها گەرمبوونی بازاڕی ئەوانەی کە کەبابییان هەیە، یان ئەوانەی کە چای بە خەڵووز دروست دەکەن و نێرگەلە دەفرۆشن ئەنجام دراوە.
هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی سێشەممە، 4ی بەفرانبار، پدرام هێجرانی، یەکێک لەو لاوانەی کە لە زرێباری مەریواندا، چای دروستکراوی سەر خەڵووزی دەفرۆشت، بە دروشمی نا بۆ لەنێوبردنی دارستانەکانی زاگرۆس، سەماوەرە خەڵووزییەکەی خۆی کرد بە گوڵدانێک بۆ چاندنی بەڕوو و لەمەوبەدوا، لە سەر سەماوەری گازی چای ساز دەکات.
پاش ئەم کارە سەمبۆلیکەی پدرام هێجرانی، فاتح بادغەن، چافرۆشێکی دیکە، لە نزیکەی پارکی میللەتی مەریوان، سەماوەرەکەی خۆی کردە سەماوەری گازی و چووە ڕیزی ژینگەپارێزانەوە.
ئەم کارەی چافرۆشانەی مەریوان، پێشوازیی گەرمی ئەنجومەنی چیای سەوزی مەریوانی بەدواوە بوو و لە ڕێوڕەسمگەلێکی جیاجیادا، ڕێزیان لەم دوو چافرۆشە گرت.
ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان هیوادارە، کە هەموو ئەو کەسانەی کە پیشە و کارەکانیان بە خەڵووز ئەنجام دەدەن، بە زووترین کات، لە جیاتی خەڵووز، گاز بەکار بێنن.[1]
2018-12-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: هۆشیاریی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-30 11:57:51 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 58

## چالاکانی ژینگەپارێزی دەسبەسەر کراو بە تێرۆر تۆمەتبار کران

https://www.kurdipedia.org/?q=20190108132738187501



ئاژانسی کوردپا: جێگری سیاسی، ئەمنییەتی و ئینتزامیی پارێزگای سنە، چالاکانی ژینگەپارێزی کوردی بە تێرۆر تۆمەتبار کرد.
ڕۆژی دووشەممە 17ی بەفرانبار،حوسێن خۆش‌ئیقباڵ، جێگری سیاسی، ئەمنیەتی و ئینتزامیی پارێزگای سنە لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی حکوومەتی ئیرنا سەبارەت بە دەسبەسەر کردنی چالاکانی ژینگەپارێزی ڕایگەیاند: لە ڕۆژانی ڕابردوودا، چەند کەس لە ئەندامانی گرووپە دژبەرەکانی نیزام، کە لە ژێر ناوی ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکان، کاری تاوانکارنەیان ئەنجام دەدا، دەسبەسەر کراون.
ناوبراو ئیدعای ئەوەی کردووە کوژرانی کۆسار فاتحی شۆفیری ئامبۆلانسی هیلال ئەحمەری شاری کامیاران لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ بە پشتیوانی چالاکانی ژینگەپارێزی دەسبەسەرکراو، ڕوویداوە.
جێگری سیاسی، ئەمنییەتی و ئینتزامیی پارێزگای سنە لەو پەیوەندییەدا، ڕایگەیاندووە: بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکان و زانیارییە بە دەست‌هاتووەکان لە لایەن ناوەندە ئیتلاعاتییەکانەوە، ژمارەیەک لە بکەران و دەستوپەیوەندییەکانی سەر بەگرووپەکانی دژە شۆڕش، لە کوژرانی شوفیری ئامبۆلانسی هیلال ئەحمەر کە لە چوارچێوەی چالاکانی ژینگەپارێزی ئەرکی پشتیوانی لە ئەستۆ بووە و ناسێندرا و دەسبەسەر کراون.
شەوی هەینی 29ی پووشپەڕی ئەمساڵ، کۆسار فاتحی، شوفیری ئامبۆلانس لە سێڕیانی بیارە، لە شاری کامیاران لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرا.
لە ڕۆژی دووشەممە 10ی بەفرانبارەوە هەتا ئێستا، 10 کەس لە چالاکانی ژینگەپارێزی و مەدەنیی لە شارەکانی کامیاران و سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون و هێزە ئیتلاعاتییەکان لە کاتی دەسبەسەر کردنی ئەم چالاکانەدا، ئازار و ئەشکەنجەی ئەو چالاکانەیان داوە.
ئەم 10 چالاکە کوردە، بۆ لێپرسینەوە لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سنەدان و لە چارەنووسیان هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە.[1]
2019-01-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏵 تایبەتمەندییەکانی ژینگە: 👎 شێواندنی ژینگە
🗺 وڵات: ⇨ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🏠 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 08-01-2019
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-08 1:27:38 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 59
**چاندنی 4 هەزار بەڕوو بە بۆنەی قوربانیانی بوومەلەرزەی کرماشان لە شاری جوانڕۆ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181114165248104771

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە 22ی خەزەڵوەر، بە هیمەتی ئەنجومەنی سەوزی ماپرێس لە شاری جوانرۆ و بەشداری لایەنگەرانی ژینگە، نزیکەی 4 هەزار بەڕوو بە بۆنەی یەکەمین ساڵڤەگەڕی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان لە بەرزاییەکانی پارکی جەنگەڵی ماپرێس چێندران.
بەشداربووانی ڕێوڕەسمی چاندنی بەڕوو، وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەری قوربانیان و لێقەوماوانی ئەو ڕووداوە، بەڕوویان وەکوو سێمبولی خۆڕاگری لە بەرانبەر کێشە و دژوارییەکان زانیووە.
ئامانج لەو ڕێوڕەسمە، لابردنی ئەو خەم و خەفەت و نارەحەتیانە بوو کە لە ئەنجامی بوومەلەرزەی ساڵی ڕابردوو و هەروەها هەست بە بەرپرسایەتی بە نیسبەت پاراستن و بووژاندنەوەی داربەڕووەکانی زاگرۆس ڕاگەیاندووە.
پاش تەواو بوونی ئەم ڕێورەسمە، ئەنجومەنی سەوزی ماپرێس وێڕای سپاس و پێزانین لە تەواوی بەشداربووانی ئەو ڕێوڕەسمە کە یاد و بیرەوەری بەرکەوتووانی بوومەلەرزەی کرماشانیان بە باشتری شێوە و بەم هەوڵە ژینگەپارێزیە بەرزڕاگرتووە، تەواوی لایەنگەرانی ژینگەپارێزیان لە کوردستان بانگهێشت بە چاندنی بەڕوو کردووە.[1]
2018-11-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: هۆشیاریی ژینگە

شار و شارۆچکەکان: جوانرۆ

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-14 4:52:48 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 60

## چەمچەماڵ: لە ساڵی 2017دا 627 ڕاوچی دەستگیرکراون

https://www.kurdipedia.org/?q=20180118153309998O7

دوارۆژ، بەختیار شەریف
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی رایدەگەیەنێت، لەساڵی 2017دا بنکەکانیان لەسنوری قەزای چەمچەماڵ 627 ڕاوچییان دەستگیرکردووە و کەلوپەلەکانیشیان دەستیان بەسەردا گیراوە.
عەقید هێمن کەمەرخان ئەفەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ئەمڕۆ پێنجشەممە 18ی کانوونی دووەم بەدوارۆژی ڕاگەیاند لەماوەی 15 ڕۆژی سەرەتای ئەمساڵدا لە سنوری قەزای چەمچەماڵ 27 هاووڵاتی دەستگیرکراون کە ڕاو و سەرپێچی جۆراوجۆری وەکو (ڕاوکردنی ئاسک و باڵندە و ئاژەڵی کێوی و بڕینی دار)یان ئەنجامداوە.
ڕاشیگەیاند لەگەڵ دەستگیرکردنی ئە و ڕاوچی و هاووڵاتیانەدا دەستیشگیراوە بەسەر 3 ئاسکی سەربڕاو و ڕێوی و کەروێشکی ڕاوکراودا، لەگەڵ لایتی دەستی و تۆڕی ڕاوکردن و داری سروشتی بڕدراو.
سەبارەت بە ئاماری ساڵی 2017ی بنکەکانیان لەسنوری چەمچەماڵ، وتیشی لەساڵی ڕابردوودا 627 هاووڵاتی لەسەر ڕاوکردن و سەرپێچی جۆراوجۆر لەسنوری قەزای چەمچەماڵ دەستگیرکراون، لە و ژمارەیەش 141 کەس لەسەر ڕاوی باڵندە، 9 کەس لەسەر ئاژەڵی کێوی، 181 کەس لەسەر ڕاوە ماسی لەوەرزی قەدەغەی ڕاودا، 44 کەس لەسەر دروستکردنی خەڵوز، 79 کەس لەسەر داربڕین لەگەڵ 27 کەسی تریش لەسەر کردنەوەی ئاگر لەکەژ و کێوەکانی سنورەکەدا دەستگیرکراون.

وتیشی له و ساڵەدا (75) چەکی جۆراوجۆری وەکو (کلاشینکۆف، دەمانچە، شێرسە، تاپر و N4)، لەگەڵ (700) فیشەکی ئە و چەکانە دەستیان بەسەردا گیراوە، لەگەڵ 81 باڵندەی کێوی راوکراودا.[1]
2018-01-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-18 3:33:09 PM

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 61

## حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشە بۆ زۆربەی ئە و سندوقانە دروستدەکات کە پارەیان تیادایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180221154442103512

دوارۆژ، عیسا عەبدولقەهار

بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشە بۆ زۆربەی ئە و سندوقانە دروستدەکات کە پارەیان تیادایە، پسپۆڕێکی ئابووریش پێیوایە، بەهۆی بەکارهێنانی پارەی سندوقەکان، บارودۆخی دارایی چەند توێژێکی هەرێم سەختتر بووە.

لە هەرێمی کوردستان، بۆ چەند چین و توێژێک سندوق دانراوە کە لەلایەن خێرخوازان و وەزارەتی دارایی هەرێم مانگانە پارەی بۆ کۆدەکرێتەوە و بەپێی یاسا دەبێت سندوقەکان لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار و رێکخەراني سندوقەکە بەکاربهێنرێت، بەڵام حکومەتی هەرێم لەکاتی قەیرانی دارایی بەکاری هێناوە و تائێستا هیچ وادەیەکی بۆ گەڕانەوەی پارەکان دیارینەکردووە.

سندوقی کۆمەکی تووشبووانی شێرپەنجە، بە یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2012ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە و بەپێی یاساکە، دەسەڵاتی خەرجکردنی پارەکە دەبێت تەنیا بۆ بواری شێرپەنجە خەرجبکرێت، بەڵام پارەکەی بۆ بواری تر خەرجکراوە.

حکومەتی هەرێم بە بیانووی قەیرانی دارایی بڕی 72 ملیار دینار و بڕی یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلاری لە سندوقی کۆمەکی تووشبوانی شێرپەنجە بردووە و خەرجیکردووە، لەکاتێکدا ئە و پارەیە لەلایەن خێرخوازان و کۆمەکبەخشان کۆکراوەتەوە.

لەو بارەیەوە شێرکۆ حەمەئەمین، ئەندامی لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستان بە دوارۆژی راگەیاند حکومەت لەجێگەی هاوکاریکردنی تووشبوانی شێرپەنجە، زیانی زۆری پێگەیاندوون و سەرجەم ئە و پارەیەی بردووە کە لە سندوقی کۆمەکی شێرپەنجە دانرابوو.

وتیشی لەرێگەی پەرلەمانی کوردستان توانیمان یاداشتێک بۆ داواکاری گشتی هەرێم بەرزبکەینەوە و لەسەر یاداشتەکە داواکاری گشتی هاتۆتە دەنگ و رێکاری گرتۆتەبەر بۆ گەڕانەوەی پارەکە، بەڵام تائێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان، رونیکردەوە بردنی ئە و پارەیە بە بیانووی قەیرانی داراییەوە لەلایەن حکومەتی هەرێم بووە، بەڵام بەپێی بەواداچوونەکانمان دەرکەوتووە حکومەت ئامادەنییە پارەکە بۆ توشبووانی شێرپەنجە و توێژەکانی تر بگەڕێنێتەوە کە بەکاریهێناوە.

بەپێی یاسای ژمارەی 8ی ساڵی 2008ی دەستەی ژینگە باس لە سندوقی ژینگە کراوە، بەڵام دوای دەرچوونی ڕێنمایی تایبەت، سندوقەکە لە 2012 دامەزراوە، لەئێستادا سندوقەکە بڕی 200 ملیۆن دیناری تیادایە، بەڵام حکومەتی هەرێم ڕێگەنادات دەستەی ژینگە پارەکە بۆ بواری ژینگە خەرجبکاتەوە.
لەوبارەیەوە حاکم سەمەد محەمەد، بریکاری دەستەی ژینگەی هەرێم بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە بە دواڕۆژی وت داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە ڕێگەمان پێدات پارەی سندوقەکە بۆ بواری ژینگە خەرجبکرێتەوە، بەڵام تائێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە.
سندوقی ژینگەی هەرێم، سێ سەرچاوەی داهاتی هەیە، یەکێکیان بریتی یە لە و بودجەیەی کە حکومەتی هەرێم ساڵانە بۆ خزمەتی ژینگە لە و سندوقەی دادەنێت، هەروەها سەرچاوەی دووەم بریتییە لە هاوکاری ئە و کەس و ڕێکخراوە خێرخوازە ژینگەییانەی کە هاوکاری سندوقەکەیان دەکەن، سێیەم سەرچاوەی سندوقەکە ئە و سزایانە دەگرێتەوە کە لە پاڵاوگە و نەخۆشخانە و شوێنەکانی تر وەرگیراون.
هاوکات ئەندامێکی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەران، ئاماژە بەوەدەکات کە حکومەتی هەرێم دەستکاری سندوقی پارەی پارێزەرانی کردووە و بڕی زیاتر لە شەش ملیار دیناری بردووە.
سەرکەوت نەسرەدین، ئەندامی سەندیکای پارێزەران بە دواڕۆژی ڕاگەیاند سندوقی خانەنشینی پارەێزەران کە زیاتر لە شەش ملیار دیناری پارێزەرانی تیادابووە لەلایەن حکومەتی هەرێم بەکارهێنراوە و حکومەت ئامادەنییە بۆمان بگەڕێنێتەوە.
ئەمین ئیسماعیل، پسپۆڕی ئابووری، پێیوایە بەکارهێنانی پارەی سندوقەکان کێشەی زۆر بۆ چین و توێژەکان دروستدەکات، لەوبارەیەوە بە دواڕۆژی وت بەکارهێنانی پارەی سندوقەکان لەلایەن حکومەتەوە، بێ متمانەیی دروستکردووە و وایکردووە خێرخوازان هاوکاری ئە و توێژانە نەکەن کە پێویستییان بە هاوکارییە، لەلایەکی تریشەوە باری گوزەرانیانی سەختتر کردووە، چونکە لەکاتی پێویستدا ناتوانرێت هاوکاری ئە و توێژانە بکرێت.
لەبارەی بەکارهێنانی پارەی سندوقەکان، دواڕۆژ پەیوەندی بە چەند بەرپرسێکی حکومەت و هەرێم و بەرپرسانی وەزارەتی داراییەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون لێدوان بدەن.[1]
2018-02-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری و نەوت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: قەیران
جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەندەڵی
جۆری ئامار و ڕاپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-21 3:44:42 PM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

بابەت: 62

## خانەقین: ژمارەی باخە سووتاوەکان گەیشتە (150) باخ

https://www.kurdipedia.org/?q=2013071211390189598

نیوەڕۆی ئەمڕۆ (پێنجشەممە 11ی تەمووز) باخێکی دیکەی شاری خانەقین ئاگری تێبەردرا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش نیگەرانن لە سووتاندنی باخەکان، داواش دەکەن ڕێگە لە گڕتێبەردانی ئەو باخانە بگیرێت، یان بەرپەرسان دەست لە پۆستەکانیان بکێشنەوە.
سەلام عەبدوڵلا، ئەندامی لیژنەی بەرگری لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خانەقین، کە لیژنەکەیان لە ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی پێکهاتووە، بۆ خەندان، رایگەیاند : نیوەڕۆی ئەمڕۆ باخێکی دیکەی شارەکەمان گڕی تێبەردرا و بەپەلە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە گەیشتنە شوێنی ئاگرەکە بۆ کوژاندنەوەی.
ئاماژەی بەوەشدا، کە ماوە ماوە باخێک یان دوو باخ پێکەوە ئاگریان تێبەردەبێت، وتیشی : تا ئێستا نزیکەی (150) حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە باخەکانی خانەقین کەوتوونەتەوە، ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانیمان.
ئە و چالاکوانە مەدەنییە، ئەوەشیخستەڕوو، لەسەر ئاگرتێبەردانی باخەکانی خانەقین، تائێستا کەس دەستگیرنەکراوە، وتیشی : دەنگۆی ئەوە هەیە، کە مەبەست لە سووتاندنی باخەکان ئەوەیە، زەوییە کشتوکاڵییەکان بکرێنە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش زیانێکی گەورەیە بۆ سەروەت و سامانی ناوچەکە و ژینگەکەشی، بۆیە داوا لە بەرپرسان دەکەین، یان ڕێگە لە گڕتێبەردانی باخەکان بگرن، یان دەستلەکار بکێشنەوە لە پۆستەکانیان.
2013-07-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-12
کاتی تۆمارکردن: 2013-07-12 11:39:01 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 63

## خۆڵبارین 500 هاوڵاتی لە هەولێر ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171029112818102637

دوارۆژ، ئاوارە حەمید
لەماوەی 12 کاتژمێری رابردوودا، بەهۆی ئە و خۆڵبارینەی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە 500 هاوڵاتی لە هەولێر سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە، بەشێکیان لەنەخۆشخانە ماونەتەوە و تەندروستیش هۆشداری دەداتە هاوڵاتیان.
سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئەمڕۆ یەکشەممە 29ی تشرینی یەکەمی 2017، بە دوارۆژی وت لە کاتژمێر 8:00ی ئێوارەی دوێنێ شەممەوە تاوەکو کاتژمێر 8:00ی بەیانی ئەمڕۆ (12 کاتژمێری رابردوو)، بەهۆی خۆڵبارینەوە 500 هاوڵاتی سەردانی نەخۆشخانەکانی هەولێریان کردووە.

وتیشی، ئه و کەسانەی سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە چوار بۆ پێنج کاتژمێر لە نەخۆشخانە ماونەتەوە و لە و ماوەیەدا چارەسەریان بۆ کراوە و رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە و هیچ حاڵەتێکی گیانلەدەستدان نەبووە.
بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر داواشی لە خەڵک کرد بەتایبەت ئه و کەسانەی نەخۆشی رەبۆ و هەستەوەری (حەساسیەت)یان هەیە تاوەکو بۆیاندەکرێت لەماڵەوە نەیەنەدەرەوە، بۆ ئەوەی کاریگەری خۆڵبارینان لەسەر نەبێت.
پێشتر بژار ئەکرەم، بەرپرسی بەشی پێشبینی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم بە دوارۆژی راگەیاند کاریگەری خۆڵبارین تاوەکو شەوی داهاتوو بەردەوامی دەبێت.[1]
2017-10-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-10-2017
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-29 11:28:18 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 64
**دابەشنەکردنی نەوت دارستانەکان قڕ دەکات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181203154333168605



هاوڵاتیانی گوندەکانی چۆمان دەستیان بە بڕینەوەی دارەکان کردووە بۆ خۆ گەرمکردنەوە و تەنانەت داری تەڕی گۆڕستانەکانیش دەبڕنەوە، هاوڵاتییەک دەڵێت بەهۆی نەبوونی نەوت و لە ناچارییدا ئەوکارە دەکەن و بەرپرسێک-یش دەڵێت:هێشتا نۆبەتی ئەم ناوچەیە نەهاتووە بۆ وەرگرتنی نەوت.
لە سنووری شارەدێی سمیلانی سەر بە شارۆچکەی چۆمان لە سنوری پارێزگای هەولێر، تا ئێستا بەشە نەوتی ساڵانەی ماڵان دابەش نەکراوە و هاوڵاتیانی شارەدێکە و گوندەکانی دەوروبەر دار دەبڕنەوە بۆ خۆ گەرمکردنەوە.
چۆمان ناوچەیەکی شاخاوی و بەفراوییە و یەکێکە لە ناوچە هەرە ساردەکانی هەرێمی کوردستان، لەو ناوچەیە زووتر وەرزی سەرما دێت و درەنگ تەواو دەبێت، بۆیە پێویستە هەر لە سەرەتای وەرزی پایزەوە نەوت بەسەر ماڵاندا دابەش بکرێت.
ئەوەی لەو ناوچەیە زیاتر لە هەر شتێک نیگەرانیی دروست دەکات قڕکردنی دارستانەکان و بڕینی داری تەڕە، کە لق و گەڵا سەوزەکانی پێوەیە، وەک حەمید روستی دانیشتووی گوندی ڕوستی باسیکرد، ئێستا هاوڵاتیان تەنانەت داری گۆڕستانەکانیش دەبڕنەوە، کە شوێنێکی پیرۆزە و لە ڕابردوودا کەس دەستی بۆ نەبردووە.


حەمید، دەڵێت:هاوڵاتیان لە ناچارییدا پەنا بۆ بڕینەوەی دار دەبەن، سەرمایەکی زۆر هەیە و نەوتیش نییە تا بۆ خۆ گەرمکردنەوە بەکاری بهێنین.
لە دەڤەری چۆمان لەجیاتی سێ مانگ هاوڵاتیان شەش مانگ گەرمکەرەوە بەکاردەهێنن و پێویستیان بە سۆبا هەیە، بۆیە هاوڵاتیانی سنوورەکە دەڵێن، لەجیاتی بەرمیلێک نەوت لە ساڵێکدا پێویستان بە چوار بەرمیل نەوت دەبێت، بۆیە دابەشکردنی یەک بەرمیل نەوت تەنیا بڕینەوەی دارەکان کەم دەکاتەوە، نەک دەستبەرداربوون لە بڕینەوەی دار.
لە بەرامبەردا، فەیسەل ئالانی، بەڕێوبەری شارەدێی سمێلان بە ڕۆژنیوزی وت: پارە لە هاوڵاتیان وەرگیراوە بۆ پێدانی نەوت و لای بریکارەکانە، بەڵام تا ئێستا نەوت نەگەشتووەتە سنوورەکە نۆبەمان بەرنەکەوتووە، هەوڵ دەدەین بە زوترین کات وەریگرین و دابەشی بکەین.
هاوشێوەی هاوڵاتیان، ئەو بەرپرسەش لەگەڵ ئەوەدایە، کە دەبێت بەشە نەوتی چۆمان زیاتربوایە لە ناوچەکانی دیکە، بەڵام وەک ئەو باسی کرد، چەندجارێک داواکاریان بۆ ئەو مەبەستە ئاڕاستەی سەروو خۆیان کردووە و بێ ئەنجام بووە.
سەبارەت بە بڕینەوەی دار، کە بووە بە دیاردەیەکی زەق لە سنوورەکە، فەیسەڵ ئالانی، وتی: ئێمە ئەو دیاردەیەمان قەدەغەکردووەو وە ڕێگرییمان لێکردووە، بەڵام ئەوەش نازانین کە خەڵکانێک بە نهێنیی دەستیان بۆ ژینگەی ناوچەکە درێژکردبێت.
فەیسەڵ، وتیشی: پێشتر پێشمەرگەی ژینگە لە ناوچەکە هەبوو، کە ڕێگرییان دەکرد لە بڕینی دار و ڕاوکردن، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە، چوونە بەرەکانی جەنگ و تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە، بۆیە ئێمە ناچارین بە پۆلیس و ئاسایش ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە.[1]
2018-12-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: هۆشیاریی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-03 3:43:33 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 65
**دارخورماکانی خانەقین لە ڕەگەوە هەڵدەکەندرێن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190109120129188453



هاوڵاتییەکی شارۆچکەی خانەقین زیاتر لە 100 دارخورمای لە ڕەگەوە هەڵکەندووە، بە مەبەستی ئەوەی لە شوێنەکیدا خانوو دروست بکات، پۆلیسیش دەستگیری کرد.
دوێنێ لە گەڕەکی ئیمام عەباس-ی شارۆچکەی خانەقینی سەر بە پارێزگای دیالە، 100 دار خورما لە ڕەگەوە هەڵکەندرا، بەمەش زیانێکی زۆر بە دارستان و ژینگەی خانەقین گەیشت.
بەگوێرەی لێدوانی دیار شەوکەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین بۆ ڕۆژنیوز، هاوڵاتییەک ئەو کارەی ئەنجامداوە و ویستوویەتی لە شوێنەکەیدا خانوو دروست بکا، لەکاتێکدا ئەو زەوییە موڵکی گشتییە.
بەڕۆژنیوزی وت: لەسەر بڕینی ئە و دارە خورمایانەی نێو شارۆچکەکە، کەسێک دەستگیرکراوە و دانی بەوەداناوە ویستویەتی شوێنی ئە و دارانەی هەڵیکەندووە داگیری بکات و تێدا خانویەک دروست بکات، بڕینەوەی دارەکان هیچ پەیوەندییەکی بەکردەوەی تیرۆریستی و کاری ترەوە نیە، هاوڵاتییەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە.
بڕینەوەی ئەو دارخورمایانە، نارەزایی هاوڵاتیانی خانەقینی بەدوای خۆیدا هێناوە و داوادەکەن، کە لایەنە پەیوەندیدارەکان سزای ئەو کەسانە بدەن، کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن.
سەلام عەبدوڵا، ئەندامی لیژنەی کاری هەرەوەزیی خانەقین، دەڵێت: بڕینەوەی دار بۆ هەر مەبەستێک و لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت کاریهکی خراپە و پێویستە ڕێگری لیبکرێت.
هەروەها، ئیبراهیم زەریف، ژینگە پارێز، بەڕۆژنیوزی وت: بڕینەوەی ئەو دارانە زیانێکی گەورەی بە ژینگەی خانەقین گەیاندووە و تاوانە دەرهەق بەژینگەی ناوچەکە کراوە، بۆیە پێویستە بکەری ئەم کردەوەیە سزایەکی زۆر توند بدرێت.[1]
2019-01-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-09 12:01:29 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 66

## دارستانەکانی مەریوان لە بێدەنگیدا دەمرن

https://www.kurdipedia.org/?q=20180417162802148604

ئاژانسی کوردپا: ناوەندە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، بە مەبەستی سازکردنی بنکەیەکی نیزامی، دەستیان داوەتە تێکدانی ناوچەیەکی فراوانی لە دارستانەکانی ناوچەی سەرکەلی شاری مەریوان.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لەم چەند ڕۆژەی دواییەدا، دارستانەکانی گوندی سەرکەل بۆ لای گوندی باڵک، سەر بە شاری مەریوان بە بۆردیزڵ و شۆفڵەکانی حکوومەتەوە وێران و بە جادە دەکرێن.

بە وتەی شایەتحاڵان، ئەم جادەیە بۆ شاخی تەقتەقەی سەرکەل بە مەبەستی سازکردنی بنکەیەکی نیزامی لێ دراوە.
درێژی ئەم جادەیە نزیکەی 4 کیلۆمێتر و پانییەکی 7 مێترە، کە لە گوندی سەرکەل دەستی پێ کردووە و لە ماوەی 20 رۆژدا کاری 3 لەسەدی ئەم جادەیە تەواو بووە و لە ئێستەدا بەرەو گوندی باڵک دەڕوات.
ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، لە کاردانەوە بە تێکدانی دارستانەکانی سەرکەل ڕایگەیاندووە: بە سەرنجدان بە پێویست نەبوونی جادەی سەرکەل بۆ گوندی باڵک لە کاتێکدا کە گوندی سەرکەل خاوەنی جادەیە، لە ڕاستیدا تێکدانی تەواوی دارستانەکانی ناوچەکە، هیچ پاساوێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەپارێزی هەڵناگرێت.
ئەم ئەنجومەنە ژینگەپارێزییە لە درێژەدا دەڵێت: ئیدارە و ناوەندەکانی پەیوەندیدار لە کوێی ئەم پرسەدان کە بێدەنگیان هەڵبژاردووە، لە کاتێکدا جادە قەتڵگەی مەریوان- سنە نزیک بە سێ دەیە هێشتا تەواو نەکراوە؟!!
چالاکانی ژینگەپارێزی لەو باوەڕەن، کە تێکدانی دارستانەکانی سەرکەل، زەربەیەکی گەورە لە پەیکەری ئەو دارستانە دەدات، خەسارەکەشی قەرەبوو ناکرێتەوە، لە داهاتوودا زیانی بۆ ژینگەی دەوروبەر و لایەنگرانی ژینگەپارێزی دەبێت.[1]
2018-04-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 17-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-17 4:28:02 PM

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 67

**دوا هەناسەکانی گۆلی ورمێ؛ بە پێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان تا ساڵی 2015 زیاتر لە 80٪ پانتایی ئەو گۆلە وشک بووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180407192504103716

هاوکات لەگەل کەم بونەوەی 23 کیلومەتری دووجا، لە پانتایی گۆلی ورمێ-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جێگری وەزیری جەهادی کەشاوەرزی ڕایگەیاند کە ئەمساڵ 50٪ بارینی باران کەمتر بووەتەوە، و ئەم کەم ئاوییە کاریگەری زۆری لەسەر وشک بوونی گۆلی ورمێ داناوە.
بە پێی ئەو ڕاپۆرتی هەواڵنێری میهر-ی ئێران، پانتایی گۆلی ورمێ گەیشتووەتە 2هەزار و 276 کیلۆمەرتی دووجا بە بەراوەرد بە ساڵی پێشوو 23 کیلۆمەتر کەمی کردووە.
تا ئیستا چەندین جار بەرپرسانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەڵینی ئەوەیان داوە کە بۆ ڕزگار کردنی گۆلی ورمێ، کار بکەن بەڵام هەتاکو دەڕوات دۆخی گۆلی ورمێ خراپتر دەبێت،
بەدەیان جار چالاکانی ژینگە لە پارێزگای ورمی بە ئامانجی ڕزگارکردنی گۆلی ورمێ لە وشک بوون دەستیان داوەتە نارەزایەتی دەربڕین، کە تا ئیستا چەندین چالاکی ژیگەیی ئەو پارێزگایە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەرکراون.
گۆلی ورمێ گەورەتین گۆلی ئێرانە کە لە ساڵی 2005 بەملاوە بەرەو وسک بوون دەڕوات، بە پێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان تا ساڵی

2015 زیاتر لە 80٪ پانتایی ئەو گۆلە وشک بووە.[1]
2018-04-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-07 7:25:04 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 68

## دەریاچەی ورمێ تا دەچێت وشکتر دەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171220113900103207

سەرۆکی ناوەندی ژیانەوەی دەریاچەی ورمێ لە پارێزگای ورمێ دەڵێت، کە لە ماوەی ساڵێکدا رووبەری فراوانیی دەریاچەی ورمێ 242 کیلۆمەتر کەمی کردووە.
ئەمرۆ فەرهاد سەرخۆش، سەرۆکی ناوەندی ژیانەوەی دەریاچەی ورمێ لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئیرنای ئێرانی وتی، کە رووبەری فراوانیی دەریاچەی ورمێ تا هەزار و 734 کیلۆمەتر دابەزیوە، واتە لە ماوەی ساڵێکدا 242 کیلۆمەتر رووبەری فراوانییەکەی کەم بووەتەوە.
راشیگەیاندووە، کە بەراورد بە 15 ساڵ پێش ئێستا، رووبەری فراوانی دەریاچەکە دوو هەزار و 779 کیلۆمەتری چوارگۆشە کەمی کردووە.
سەرخۆش یەکێک لە هۆکارە سەرکەییەکانی کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاچەی ورمێی بە بارینی کەم لە ساڵی رابردوودا ناوزەدکردووە.
هەروەها ئاماژەی بە ژمارەی زۆری ئەو بەنداوانەش داوە کە رێگای رژانی ئاوی رووبارەکان بۆ دەریاچەی ورمێیان گرتووەو وتوویەتی: تا کاتێک هەموو بەنداوەکان نەکرێنەوە ئاوی دەریاچەی ورمێ هەر کەمتر دەکات.[1]
2017-12-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 20-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-20 11:39:00 AM

ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 69

**دەستەی ژینگە هەڵدەوەشێتەوە و دەخرێتە ناو وەزارەتی شارەوانییەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190108102021187497



لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەی ژینگە دەخرێتە سەر وەزارەتی شارەوانی، وتەبێژی دەستەکەش ڕایدەگەیەنێت تا ئێستا ئەوان بە فەرمی لەو بارەیەوە ئاگادارنەکراوەنەتەوە، چالاکوانانی ژینگەش دەڵێن: هەنگاوێکی لەو شێوەیە زیان بە کەرتی ژینگە دەگەیەنێت.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەست ئاژانسی رۆژنیوز کەوتووە، لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە و لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیی هەرێم تێکەڵ دەکرێت و چیتر ژینگە وەک دەستەیەکی سەربەخۆ نەمێنێتەوە.

هەندرێن شێخ راغب، وتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بە رۆژنیوزی راگەیاند، ئەوان تا ئێستا بە فەرمی لە بڕیارێکی لەو شێوەیە ئاگادارنەکراونەتەوە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ماوەیەکە ئەو دەنگۆیە هەیە و نازانن تا چەند دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەبارەی ئەگەری پەیوەستکردنی دەستەی ژینگە بە وەزارەتی شارەوانیەوە، هەندرێن شێخ راغب ڕایگەیاند: ئەگەر پلانێکی لەو شێوەیە هەبێت، دەبێت لە کارنامەکەشیدا ئەوەی تێدا بێت کە بە چ رێگایەک دەستەی ژینگە لەناو وەزارەتی شارەوانیدا خزمەت بە بواری ژینگە دەکات، چونکە ژینگە کەرتێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان.

بەپێی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2008 پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەندی کرد، پێویستە وەزارەتی ژینگەی هەرێم دابمەزرێت و ئەنجومەنێکیشی هەبێت بەناوی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا، بەڵام دواتر و لە ساڵی 2010، پەرلەمان یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد و کاروبارەکانی ژینگەی هەرێم بەو دەستەیە سپێردرا.

ئاسۆ شکاک، سەرۆکی رێکخراوی ئاڤیاری ژینگەیی بە رۆژنیوزی ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەوەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خەمی ژینگەدا نەبوو و نەیتوانی خزمەتێکی باش بە بواری ژینگە بکات، بەڵام ئەگەر دەستەی ژینگە بچووک بکرێتەوە ئەوا زیانێکی زۆر بە بواری ژینگە دەگات.

سەرۆکی رێکخراوی ئاڤیار، وتیشی:پێویستە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جدیی بکات بۆ ئەوەی پەرە بە بواری ژینگە بدات لە هەموو روویەکەوە، نەوەک بچوکتری بکاتەوە، لە راستیدا پێمان باشە ئەو دەستەیە بکرێتەوە بە وەزارەتێکی سەربەخۆ، بۆئەوەی بتوانێت خزمەتی زیاتر بە ژینگەی هەرێمی کوردستان بکات.

هەڵوەشانەوەی دەستەی ژینگە، لە چوارچێوەی بچووککردنەوەی هەیکەلەی ئیداریی دێت، کە دەوترێت لە کابینەی نوێدا بە تێکەڵکردن و هەڵوەشانەوەی چەند وەزارەت و دەستەیەک، ئەنجام دەدرێت.
بە پێی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 1992ی ئەنجوومەنی وەزیران، کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسندکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکراوەیە بە گەورەکردن و بچووککردنەوە هەیکەلی ئیداریی حکومەتەکەی، ئەو ڕێکارەش دەبێت لە پەرلەمانەوە متمانەی پێبدرێت.[1]
2019-01-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پاراستنی ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-08 10:20:21 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 70
## دەستەی ژینگە: هیچ پاڵاوگەیەکی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی یاسایی نییە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180904125845683308
سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات، کە هیچ پاڵاوگەیەکی سوتەمەنیی لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتی یاساییان نییە، ڕاشیدەگەیەنێت: لە کۆی 200 پاڵاوگە تەنها 28-یان دەهێڵدرێنەوە و ئەوانی دیکە دادەخرێن.
ئەمڕۆ لە بینای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر، هەڵۆ عەسکەریی، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی سەبارەت بە پاڵاوگەکانی سوتەمەنیی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا.
لە کۆنگرەکەدا، ڕایگەیاند: سەرجەم کۆمپانیاکانی نەوت و غاز بانگهێشتکراون بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی پیسکردنی ژینگە و ڕێگریکردن لە پیس بوونی ژینگە و لێپرسینەوە و داخستنی ئەو پاڵاوگانەی دژی ڕێنماییەکانمان کاردەکەن.
هەڵۆ عەسکەریی، وتیشی: تا ئێستا هیچ پاڵاوگەیەک لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتی یاساییان نییە، بەڵام هەندێک پاڵاوگە لەلایەن هەندێک کۆمپانیاوە بەناوی کارگەی قیر کراونەتەوە، کە ئەوەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمە.
سەرۆکی دەستەی پاراستنی ژینگە، ڕاشیگەیاند: کە لە مانگی شەش-ی ئەمساڵ، بڕیارێک لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری غاز دەرکراوە، بۆ داخستنی سەرجەم ئەو پاڵاوگانەی کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە و دەبێت خاوەنی پاڵاوگەکە شوێنی پاڵاوگەکەش چاک بکاتەوە.
هەڵۆ عەسکەریی، سەرۆکی دەستەی پاراستنی ژینگە، وتیشی: بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆی 200 پاڵاوگە تەنها 28-یان دەهێڵدرێنەوە و ئەوانی دیکە دادەخرێن، ئەو 28 پاڵاوگەیەش هیچیان مۆڵەتی فەرمییاننییە، بەڵام دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە 21 مەرجی بۆ کارکردنیانداناوە تا بتوانن کاربکەن، ئەگەریش پابەندی ڕێنماییەکان نەبن ئەوانیش دادەخرێن.[1]
2018-09-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-04 12:58:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 71

**دەستەی ژینگەی هەرێم لەبارەی پیسبوونی ژینگە بە تیشک هۆشداریدەدات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180925161051156242



دوارۆژ، نوسینگەی هەولێر

پیسبوونی ژینگە بەهۆی تیشک لە هەرێمی کوردستان رووی لە زیادبوون کردووە و ژمارەیەک لە کارمەندانی حکومی و بەکارهێنەرانی تیشک و هاووڵاتیانی نزیک لە تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت زەرەرمەند بوون.

بەپێی راپۆرتێکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، کە وێنەیەکی دەست دوارۆژ کەوتووە، ئاماژە بەوەکراوە، مادە و ئامێر و کەلوپەلی دیکەی هاوردەی تیشکاوەری تاقیگەکانی تیشک لە نەخۆشخانە حکومی و ئەهلی و تایبەتەکان سەرچاوەی مەترسین، چونکە ئەگەری بوونی ماددەی تیشکاوەر لە هەوادا هەیە، لە ئەنجامی دیاردەی خۆڵبارین لە وڵاتانی دوورەوە بۆ پارێزگاکانی هەرێم.

لە راپۆرتەکەدا ئەوەشخراوەتەڕوو، بەهۆی بەردەوامبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان نەتوانراوە پرۆژەی سیستمی چاودێری تیشکی ئایۆنی دابینبکرێت، کەبۆتە سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ سەر پیسبوونی ژینگە بە تیشک.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە لەپێناو پاراستنی کەسەکان لە تیشکی ئایۆنی پێویستە ئامێری پێوانەی بڕی تیشک (DOSIMETER) دابینبکرێت بۆ کارمەندان و بەکارهێنەرانی تیشک لە تاقیگە حکومی و ئەهلی و تایبەت و تیمەکانی چاودێری فەرمانگەکان، چونکە ناتوانرێ پشت بە بنکەکانی خۆپاراستن لە بەغدا ببەسترێ، پاراستنی گیانی ئە و کەسانەش لە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیە، بەڵام بەداخەوە کەمتەرخی کراوە و تاوەکو ئێستاش یەک کارمەند لە هەرێم ئامێری فلیم باج بۆ خۆپاراستن لە تیشکی ئایۆنی نییە.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم، ئاشکراشیکردوە، لە ساڵی 2003ەوە زیاتر لە 400 تاوەری مۆبایل و ئینتەرنێت لە سنووری هەرێمی کوردستان دانراوە، تیمەکانی بەدواداچوون لەم چەند ساڵەی ڕابردوو توانیویانە بەدواداچوون بۆ سەرجەم تاوەرەکان بکەن، کە 40 لەم تاوەرانە لەگەڵ ڕێنمایی یەکەکانی ژینگە گونجاو نەبوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: هۆشیاریی ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-25 4:10:51 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 72

## دەفتەری ئەنجومەنی ژینگەی وڵات داخرا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190103094549182416



ئاژانسی کوردپا: مەئمووران شارەدایی شاری بۆکان دەفتەری ئەنجومەنی ژینگەی وڵاتیان لەو شارە داخست.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی چوارشەممە 12ی بەفرانبار، مەئموورانی شارەداریی شاری بۆکان، کەلوپەلی دەفتەری ئەنجومەنی ژینگەی وڵاتیان لە شاری بۆکان خستووەتەوە دەروە دەرەوە و دایانخستووە.
ئەو کردەوەیەی مەئمووران شارەداریی لە کاتی کۆبوونەوەی گشتیی ئەنجومەنی ژینگەی وڵات رووی داوە.
ماوەیەک لەمەوبەر کۆڕی گشتیی ئەنجومەنی ژینگەی وڵات لە شاری بۆکان لە بەیانییەکدا ئاشکرای کرد، فەرمانداریی و شارەداری دەیانهەوێ کۆتایی بە چالاکییەکانی ئەو ئەنجومەنە بێنن.
دوای بڵاوکردنەویە ئەو بەیانییە، ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان ئەو کردەوەیەی فەرمانداریی و شارەداریی بۆکانی مەحکووم کرد.
مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ دوو ئەندامی ئەنجومەنی ژینگەی وڵات بە ناوەکانی حامید سپێهری و جەعفەر ئەمینی بە تۆمەتی پڕۆپاگەندا دژی نیزام لە لایەن دادگای ئینقلابیی ورمێوە بە 18 مانگ زیندان مەحکووم کران.
ئەو دوو چالاکەی ژینگەپارێزی ڕێکەوتی 20ی ڕەشەمەی ساڵی 96 لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری بۆکان دەسبەسەر کران و دواتر مانگی خاکەلێوە بە دانانی بارمتەی 50 میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی ئازاد کران.[1]
2019-01-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: شێواندنی ژینگە
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: هۆشیاریی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: بۆکان

🗺 وڵات: ⇥ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان

[1] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 03-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-03 9:45:49 AM

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 73

**راپەڕین.. ڕێژەی لەدایکبوون کەمیکردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107212015652S9

لە چەند کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی جیادا، ئاماری کارو چالاکییەکانی ساڵی 2018ی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سنوری ئیدارەی راپەڕین ڕاگەیەنران کە بەهۆی لافاو 415 ماڵ و خێزان زیانیان بەرکەوتووە و ڕێژەی لەدایکبوونیش کەمیکردووە.
بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی راپەڕین ئەمڕۆ دووشەممە 7-1- 2019 رایگەیاند، لە 2018دا زیانی ماددی بەهۆی ئاگرکەوتنەوە، یەک ملیار و 160 ملیۆن و 687 هەزار دینار بووە و زیانی ماددی بەهۆی لافاویش یەک ملیار و 357 ملیۆن دینار بووە و هەر بەهۆی لافاویشەوە لە 2018دا، 415 ماڵ و خێزان زیانیان بەرکەوتووە.
وتەبێژی تەندروستی راپەڕین-یش رایگەیاند، لەساڵی 2018دا ڕێژەی مردن و لەدایکبوون کەمیکردووە، گیان لەدەستدانیش بە نەخۆشی دڵ بە پلەی یەکەم دێت و دوای ئەویش ڕووداوی هاتووچۆ پلەی دووەمی وەرگرتووە
هاوکات وتەبێژی هاتووچۆی راپەڕینیش لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لەساڵی رابردوودا، 246 ڕووداوی هاتووچۆ لەسنوری راپەڕین ڕوویانداوە، بەهۆیانەوە 33 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 345ی تریش بریندارببوون
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی راپەڕینیش ئاماری کارو چالاکییەکانی ساڵی 2018ی راگەیاند، بەشێوەیەک لە و ساڵەدا 153 دۆسیەی جۆراو جۆریان کردۆتەوە کە توانیویانە 98 تۆمەتباری ڕاوی ماسی دەستگیر بکەن و 31 کەسیشیان بەهۆی ڕاوی باڵندەوە دەستگیر کردووە.[1]
2019-01-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

📈 جۆری ئامار و ڕاپرسی: ⛑ تەندروستی

📈 جۆری ئامار و ڕاپرسی: ⚡ سەرپێچی و تاوان

📈 جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🌳 ژینگە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (ڕاپەڕین)

🗺 وڵات: ⇩ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-07 9:20:15 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 74

## راوکردن لە گەرمیان زیادیکردووە؛ 163 سەرپێچیکار دەستگیرکراون

https://www.kurdipedia.org/?q=20180703102447946766

دوارۆژ، سیروان حەسەن
پۆلیسی دارستانی گەرمیان ئاشکرایدەکات، بە بەراورد بە ساڵی رابردوو ئەمساڵ راوکردن لە سنورەکە زیادیکردووە و، بڕی ئە و غەرامەیەش ئاشکرادەکات کە لە سەرپێچیکاران وەرگیراون.
سەرکەوت رەحیم، وتەبێژی پۆلیسی دارستانی گەرمیان بە دوارۆژی راگەیاند، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە سنوری گەرمیان بەهۆی راوکردنەوە 163 سەرپێچیکار دەستگیرکراون کە راوی باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵی کێوی و ماسی-یان کردووە.
وتیشی، هەر لە و ماوەیەدا 60 چەکی راوکردن و چوار ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و دەیان فیشەک و کەرەستەی راوکردن دەستیان بەسەرداگیراوە و، هەروەها 18 باڵندەشیان ئازادکردووە. ئەوەشی وت، راوچییەکانیش بە بڕی پێنج ملیۆن و 900 هەزار دینار غەرامە کراون.
سەرکەوت رەحیم باسیشی لەوەکرد، بە بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو، لەمساڵدا دیاردەی راوکردن زیادیکردووە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی راوچییەکان پێیانوایە لەبەر قەیرانی دارایی و کێشە و گرفتەکان پۆلیسی دارستان هەڵمەتی گەڕان و پشکنین و چاودێری ئەنجام نادات لەکاتێکدا بە پێچەوانەوە بە بەردەوام تیمەکانیان لە گەڕان و پشکنیندان و سەرپێچیکاران دەستگیردەکەن.[1]
2018-07-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-03 10:24:47 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 75

## راوکردن لەگەرمیان کەمیکردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=2016010713361693454

دوارۆژ، هەردی عوسمان

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان لە ساڵی 2015دا لە گەرمیان زیاتر لە 300 کەس لەکاتی ڕاوکردندا دەستگیرکراون و سزادراون، جیاواز لەساڵی 2014 ڕێژەی ڕاوکردن کەمی کردووە.

ئیبراهیم حەمەساڵح، لە ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ژینگەی گەرمیان، بە دوارۆژی ڕاگەیاند لە ساڵی 2015دا لەگەرمیان 333 کەس لەکاتی ڕاوکردندا دەستگیرکراون و دراون بەدادگا، بەبڕی 19 ملیۆن و 995 هەزار دیناریش غەرامەکراون.

ئەو کەرەستانەی کە بەو هاووڵاتیانە گیراون، 125 تاپڕ، 8 کلاشینکۆف، 1 قەناس، 1ئۆتۆمبێل، 445 جۆری دیکەی جیاوازی وەک کەرەستەکانی ڕاوکردن لە لۆکس، تۆڕ، موەلیدەی کارەبا و چەند جۆرێکی دیکە دەستیان بەسەرداگیراوە لەگەڵ 4 ماتۆڕسکیلدا.

سەبارەت بەو ئاژەڵ و باڵندانەش کە دەستیان بەسەرداگیراوە و ئازادکراون نەقیب ئیبراهیم، وتی 43 باڵندە ئازادکراون لەگەڵ 5 ئاسکی کێوی و 8 کەروێشک.

سەبارەت بە جیاوازی ئامارەکەش لەگەڵ ساڵی 2014دا، ئاماژەی بەوەشدا لەساڵی 2014دا لە گەرمیان 339 کەس دەستگیرکراون لەکاتی ڕاوکردندا، ڕێژەکەش ڕووی لە کەمبونەوە کردوە.[1]

2016-01-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2016-01-07

کاتی تۆمارکردن: 2016-01-07 1:36:16 PM


ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 76

## ڕووپێوی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010 (ئاو-ئاوەڕۆ-خزمەت گوزاری شارەوانی)

https://www.kurdipedia.org/?q=20180503102931150061

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.




تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


کاتی تۆمارکردن: 2018-05-03 10:29:31 AM
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 77

## ڕێژەی باران بارین لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان

https://www.kurdipedia.org/?q=20161202144716134878



بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەی هەرێم ڕێژەی باران بارین ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 2016-12-01
سلێمانی زۆرترین ڕێژەی بارانی لێ باریووەو گەیشتۆتە 141 ملم, دهۆکیش 53 ملم باران باریووە, لە هەولێریش بری 49 ملم باریووەو, کەرکوکیش تەنها 39 ملم ی لێ باریووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016-12-02 2:47:16 PM
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 78

## ڕێژەی باران بارینی ڕۆژی 2018-02-18 لە کاژێر 9:00ی بەیانی تاوەکو کاژێر 21:00

https://www.kurdipedia.org/?q=20180218211039103497

هەولێر 3.3 ملیم
سلێمانی 23 ملیم
دهۆک 17 ملیم


کەرکوک 5.4 ملیم
خانەقین 18 ملیم
زاخۆ 13.5 ملیم
پیرمام 5 ملیم
خەبات 3.4 ملیم
سۆران 2.4 ملیم
بارزان 6.6 ملیم
حاجی ئۆمەران 8.6 ملیم
سیدەکان 3.8 ملیم
مێرگەسوور 1.4 ملیم
ئاکرێ 9.6 ملیم
ئامێدی 6 ملیم
بامەڕنی 8.6 ملیم
کانی ماسی 3.6 ملیم
مانگێش 5.8 ملیم
دینارتە 11.8 ملیم
شاریا 3.8 ملیم
چەمچەماڵ 8.3 ملیم
پێنجوێن 26.4 ملیم
بازیان 18.6 ملیم
دەربەندیخان 34.6 ملیم
دووکان 4.8 ملیم
ماوەت 17 ملیم
قەڵادزێ 10.8 ملیم
هەڵشۆ 19.2 ملیم
کەلار 12 ملیم
مەیدان 21.6 ملیم
دووز 14 ملیم
2018-02-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-18 9:10:39 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 79
**ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لە خوار ستانداردی جیهانییەوەیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180912154952691‎82



بەپێی ئامارەکانی دەستەی ژینگە، ڕێژەی سەوزایی لەهەرێمی کوردستان لە 13%یە، لەکاتێکدا بەپێی ستاندارده جیهانییەکان نابێت ئە و ڕێژەیە لە 20% کەمتر بێت.
بەپێی ئامارەکانی دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگەی هەرێم، کە دەست دوارۆژ کەوتوون، ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لە 13% تێپەڕناکات و لە و ڕێژەیەش پارێزگای سلێمانی 13.30% ڕێژەی سەوزایی بەردەکەوێت، هەولێر 12.20%، دهۆک 12.50% بەمەش ڕێژەی سەوزایی بە گشتی 13%یە.
هەر بەپێی ئامارەکانی ئە و دەستەیە لەکۆی 40 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی ڕووبەری هەرێمی کوردستان، تەنها 5 هەزار و 200 کیلۆمەتر دووجای چوارگۆشە ڕێژەی سەوزاییە.
ڕێژەکە بەجۆرێکە، سەوزایی باخچەکان دەکاتە (7%)ی سەوزایی گشتی، ڕێژەی سەوزایی ماڵ و باڵەخانە و نەخۆشخانە و شوێنەکانی دیکە بە لە 3% دەخەملێنرێ، هەرچی ڕێژەیی سەوزایی شۆستە و شەقامەکانیشە بەرێژەی 3% دەخەملێنرێت.
بەپێی ئامارەکانی دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگە بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی سەوزایی لە سەدا 0.5% بووە و ڕووبەری هەر 10 مەتر دووجاش کەمتر لە یەک داری بەردەکەوێت.
ئە و دەستەیە ئاشکراشیکردووە: بۆ ئەوەی ڕێژەی سەوزایی بگاتە ئاستی ستاندارده جیهانییەکان، پێویستە ڕووبەری سەوزایی هەرێمی کوردستان لە 5 هەزار و 200 کیلۆمەتر دووجا بەرزبکرێتەوە بۆ 10 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە.[1]
2018-09-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 201812-09-
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-12 3:49:52 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 80
## زبڵ و خاشاک شەقامەکانی کەرکوک دادەپۆشێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20180317113947103650



شەقامەکانی شاری کەرکوک بە زبڵ و خاشاک داپۆشراوە، هاوڵاتیانیش دەڵێن کەرکوک بێ خاوەنە و کەس خاوەندارییان لێ ناکات، سەرۆکی شارەوانیش دەڵێت ئە و کۆمپانیایەی کاری پاککردنەوەی دەکرد، کارەکانی ڕاگرتووە.
ماوەی 20 ڕۆژە زبڵ و خاشاک لە شاری کەرکوک کۆنەکراوەتەوە، بە و هۆیەوە شەقام و شۆستە و کۆڵانەکانی شارەکە پڕ بووە لە زبڵ و خاشاک.
ئاکۆ حەمید، دانیشتووی گەڕەکی کوردستانی شاری کەرکوک، بۆ ڕۆژنیوز وتی: نزیکەی مانگێک دەبێت ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیاکانی پاککەرەوە خاشاک و زبڵیان کۆ نەکردوەتەوە، بە و هۆیەوە شەقامەکان پڕ بوون لە خۆڵ و خاشاک و ژیانمان نەماوە، هەروەها دەوری قوتابخانەکان پڕ بووە لە زبڵ، خوێندکاران بەناو ئە و زبڵەدا هاتوچۆ دەکەن.
ئە و هاوڵاتیە باسی لەوەش کرد: لە شارەکانی دیکە شۆستەکان بە دار و نەمام و گوڵ دەڕازێنرێنەوە، بەڵام لەم شارە زبڵ شۆستەکانی داگیر کردووە، ئێمە نازانین داواکاری لە کێ بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، نازانم پارێزگاری بەوەکالەت و بەڕێوەبەری شارەوانی سیمای ئەم شارە نابینن؟!.
ئەوەشی وت: ئەگەر تا هاوین بەم شێوەیە بێت ئەوا ناچارین چۆڵی بکەین.
لە بەرامبەردا سەردار عەلی، بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکوک، بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند: پێشتر بوجەی پاکردنەوەی شار ڕادەستی پارێزگار دەکرا، بەڵام بە بڕیارێک لە سەرەتای ساڵی 2018ەوە، دەبوو پارەی کۆمپانیاکانی بواری پاککەرەوە ڕادەستی شارەوانی کەرکوک بکرایە.
وتیشی: بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە هیچ بڕە پارەیەک نەهاتووە، تا بدرێت بە کۆمپانیاکانی بواری پاکردنەوە، کۆمپانیای خالید شینکی کە ئەرکی پاکردنەوەی لە ئەستۆ گرتەوە، بە و هۆیەوە کارەکانی ڕاگرتووە.
ئەوەشی وت: کۆمپانیای خالید شینکی بڕی 14 ملیۆن دۆلاری لای حکومەتە و پارەکەی پێ نادەن و ئێستاش ئە و کۆمپانیایە مانگانە پێویستی بە بڕی 850 ملیۆن دینار هەیە بۆ پاکردنەوەی کەرکوک، کە پارە نەدراوە بە کۆمپانیاکە، بۆیە بە ناچاری کارەکانی ڕاگرتوە، ئێمەش وەک شارەوانی کەرکوک لە تواناماندا نییە بە و ژمارە کەمەی کارمەندانی پاکەرەوە و ئامێرانەوە شار بە شێوەکی باش پاک بکەنەوە.
دەربارەی ئەوەی کە تەنها گەڕەکە کوردیەکان تووشی ئە و کێشە بوونەتەوە، بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکوک وتی: کێشەکە بە گشتی کەرکوکی گرتۆتەوە، تەنها گەڕەکە کوردیەکان نیە، بگرە گەڕەکە کوردیەکان پاکترن لە گەڕەکە عەرەبی و تورکمانییەکان.[1]
2018-03-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-17 11:39:47 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 81

## زبڵ و مادەی پلاستیک ژینگەی هەرێمی کوردستان وێران دەکەن

https://www.kurdipedia.org/?q=20180728104425704493



لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە زیاتر لە 10 هەزار تۆن زبڵ کۆدەکرێتەوە، 60٪ی ئەو زبڵانە لە مادەی پلاستیک پێکدێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا دوو ناوەندی ڕیسایکلینگ هەیە و زۆربەی ئەو زبڵانە هەر لە سروشتدا دەمێننەوە و زیانێکی زۆر دەگەیەنن بە ناوچەکە و تەندروستیی هاوڵاتیان.

بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، پێداویستییەکانیش زیاد دەکەن، بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستیانەش هەموو ڕێگایەک بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەو ڕێگایانە لەسەر بنەمای پاراستنی ژینگە نین، بۆیە تا دێت سەرچاوە بنەڕەتییە سروشتییەکان کەم دەکەن.

یەکێک لەو مادانەی زۆر بەکاردەهێندرێت پلاستیکە، پلاستیک هەم سووکە و هەم بەئاسانی بەکاردەهێندرێت، لە سەدەی 21 دا ئەو مادەیە زیاتر لە هەمووکاتێک پێی ناوەتە ژیانی خەڵکەوە، ئەوەش زیانی زۆر قورس بە ژینگە و بە ژیانی هاوڵاتیان دەگەیەنێت.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان پلاستیک بۆ زیاتر لە 500 ساڵ لەناو ژینگەدا دەمێنێتەوە، لە هەر شوێنێکیش ئەو مادەیە هەبێت کشتوکاڵ لە سەر خاکەکەی ئاستەم دەبێت.

لەبەرامبەر ئەوەدا لە زۆر وڵات بەکارهێنانی پلاستیک قەدەغە دەکرێت و لەجیاتیی ئەو شتی دیکە دادەنرێت، لە هەندێک وڵاتیش کارگەکانی ڕیسایکلینگ بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی پلاستیک دروست دەکرێن، بەڵام لە وڵاتانی تازە پێشکەوتوودا هیچ بیرێک لەوە نەکراوەتەوە، پلاستیک بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیانی زۆر قورس بە ژیانی هاوڵاتیان دەگەیەنێت.

لە هەرێمی کوردستانیش یەکێک لەو مادانەی زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە بەکاردەهێندرێت پلاستیک و نایلۆنە و ئەوەش سروشتی هەرێمی کوردستانی خستووەتە مەترسییەوە.

بەگوێرەی ئامارەکانی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، لە سێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆک، ڕۆژانە 10 هەزار تۆن زبڵ کۆدەکرێتەوە، لوقمان شێروانی، بەرپرسی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان دەڵێت، کە 55٪ بۆ 60٪ی ئە زبڵانە پلاستیک و نایلۆن و کاغەزن.

لە شاری سلێمانی ڕۆژانە هەزار و200 تۆن زبڵ کۆدەکرێتەوە، ڕزگار ئەحمەد، بەرپرسی ژووری ژینگەی شارەوانیی سلێمانی دەڵێت، کە ڕۆژانە 475 کیلۆمەتر دووجا لە زبڵ پاکدەکەنەوە.

ئەو زبڵانەی کۆدەکرێنەوە ڕەوانەی شوێنێکی دەرەوەی شار دەکرێن، لەوێ زەوی هەڵکەندراوە و زبڵەکان دەرێژرێنە ناویانەوە، بەڵام چونکە زۆربەی ئەو زبڵانە پلاستیکن، لەناو خاکدا ناتوێنەوە و زیانی زۆر بە خاکی ناوچەکە دەگەیەنن، ئەو زبڵخانانە تا دەچێت گەورەتر دەبن و بەرەو شوێنی ژیانی هاوڵاتیان پێشڕەویی دەکەن.

بەگوێرەی قسەکانی ڕزگار ئەحمەد، ئەو شوێنەی لە سلێمانی زبڵەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە 230 کیلۆمەتر دووجایە، لەو شوێنە چاڵی بە قووڵایی 10 مەتر و ڕووبەری 100 مەتر هەڵکەندراوە و زبڵەکان لەناویاندا بەتاڵدەکرێن، ئەو چاڵانەی هەفتەی جارێک پڕدەکرێنەوە سەریان دادەخرێت پاشان شوێنی دیکە هەڵدەکەندرێت.

ڕزگار دەڵێت، کە ئەوان لە ساڵی 2005دا هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنی سیستەمی ڕیسایکلینگ و پرۆژەیان بۆ ئەو مەبەستە دیاریکردووە، بۆ ئەوەش لەگەڵ چەند کۆمپانیاییەک گرێبەستیان واژۆکردووە، بەڵام دەستەی وەزیران بە بەهانەی قەیرانی دارایی بودجەی بۆ پرۆژەکە تەرخان نەکردووە.

لە پارێزگای هەولێریش ڕۆژانە هەزاران تۆن زبڵ کۆدەکرێتەوە، لوقمان شێروانی دەڵێت، کە لە پارێزگای دهۆک دوو ناوەندی ڕیسایکلینگی زبڵە پلاستیکییەکان هەیە، بەڵام زۆر کەمە، دەشڵێت، پرۆژەی سیستەمی ڕیسایکلینگ بۆ هەولێر و سلێمانیش ئاراستە کراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی

داراییەوە هەنگاو نەنراوە بۆ دروستکردنیان.
هاوڕێ یاسین شارەزا لە بواری ژینگە، دەڵێت: پلاستیک خاک ژەهراوی دەکات و خاک ناتوانێت پلاستیک لەخۆیدا بتوێنێتەوە، هەروەها ئەو پلاستیکانە زیان بە تەندروستی هاوڵاتیانیش دەگەیەنن، ئەو بەم شێوەیە بەردەوامی بە قسەکانی دا: ئەگەر زبڵی پلاستیکی لە شوێنە سەوزاییەکان فڕێ بدرێن، سەوزاییەکان وشک دەبن، واتە خاکی ئەو شوێنە ژەهراوی دەبێت، تەنانەت ئەو شتانەی وا لەو شوێنانە شین دەبن، هەڵگری ئەو ژەهرە دەبن و بەو شێوەیە ژەهرەکە دەگوازرێتەوە بۆ جەستەی هاوڵاتیان.
یاسین باسی ئەوەشی کرد، کە ئەوە کێشەیەکی جیهانییە و هەندێک لە وڵاتان ئەو کێشەیەیان چارەسەر کردووە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەهۆی گەندەڵیی سیاسی و ئابوری گرنگی بەو پرسە نادرێت.[1]
2018-07-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-07-2018
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2018 10:44:25 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 82
## زبڵەکانی مەریوان بە شێوازێکی ناتەندروست دەکرێنە ژێر خاکەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181230111850181974



ئاژانس کوردپا: زبڵەکانی مەریوان، پاش دوو ساڵ نارەزایەتیدەربڕین و وادە و بەڵێنەکانی بەرپرسان، بە شێوازێکی ناتەندرووست و لەسەر رێگاکانی مەریوان سەقزدا، دەکرێنە ژێر خاکەوە.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرەرای بەڵێنەکانی بەرپرسان، بۆ سازکردنی کارخانەی ڤەدیتنەوەی زبڵ بەبێ پیسکردنی ژینگە، زبڵەکانی مەریوان بە شێوازێکی ناتەندروست و لە خراپترین دۆخدا، لە نێو دەبردرێن.
لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، کێشەی زبڵەکانی مەریوان لە گرنگترین بابەتەکانە، کە باسی لەسەر کراوە، تا جێگایەک کە نارەزایەتی، دەستێوەردانی هێزە دژە شۆڕشەکان، دەسبەسەرکرانی چالاکانی ژینگەپارێزی و هەروەها هاووڵاتییانی بەدواوە بوو.
ئەنجومەنی سەوزی چیا، لەم بارەوە ڕایگەیاندووە: لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ناوەندە پێوەندیدارەکان لە پارێزگاری و نوێنەرانی مەجلیسەوە بگرە هەتا شۆرای گوندەکان، لە کۆبوونەوەدا باسیان لەسەر بابەتە کردووە، کە ئاکامی ئەم دانیشتنانەش جگە لە بەڵێنی درۆ، هیچی تر نەبووە، لەم وادە و بەڵێنانەش دەتوانرێت ئاماژە بە دامەزراندنی کارخانەی ڤەدیتنەوەی زبڵەکان بەبێ

پیسکردنی ژینگە بکرێت.
ئەم ئەنجومەنە ژینگەپارێزییە، جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە پاش وادە و بەڵێنە درۆییەکان، ئێستاکەش زبڵەکانی مەریوان بە شێوازێکی ناتەندروست و لە خراپترین دۆخدا لەسەر ڕێگای مەریوان سەقز دەکرێتە ژێر خاکەوە و هیچ کام لەو کەسانەی کە وادەی چاکسازیان دەدا هیچ گۆڕانێکیان لێ نەبینرا.
مەودای شوێنی بە ژێرەوەکردنی زبڵەکانی مەریوان لە ڕێگای سەرەکیی مەریوان سەقز، 200 متر و لە ڕووباری گردەلانەوە 300 متر دەبێت.
خەرمانانی ئەمساڵ، هاووڵاتییانی شاری مەریوان، لە نارەزایەتی بە کۆنەکردنەوەی زبڵەکانی شار لە لایەن شارەدارییەوە، بە کۆکردنەوەی زبڵەکان لە بەردەم شارەداریی ئەم شارە و ئاگردانی زبڵەکان، نارەزایەتییان لە بەرانبەر دۆخەکە دەربڕیوە.[1]
2018-12-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-30 11:18:50 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 83

## زیاتر لە 50 گۆڕەپانی نایاسایی بۆ سوتەمەنی لە سلێمانی بوونی هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170831152502142456

لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا زیاتر لە 50 گۆڕەپانی خەزانی سوتەمەنی بەشێوەیەکی نایاسایی بوونیان هەیە،بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی سلێمانیش ڕاستی هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە.
محەمەد حەسیب، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی سلێمانی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ کوردیو وتی بە پێی زانیاری و بەدواداچوونەکەکانی ئێمە لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا 52 گۆڕەپانی نایاسایی لە دەرەوەی یاساو ڕێنومایەکان دروستکراون بۆ بواری سوتەمەنی بەکاردێن، بەڵام تا ئێستا لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ خاوەنەکانیان نەکراوە.
بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی سلێمانی ڕەخنەی لە لیژنەی ووزە و سوتەمەنی پارێزگای سلێمانی گرت بەوەی لەبەرامبەر ئەو دۆسیەیەدا هیچ هەڵوێستێکیان نەبوە و بەڵکو بە کۆمەڵێ ئەرکی ترەوە خۆیان سەرقاڵکردوە کە لە ڕووی پیشەیی و زانستیەوە لەگەڵ کارەکانی ئەواندا یەکناگرێتەوە.
قسەکانی بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی سلێمانی لەکاتێکدایە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە بازاڕەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەریەکەیان بەهانەیەک بۆ ئەو پرسە دەهێننەوە و هەندێک جاریش گەیشتوەتە ئاستی ڕەخنە و

تۆمەتبارکردنی یەکتری.[1]
2017-08-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 2017-08-31
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-31 3:25:02 PM
ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

---

بابەت: 84
## ژینگەپارێزان و توێژەران لەبارەی پیسبوونی ژینگەی گەرمیان هۆشداریدەدەن
https://www.kurdipedia.org/?q=20181108194359927999
ڕێکخراوەکانی ژینگەی سنووری گەرمیان دەڵێن، ژینگەی ناوچەکە بەهۆی دووکەڵی کارگەکانی دەرهێنانی نەوت مەترسیی لەسەرە و نەخۆشکەوتنی چەندین هاونیشتمانی لێکەوتووەتەوە. هەروەها ئاوی رووباری سیروانیش پیسبووە.
لە زانکۆی گەرمیان کۆنفرانسێک لەبارەی مەترسییەکانی سەر ژینگەی ناوچەکە ئەنجامدرا. توێژەران دەیانەوێ لەڕێگەی توێژینەوەکانیانەوە خەڵک و بەرپرسان لە مەترسی ئە و دووکەڵەی لە کاتی دەرهێنانی نەوتدا تێکەڵ بە هەوا دەبێت، ئاگاداربکەنەوە.
زۆرینەی بەشداربووان دەڵێن، خەڵکی ناوچەکە هێندەی زیان بە تەندروستییان دەگات، هێندە سوود لە لایەنە ئابوورییەکەی ئەو کۆمپانیا نەوتییانە نابینن.
بێستون ژاڵەیی، ئەندامی ڕێکخراوی ژینگەپارێزانی گەرمیان دەڵێت "فشاری جدیمان لەسەر گازپرۆم دروستکردووە، کاری ئەو یارمەتیدانی تیپێکی وەرزشی و ئەنجامدانی پرۆژەی بچوک بچووک نییە، بەڵکو دەبێ بەرپرسیارێتی خۆی هەڵبگرێت، ئێمە بە توێژینەوەی زانستی بۆیان دەسەلمێنین کە ژینگەی ئێرەیان پیسکردووە، بۆیە دەبێ لەگەڵ هەڵگرتنی ئە و مەترسییە هاوکاری بوژاندنەوەی ناوچەکە بکەن.
قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی گەرمیانی ڕاسپاردووە چاودێری وردی کۆمپانیا نەوتییەکانی سنورەکە بکەن.
هەڤاڵ ئیبراهیم، گوتەبێژی ئیدارەی گەرمیان دەڵێت "لە فەرمانگەی ژینگەی گەرمیانەوە ئامێری پێوانەی پیسبونی ژینگە دادەنرێت بۆ ئەوەی بزانرێت تاوەکو چەند ئەو کۆمپانیایانە بوونەتە زیان بۆ ژینگەی ناوچەکە. ئەگەر دەرکەوت کاریگەری نەرێنیان هەبووە، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی لەگەڵیان کۆدەبینەوە.
جگە لە هەوا و ژینگەی ناوچەکە، ئاوی رووباری سیروانیش رووبەڕووی مەترسی بووەتەوە.
عەبدولموتەلیب ڕەفعەت، پسپۆڕی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت ئە و مادانەی تێکەڵی ئاوی سیروان دەبن بەهیچ شێوەیەک بە پاڵاوتن جیانابنەوە، دەشگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ و چارەسەرناکرێن، بە پێوەری ئە و تاقیکردنەوانە بێت کە لەسەر

ئاوی سیروان دەکرێن، بە هیچ شێوەیەک ئە و ئاوە بۆ خواردنەوە شیاونییە.[1]
2018-11-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پیسبوونی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-08 7:43:59 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 85
**ژینگەپارێزان و رۆشنبیرانی مەریوان لە دژی بڕینەوەی داری دارستانەکانی کوردستان هاتنە دەنگ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181217165354181631



لە سەرەتای پاییزی ئەمساڵەوە چەند گروپێکی بەرژەوەندیخواز دەستیان بە بڕینەوەی داری دارستانەکانی زاگرۆس کردووە و دارەکان لە دوای بڕینەوەیان رەوانەی کارگەکانی دروستکردنی کاغەز لە باکووری ئێران دەکرێن. سەرباری هۆشداریی ژینگەپارێزان و کاردانەوە و نارەزایەتی ئەو دیاردەیە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام بەرپرسانی دام و دەزگاکانی دەوڵەت بۆ رێگریکردن لەو دیاردەیە هیچ کارێکیان ئەنجام نەداوە.
تاڵاکردنی داری دارستانەکانی زاگرۆس لە کاتێکدایە، کە رژێمی ئێران بڕینەوەی داری دارستانەکانی باکووری ئێرانی بۆ دروستکردنی کاغەز قەدەغە کردووە.
بۆ ئیدانەکردنی بڕینەوە و لە ناوبردنی دارستانەکانی زاگرۆس رێکخراوە ژینگەپارێزییەکان و رۆشنبیرییەکانی مەریوان لە چەند رۆژی رابردوودا بە دەرکردنی چەند راگەیاندراوێک نیگەرانیی خۆیان لە بڕینەوە و لە ناوبردنی دارستانەکان خستەڕوو و داوایانکردووە کۆتایی بە لەناوبردنی دارستانەکان بهێنرێت.
ئەنجوومەنی سەوزی چیای مەریوان، کانوونی فەرهەنگی هونەریی ڤەژین لە مەریوان، ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوان، ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی رۆجیار و یەکێتیی مامۆستایانی ئایینی مەریوان و هەورامان (یەمامە) چەند راگەیاندراوی جیاجیادا داوای کۆتایهێنانیان بە بڕینەوەی داری دارستانەکان کردووە.
ئەو رێکخراوانە وێڕای نیگەرانییان بەرامبەر بە بڕینەوە و لە ناوبردنی داری دارستانەکان رایانگەیاندووە، ئەو کارە لەلایەنکەسانێکی بەرژەوەندیخواز و هەلپەرست و مافیاوەوە ئەنجام دەدرێت و بێدەنگیی سەیری دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانیش بە پیشەی ئاساییان ناو بردووە.
ئەنجوومەنی ڤەژین رایگەیاندووە سەبرمان کۆتایی پێهاتووە و بە توندی هۆشداری دەدەین لەبارەی بەردەوامیدان بەو دۆخە خراپە. لە سۆنگەی هەستمان بە بەرپرسیارێتی لەبارەی داهاتووی ئەم نیشتمانەوە بە روونی و راشکاوانە رایدەگەیەنین، لە بەردەوامیدان بە لەناوبردنی

دارستانەکان و لەوەرگەکان بێدەنگ نابین و هەموو توانا یاساییەکانی خۆمان بۆ ڕاوەستاندنی ئەو تاوانە ئاشکرایە و ریسواکردنی ئەنجامدەرانی، دەخەینە کار. ئەو کارەی تاڵانکارەکان و بێدەنگیی بەشێک لە بەرپرسان سەرەتاییەکە بۆ لەناوبردنی داهاتوو و سامانی ئەم نیشتمانە.
ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوانیش بە ئیدانەکردنی بڕینەوە و لە ناوبردنی ئەو سامانە سروشتییە داوایکردووە، بەخێرایی کۆتایی بە بڕینەوەی داری دارستانەکان بهێنرێت.
ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی ڕۆجیاریش لە راگەیاندراوێکدا هۆشداریی توندی لەبارەی تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی زاگرۆسەوە داوە. راشیگەیاندووە، ئەگەر بەرپرسان ودام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە بەرامبەر تاڵانکردنی دارستانەکانی هەورامان و مەریوان لەلایەن مافیاکانی دار و تاڵانکارانەوە رانەوەستن و ڕێگریان لێ نەکەن، ڕێگای تر دەگرنە بەر.
یەکێتیی مامۆستایانی ئایینیی مەریوان و هەورامان (یەمامە)ش رایانگەیاندووە، بەپێی فەرمودەکانی خوداوەند، ئەو کەسانەی سروشت و سەرچاوەکانی لەناو ببەن، ئەو کەسانەن کە دەیانەوێت ئاوەدانی و ئارامی لە ناو ببەن، بۆیە داوایانکردووە ڕێگری لە بڕینەوە و تاڵانکردنی داری دارستانەکان و سەرچاوە سروشتییەکان بکرێت.
ئەنجوومەنی سەوزی چیای مەریوانیش لە راگەیاندراوێکدا نیگەرانیی قوڵی خۆی لە بڕینەوە و تاڵانکردنی داری دارستانەکان خستووەتە ڕوو و داوایکردووە بە خێرایی ڕێگری لەو تاڵانکارییە بکرێت.[1]
2018-12-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-17 4:53:54 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 86

## ژینگەی پێنجوێن لەمەترسدایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180925155822156241



دوارۆژ، ڕێبین حەسەن
ژینگەپارێزانی سنووری قەزای پێنجوێن، ئەنجامی کەمپینە ئەلیکترۆنییەکەیان دەدەنە لایەنە پەیوەندیدارەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دەکەن بۆ پاراستنی سروشتی ژینگەی کوردستان و بەتایبەتیش پێنجوێن.
لەوبارەیەوە، ڕێبوار کەمال لەڕێکخراوی ملەکەوە بۆ پارستنی ژینگە کە تاکە ڕێکخراوی ژینگەیی سنووری قەزای پێنجوێنە، بەدوارۆژی وت دوای ئەوەی لەسەرەتای ئەمساڵدا و بۆ یەکەمجار لەرێگەی ناردنی سێڵفی و کورتە ڤیدیۆوە، یەکەمین کەمپینمان راگەیاند و داوامانکرد کە زۆرترین هاوڵاتی و ژینگەپارێزان بەشداری بکەن، لەئێستادا ئەو کەمپینە تەواو بووە.
ناوبراو، وتیشی ئەو کەمپینە ئەلکترۆنیە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام بوو، ئامانج لەراگەیاندنیشی ئاشکراکردنی ئەو هەڕەشە و مەترسیانە بوو کە ڕووبەڕووی درەخستانەکان بوون و پێمانوایە کاتی

هەڵوێستە لەسەرکردنێتی، چونکە درەختستانەکان لەڕابردوو هۆی بژێوی ژیان و لانکەی شۆڕش و قەڵا و بربڕەی پشتی ژیانی باوباپیرانمان بوون، لەئێستاشدا پێگەیەکی گرنگ و کۆڵەکەیەکی گەورەی ژینگەیی و ئابووری و گەشتیاری و جوانی سروشتی وڵاتەکەمانن.
روونیشیکردەوە، ئێمەش وەک رێکخراوی ملەکەوە بەیاداشتێک مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوونی درەختی درەختستانەکانمان گەیاندە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ژینگەی سلێمانی) بەئومێدی ئەوەی هەمووان خەمی دارستانەکان بەخەمی سەرەکی خۆمان بزانین و چاوەڕێی ئەوەین کە کار بەناوەڕۆکی یاداشتەکەمان بکرێت، تا چیتر ژینگەی نیشتیمانەکەمان لەو زیاتر لەناونەچێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-25 3:58:22 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 87

## ساڵانە 215 هەزار تۆن پلاستیک و کارتۆنی بەکارهاتوو هەناردەی تورکیا دەکرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180612094956977763

بەهۆی نەبوونی کارگە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەیان، ساڵانە بە هەزاران تۆن کارتۆن و پلاستیکی بەکارهاتوو لە کوردستانەوە بەنرخێکی زۆر کەم بە کارگەکانی تورکیا دەفرۆشرێن، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانیش بە 10 بەرامبەری نرخی فرۆشتن، کارتۆن و پلاستیکی ئامادەکراو هاوردە دەکرێت.
بۆ پاک ڕاگرتنی ژینگە و دەستکەوتنی ماددەی خاو بە نرخی هەرزان، زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگی بەکۆکردنەوەی پاشماوە و کاڵای بەکارهاتوو بەگشتی و کارتۆن و پلاستیک بە تایبەتی دەدەن، لەرێگەی دووبارە بەکارهێنانەوەیان لە کارگەکان لەلایەک ژینگە پاک رادەگرن، لەلایەکی دیکەشەوە رێگە لە چوونە دەرەوەی پارەی وڵات بۆ هاوردەکردنی بەشێک لەو مادده خاوانە دەگرن.
بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی کارگەی پێشکەوتوو بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەیان، ساڵانە بە هەزاران تۆن کارتۆن و پلاستیکی بەکارهاتوو بە نرخێکی زۆر هەرزان هەناردەی تورکیا دەکرێ.
بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەراتی گشتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان دراوەتە (رووداو)، لە دوو ساڵی رابردوودا لە رێگەی 42 مۆڵەتەوە رێگە بە هەناردەکردنی 431 هەزار تۆن کارتۆن و پلاستیک بۆ تورکیا دراوە.
نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بە (رووداو)ی گوت: بەهۆی نەبوونی کارگە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەیان، ماوەی چەند ساڵێکە رێگە بە هەناردەکردنی کارتۆن و پلاستیک بۆ تورکیا دەدەین، ئامانجیشمان ئەوەیە ژینگە بە پاکی رابگرین و هەناردەکردنی ئەم کاڵا بەکارهاتووانەش ببێتە داهات و دەستکەوت بۆ ئەو کەسانەی بە کۆکردنەوەی خەریکن.
لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان رۆژانە خەڵکێکی زۆر بە ماتۆرسکیل و ئۆتۆمبێل لە گەڕەک و شوێنە

بازرگانییەکان بە کۆکردنەوەی کارتۆن و پلاستیکەوە خەریکن، دواتر بە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی کارتۆنی دەفرۆشنەوە، ئەوانیش کارتۆنەکان کەپس دەکەن و پلاستیکەکانیش دەهاڕن و بە بازرگانانی دەفرۆشنەوە.
سەباح خۆشناو، خاوەنی نووسینگەی خۆشناو بۆ کڕین و فرۆشتنی کارتۆن و پلاستیکی بەکارهاتوو لە شاری هەولێر کە مانگانە 50 تاوەکو 60 تۆن کارتۆن و پلاستیکی بەکارهاتوو دەکڕێتەوە و بە بازرگانانی دەفرۆشێتەوە، دەڵێت: ئێمە تۆنێک پلاستیکی بەکارهاتووی وەک سندووق و کەلوپەلی شکاوی ناوماڵ بە 160 تاوەکو 170 هەزار دینار دەکڕین، دوای هاڕین بە 210 دۆلار دەیفرۆشینەوە، تۆنێک پلاستیکی دەبەی ڕۆنی ئۆتۆمبێلیش بە 280 هەزار دینار دەکڕین و دوای هاڕین بە 370 دۆلار دەیفرۆشینەوە، ئەگەریش ڕەنگەکان بە جیاواز بهاڕین هەر تۆنێکی 20 دۆلار زیاترمان بۆ دەکات، بەهەمانشێوە لە بازاڕ تۆنێک کارتۆن بە 50 تاوەکو 60 هەزار دینار دەکڕین، دوای کەپسکردنی بە 65 تاوەکو 70 دۆلار دەیفرۆشینەوە.
بۆ مۆڵەتی هەناردەکردنی یەک تۆن کارتۆن و پلاستیک، وەزارەتی بازرگانی 105 دینار وەک کرێی خزمەتگوزاری لە بازرگانان وەردەگرێت. لەخاڵە سنوورییەکان بۆ هەناردەکردنی هەر تۆنێک کارتۆن و پلاستیک تەنیا 1000 دینار ڕەسمی گومرگ لە بازرگانان وەردەگیرێ، کەواتە حکومەت لە هەناردەکردنی هەر تۆنێک کارتۆن و پلاستیک تەنیا 1105 دیناری دەستدەکەوێ.
ئەرکان عەبدولجەبار مەحمود، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای دڵکی، بۆ هەناردەکردنی کارتۆن و پلاستیکی بەکارهاتوو، دەڵێ ساڵانە 15 تاوەکو 20 هەزار تۆن کارتۆنی بەکارهاتوو هەناردەی تورکیا دەکەم، ئەم بڕەش نزیکەی 70%ی لەشارەکانی عێراق دەکڕمەوەو ئەوی دیکەش لە نووسینگە و لەکارگەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان دەکڕم.
ئەرکان تۆنێک کارتۆنی بەکارهاتوو بەگوێرەی نرخی بازاڕ بە 70 تاوەکو 75 دۆلار دەکڕێ و بە 100 تاوەکو 110 دۆلار بە کارگەکانی تورکیای دەفرۆشێتەوە. تۆنێک پلاستیکی بەکارهاتوو بە 210 دۆلار دەکڕێتەوە بە 250 دۆلار دەیفرۆشێتەوە، پلاستیکی دەبەی ڕۆنی ئۆتۆمبێلیش بە 370 دۆلار دەکڕێت و بە 422 دۆلار دەیفرۆشێتەوە.
ئەرکان دەڵێت: دابەزینی بەهای لیرە کاریگەری زۆری لەسەر بازاڕی فرۆشتنی کارتۆن و پلاستیکی بەکارهاتوو هەبووە. ساڵی ڕابردوو کارگەکانی تورکیا تونێک کارتۆنیان بە 210 دۆلار لەئێمە دەکڕییەوە، ئەمساڵ بەهۆی دابەزینی بەهای لیرە تۆنێک کارتۆن بە 100 تاوەکو 110 دۆلار دەکڕنەوە.
لە عێراق هیچ کارگەیەکی دووبارە بەکارهێنانەوەی کارتۆنی بەکارهاتوو نییە، بۆیە سەرجەم ئەو کارتۆنانەی لەشارەکانی عێراق کۆدەکرێنەوە، هەناردەی تورکیا دەکرێن،کارگەکانی تورکیاش دووبارە دەیکەنەوە بەکارتۆن و بە کارگەکانی هەرێمی کوردستان و ناوخۆی تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا و چینی دەفرۆشن.
ئەرکان عەبدولجەبار دەڵێت کارگەکانی تورکیا یەک تۆن کارتۆن بە گوێرەی جۆر و کواڵیتییەکەی بە 500 تاوەکو 1000 دۆلار دەفرۆشنەوە، ئەم نرخەش نزیکەی 5 تاوەکو 10 بەرامبەر نرخی کارتۆنی بەکارهاتووە کە ئێمە پێیان دەفرۆشین.
بەهۆی نەبوونی کارگە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی، تەواوی ئەو کارتۆنانەی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کۆدەکرێنەوە بازرگانان هەناردەی تورکیای دەکەن، بەڵام بەشێکی کەم لە پلاستیکی بەکارهاتوو لەلایەن هەندێ کارگەی بچووکی ناوخۆ بەکاردەهێنرێتەوە کە هەندێ پێویستیی پلاستیکی نێوماڵ و بۆڕی و زەرفی پلاستیکی لێ دروست دەکرێ.
لە شاری هەولێر 5 کارگەی دروستکردنی کارتۆن هەن، بەڵام هەموویان پشت بە بەرهەمی خاوی تورکیا دەبەستن و هیچیان توانای دووبارە بەکارهێنانی کارتۆنی کۆنیان نییە.
فەهمی کەریم کە خاوەنی کارگەیەکی دروستکردنی کارتۆنە، دەڵێت ساڵانە 360 تۆن کارتۆنی بەکارهاتووی کارگەکەی هەناردەی تورکیا دەکات و لەکارگەکانی تورکیاش ساڵانە 8 هەزار تۆن کارتۆنی خام هاوردە دەکات بۆ کارگەو کۆمپانیاکان کارتۆنی لێ دروست دەکات.
فەهمی گوتی ئێمە سەرەتا بیرمان لە دامەزراندنی کارگەیەک بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی کارتۆنی کۆن کردەوە، بەڵام دامەزراندنی کارگەیەکی پێشکەوتوو نزیکەی 20 ملیۆن دۆلاری پێویستە، ئەم پارەیەش لە توانای ئێمەدا نییە، بەرهەمەکەشی لەوانەیە لێرە ساخ نەبێتەوە.
بەبڕوای فەهمی کەریم، دامەزراندنی کارگەی دووبارە بەکارهێنانەوەی کارتۆنی کۆن لە هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە، دەبێتە هۆی ئەوەی پارەی وڵات نەچێتە دەرەوە و کارتۆنە بەکارهاتووەکانی ئێرەش لە تورکیا هەرزانفرۆشن نەکرێن، بەڵام وەک ئەو دەڵێت: بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە دەبێت حکومەت بێتە پێشەوە و بەهاوبەشیکردنی لە پرۆژەکە یان بەپێدانی قەرزی درێژخایەن، ڕێگە لە هاوردنی کارتۆن بگرێ، ئەگەرنا بەهۆی بەرهەمی هاوردەی تورکیا کارگەکە تووشی گرفتی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکەی دەبێت و سەرکەوتوو نابێت.[1]
2018-06-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

☑ جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری و نەوت

📈 جۆری ئامار و راپرسی: 🌳 ژینگە
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🌐 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 12-06-2018
کاتی تۆمارکردن: 12-06-2018 9:49:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 88
**ساڵانە 400 هەزار موبەڕیدە دەهێنرێنە کوردستان**
https://www.kurdipedia.org/?q=2018073009374197070



بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و کەمیی کارەبای نیشتمانی، بازاڕی هاوردەکردنی موبەڕیدەی لە هەرێمی کوردستان گەرم کردووە، بازرگانانی کوردستان ساڵانە نزیکەی 400 هەزار موبەڕیدەی ئاسن و پلاستیک بەهەموو قەبارەکانی لە ئێران و چینەوە هاوردە دەکەن.
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، خاوەنی ئامارێک نییە لەبارەی ژمارەی ئەو موبەڕیدانەی کە ساڵانە لە ئێران و چینەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بەڵام بە گوتەی بازرگانان، ساڵانە نزیکەی 200 تاوەکو 250 هەزار موبەڕیدەی ئاسن و 200 هەزار موبەڕیدەی پلاستیک لە ئێران و چینەوە دەهێنرێن.
کەریم رەسوڵ، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئەلینا بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی موبەڕیدە کە بریکاری 5 مارکەی موبەڕیدەی ئاسنی ئێرانییە، بە (رووداو)ی گوت: بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە وەرزی هاوین و کەمیی کارەبای نیشتمانی، خواستێکی زۆر لەسەر موبەڕیدە هەیە، بۆیە بازرگانان ساڵانە 200 تاوەکو 250 هەزار موبەڕیدەی ئاسن و نزیکەی 150 تاوەکو 200 هەزار موبەڕیدەی پلاستیک لە هەرێمی کوردستان ساغ دەکەنەوە.
کەریم رەسوڵ، پێیوایە هۆکاری بەردەوامیی فرۆشی ئەم ژمارە زۆرەی موبەڕیدە لە هەرێمی کوردستان جگە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بۆ خراپیی جۆری بەشێک لەو موبەڕیدانەش دەگەڕێتەوە کە بازرگانان بەگوێرەی خواستی بازاڕ هاوردەی دەکەن. کەریم رەسوڵ گوتی: موبەڕیدە هەیە بەهۆی خراپیی جۆری پلێت و ماتۆڕی زیاتر لەساڵێک کار ناکات، بۆیە بۆ ساڵی داهاتوو خاوەنەکەی ناچارە موبەڕیدەیەکی دیکە بکڕێت، ئەمەش زیان بە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، چونکە پارەیەکی زۆر بۆ موبەڕیدەی خراپ دەچێتە دەرەوە.
کەریم رەسوڵ، نزیکەی 18 ساڵە موبەڕیدە دەفرۆشێ، پێشتر ساڵانە 150 تاوەکو 180 هەزار موبەڕیدەی ئاسنی لە ئێران هاوردە دەکرد و لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و هەندێ شاری عێراق بە تاک و کۆ دەفرۆشت، بەڵام ئەمساڵ کەمتر لەم بڕەی هاوردە کردووە. کەریم دەڵێت: لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک بازرگان و کۆمپانیای دیکە بریکاری هەندێ مارکەیان وەرگرتووە و خەریکی ئەم کارەن. عێراقیش بۆ هاوردەکردنی هەر موبەڕیدەیەک لە بازگەی سەفرە 27 دۆلار گومرگ وەردەگرێت، بۆیە وەک جاران ئەو ژمارەیەمان بۆ ساغ نابێتەوە، ئەمساڵ تا ئێستا تەنیا 60 هەزار موبەڕیدەی ئاسنمان لە ئێرانەوە هاوردە کردووە.

بە گوتەی کەریم، بازاڕی موبەڕیدە ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو باشترە، هۆکارەکەشی بۆ دانیشتووانی شاری مووسڵ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: بەهۆی مووسڵەوە ئەمساڵ بازاڕی فرۆشتنی موبەڕیدە باشتر بوو لەساڵی رابردوو، چونکە بەبێ وەرگرتنی گومرگ موبەڕیدە لە هەرێمی کوردستانەوە دەچێت بۆ مووسڵ. بەپێچەوانەوە حکومەتی عێراق بۆ هەناردەکردنی هەر موبەڕیدەیەک لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق 27 دۆلار وەردەگرێت.
نزیکەی 50 مارکەی موبەڕیدەی ئاسن بە هەموو قەبارەکانییەوە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن، نزیکەی 99%یان مارکەی ئێرانین، بەگوێرەی کوالێتی و قەبارەیان نرخیان جیاوازە، بۆ نموونە نرخی موبەڕیدەیەکی 2.5ی ئاسن بەگوێرەی کوالێتی نرخی لە 70 دۆلارەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 175 دۆلار.
نووری کەریم، خاوەنی پێشانگایەکی فرۆشتنی موبەڕیدەی ئێرانی لە شاری هەولێر کە بریکاری مارکەی گوڵدنی ئێرانییە، موبەڕیدە بە قەبارەی 2 تاوەکو 6.5 هاوردە دەکات، دەڵێت لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەت خواستێکی زۆر لەسەر موبەڕیدە هەیە، بۆ نموونە تەنیا من لە هەردوو پێشانگاکەم ئەمساڵ نزیکەی 10 هەزار موبەڕیدەم بەجوملە و تاک فرۆشتووە، بەدەیان پێشەنگا و بازرگانی هاوشێوەی منیش لە هەولێر هەن، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەمساڵ تەنیا لە هەولێر نزیکەی 100 هەزار موبەڕیدە بەتایبەت لە هەردوو قەبارەی 2.5 و 4.5 فرۆشرابێت.
نوری کەریم هەروەها گوتی :ئەمساڵ خواستێکی زۆریش لەسەر موبەڕیدەی پلاستیک هەبوو، پێشبینی دەکەم کۆمپانیا و پێشەنگاکان بە تەنیا لە هەولێر ئەمساڵ نزیکەی 75 هەزار موبەڕیدەی پلاستیکیان فرۆشتبێت.
نووری دەڵێت خەڵکی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی زیاتر خواستیان لەسەر موبەڕیدەی کوالێتی بەرزە، بۆیە زۆربەی ئەو موبەڕیدە کوالێتی نزمانەی بازرگانان هاوردەیان کردوون بۆ شاری مووسڵ هەناردە کراون، ئەوانە نرخیان بە جوملە لە نێوان 60 تاوەکو 70 دۆلاردایە.
جگە لە موبەڕیدەی ئاسن، ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان خواست لەسەر موبەڕیدەی پلاستیکیش زیاد بووە کە بەشێکیان لە چین و ئێرانەوە هاوردە دەکرێن، چەند کارگەیەکیش لە هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوانانی ئەو جۆرە موبەڕیدانە دامەزراون.
کەریم رەسول، کارگەیەکی بۆ دروستکردنی موبەڕیدەی پلاستیک لە هەولێر دامەزراندووە، ئەمساڵ 21 هەزار موبەڕیدەی بە سێ ناو و مارکەی جیا خستووەتە بازاڕەوە. ئەو دەڵێت: ماوەی دوو ساڵە خواستێکی زۆر لەسەر موبەڕیدەی پلاستیک زۆر بووە، ساڵانە لە هەرێمی کوردستان 150 تاوەکو 200 هەزار موبەڕیدەی پلاستیک دەفرۆشرێت کە نرخی جوملەیان بەگوێرەی قەبارە و کوالێتی لە 100 دۆلارەوە دەگاتە 250 دۆلار.
لە هەرێمی کوردستان تەنیا یەک کارگەی بەرهەمهێنانی موبەڕیدەی ئاسن هەیە، ئەویش بەهۆی لێشاوی موبەڕیدەی ئێرانی و دابەزینی بەهای تومەن، خەریکە دابخرێ. کارگەکە جگە لە ژمارەیەک موبەڕیدەی ساڵی رابردوو، هیچ موبەڕیدەیەکی تازەی دروست نەکردووە، ئەمە لەکاتێکدایە پێش شەڕی داعش ساڵانە 7 هەزار موبەڕیدەی دەخستە بازاڕەوە.
عادل محەممەد، خاوەنی کارگەی سوپەر ئەلیکترۆنیک بۆ دروستکردنی موبەڕیدەی ئاسن لە ناوچەی چیمەنی نزیک شاری کەرکوک، دەڵێت: ئەمساڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی پلێت و هەرزانیی نرخی موبەڕیدەی ئێرانی کە هۆیەکەی دابەزینی نرخی تومەنە، هیچ موبەڕیدەیەکمان دروست نەکرد، تەنیا 250 موبەڕیدەی ساڵی رابردوومان مابوو خستمانە بازاڕ.
عادل موبەڕیدەکانی بە جوملە بە 155 دۆلار لە بازاڕ دەفرۆشت، بەڵام هەمان موبەڕیدە کە ئێران دروستی دەکات، بەهۆی دابەزینی بەهای تومەنەوە لە کوردستان بە 65 دۆلار دەفرۆشرێ، بۆیە عادل ناچار بوو بەرهەمهێنان لە کارگەکەی رابگرێ.
سووریا موبەڕیدە لە کوردستان دەکڕێ
خاوەنی کارگەیەکی دروستکردنی موبەڕیدەی پلاستیکی لە هەولێر دەڵێت: بەشێک لە بەرهەمی کارگەکەمان هەناردەی سووریا کردووە، لە بەغداش خواست لەسەر مارکەکانی ئێمە هەیە، بەڵام بەهۆی وەرگرتنی گومرگ، تێچووەکەی زۆر دەبێ و ناتوانین لە نرخدا کێبڕکێ مارکەی چینی و ئێرانی

بکەین.
گوتیشی :بیرمان لە دروستکردنی موبەڕیدەی ئاسنیش کردووەتەوە، بەڵام لە نرخدا ناتوانین کێبڕکێ لەگەڵ کارگەکانی ئێران بکەین، بۆیە وازمان لە بیرۆکەی دروستکردنی هێنا.[1]
2018-07-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری و نەوت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئاوەدانکردنەوە
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 30-07-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-30 9:37:41 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 89
## ساڵانە 500 هەزار موەلیدە دەهێنرێنە کوردستان
https://www.kurdipedia.org/?q=20180301093848103566
بەهۆی کەمیی کارەبای نیشتمانی بێهیوابوونی خەڵک لە چاکبوونی، خواست لەسەر کڕینی موەلیدە لە کوردستان زیادی کردووە.
بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی موەلیدەی کارەبایی دەڵێت، ساڵانە بازرگانانی کوردستان نزیکەی 500 هەزار موەلیدە هاوردە دەکەن.
ئێستا حەوت وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان هەن کە تێکڕای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەیان دەگاتە نزیکەی 6000 میگاوات کارەبا، بەڵام بەهۆی گرفتی دابینکردنی سووتەمەنی، ئێستا تەنیا 2600 مێگاوات کارەبا بەرهەمدێنن، ئەمەش گرفتی کەمیی کارەبای لێکەوتووەتەوە و ڕۆژانە تەنیا نۆ کاژێر کارەبای نیشتمانی هەیە، بۆیە بەشێک لە هاووڵاتیان پەنایان بۆ کڕینی موەلیدە بردووە.
ئەردەوان موحسین مەموندی، خاوەنی پێشەنگای ئەردەوان بۆ فرۆشتنی موەلیدەی کارەبایی لە شاری هەولێر، دەڵێت: بەهۆی کەمیی کارەبای نیشتمانی، خواستێکی باش لەسەر کڕینی موەلیدە هەیە، ساڵانە نزیکەی 2500 تاوەکو 3000 موەلیدە دەفرۆشم.
ئەردەوان موەلیدە لە ئیمارات و چینەوە هاوردە دەکات و بەشێکیشی لە کۆمپانیاکان دەکڕێتەوە، دەڵێت زۆرترین خواست لەسەر موەلیدە لە مانگی ڕەمەزان، هەروەها ناوەڕاستی زستان و هاویندایە، چونکە لەم کاتانەدا بەهۆی زۆربوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا، کاتەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی کەم دەبنەوە و نرخی کارەبای موەلیدەی ئەهلی زیاد دەکات.
ئەردەوان مەموندی هەروەها دەڵێت: زۆرتر خواست لەسەر موەلیدەی دوو تاوەکو شەش کەیڤییە کە نرخیان بەگوێرەی کواڵیتی و تایبەتمەندییان دەگۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی نرخیان لەنێوان 120 تاوەکو 650 دۆلاردایە، ئەگەر مارکەش بێت دەگاتە 900 دۆلار.
بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار هەر کۆمپانیایەک چەند مارکەیەکی بەقەبارە و تایبەتمەندیی جیاواز خستووەتە بازاڕەوە، بۆیە بەسەتان جۆر و ناوی جیاوازی موەلیدە لە بازاڕ بەرچاو دەکەون، تەنانەت پێشەنگا بچووکەکانیش مارکەی تایبەت بەخۆیان هەیە.

ئەردەوان مەموندی دەڵێت: زۆربەی ئەو موەلیدانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن چینین، کارگەکانی چین بەپێی داواکاریی بازرگان، جۆر و ناو و تایبەتمەندی موەلیدەکە دروست دەکەن، بۆیە بە سەتان جۆری موەلیدە لەبازاڕدا هەن، بۆ نموونە من هەشت مارکەی جیاواز دەفرۆشم، دوو لە مارکەکان تایبەت بەخۆمن و لە ئیماراتەوە هاوردەیان دەکەم.
لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەت بەهاوردەکردنی موەلیدە هەن، هەندێکیشیان بریکاری کۆمپانیای وڵاتانی دیکەن. کۆمپانیای تەقلە کۆمپانیایەکی لوبنانییە، لقی لە هەولێر و سلێمانی هەیە، ساڵانە بە هەزاران موەلیدە لە چین و لوبنانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکات.
ئاری نەسرەددین، بەڕێوەبەری فرۆشتن لەو کۆمپانیایە دەڵێت: کۆمپانیاکەمان چەند مارکەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و بریکاری چەند مارکەیەکی جیهانیشە، هەموو جۆرە قەبارەیەکی موەلیدەمان بەتایبەتمەندیی جیاواز هەیە، لە یەک کەیڤییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 2000 کەیڤی، بەڵام زۆرترین خواست لەسەر موەلیدەی بچووکی یەک تاوەکو شەش کەیڤییە کە نرخیان لەنێوان 120 تاوەکو 900 دۆلارە.
بە گوتەی ئاری: ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن موەلیدە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، کە 60%یان موەلیدەی بچووکن، قەبارەیان لە نێوان یەک تاوەکو 6.5 کەیڤیدایە.
ئێستا لە زۆر شوێن چەند ماڵێک ڕێکدەکەون و موەلیدەیەکی 30 – 80 کەیڤی دەکڕن و پێکەوە خەرجییەکەی دابین دەکەن، بۆیە ئێستا خواست لەسەر ئەو جۆرە موەلیدانەش هەیە.
سەبارەت بە فرۆشی کۆمپانیاکەیان، ئاری گوتی: بەراورد بەپێش قەیران فرۆشی موەلیدە کەمی کردووە، بەڵام هێشتا باشە، بۆ نموونە فرۆشی ساڵی ڕابردووی موەلیدەی بچووک نزیکەی 300 هەزار موەلیدە بووە، بۆیە دەتوانم بڵێم ساڵانە لانیکەم 500 هەزار موەلیدە هاوردەی کوردستان دەکرێ.
لە کوردستان جگە لە وێستگە کارۆئاوییەکان، زۆرتر سوود لە سووتەمەنی وەردەگیرێ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئەگەرچی لە دنیادا سەرچاوەی جۆراوجۆر هەن بۆ دابینکردنی وزە.
حەمەئەمین هەورامی، ڕاوێژکار لە وەزارەتی کارەبا دەڵێت پێشتر بۆ دەستکەوتنی کارەبا، ڕۆژانە 11 ملیۆن لتر گازوایل بۆ وێستگەکان دابین دەکرا و خەرجییەکی زۆر لەسەر حکومەت دەکەوت، بەڵام ئێستا کارپێکردنی وێستگەکانمان بۆ گازی سروشتی گۆڕیوە، ڕۆژانە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو 2600 مێگاواتە، نزیکەی نیو ملیۆن لیتر گازوایل و 420 ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی بۆ وێستگەکان دابین دەکەین.
بەپێی ئاماری وەزارەتی کارەبا، زیاتر لە یەک ملیۆن و 500 هەزار بەشداربووی کارەبا لە هەرێمی کوردستان هەن، ساڵانەش بەتێکڕا نزیکەی 100 هەزار بەشداربوو زیاد دەکات.
لەسایەی کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانیدا، موەلیدە ئەهلییەکان بوونەتە سەرچاوەی دابینکردنی کارەبا و لە زۆربەی گەڕەکەکان زیاتر لە چەند موەلیدەیەک دانراون، موەلیدەکان جگە لە پیسکردنی ژینگەی شار، بەهۆی نارێکیی راکێشانی وایەر بۆ گواستنەوەی کارەبا بۆ ماڵان، سیمای شاریشیان ناشیرین کردووە.
حەمەئەمین هەورامی دەڵێت ئێمە لەگەڵ سیستەمی موەلیدە نین، چونکە خەرجیی زۆرە و ناتوانرێت وەک جێگرەوەی کارەبای نیشتمانی بەکاربێت تەنیا لە حاڵەتی لەناکاو نەبێت، بەڵام لەم کاتە ناتوانین گوشار بخەینە سەر خاوەن موەلیدەکان، چونکە گوزەرانی هەزاران خێزانیان لەسەرە، هەر کات توانیمان کاتی کارەبای نیشتمانی بۆ زیاتر لە 20 کاژێر بەرز بکەینەوە، خەڵک خۆیان واز لە موەلیدە دەهێنن.
93%ی هاووڵاتیان پارەی کارەبا نادەن
حەمەئەمین هەورامی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەڵێت: تەنیا 7%ی خەڵک پابەندن بە دانی پارەی کارەبای نیشتمانی. بۆیە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا سوود لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت وەربگرن لەهەموو جیهاندا ئەوە بەسەرچووە حکومەت لە دەرگای ماڵان بدات، بۆ پارەی کارەبا.[1]
2018-03-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئاوەدانکردنەوە

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 01-03-2018
کاتی تۆمارکردن: 01-03-2018 9:38:48 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 90

## ساڵانە لە ئێران 100 هەزار کەس وەک تووشبووی شێرپەنجە دەستنیشاندەکرێن

https://www.kurdipedia.org/?q=20180205093529103443

وەزارەتی تەندروستی ئێران رایدەگەیێنێت ساڵانە لە وڵاتەکەیان زیاتر لە 100 هەزار کەس وەک تووشبووی شێرپەنجە دەستنیشاندەکرێن و نیوەی تووشبووانیش گیان لەدەستدەدەن.
شێرپەنجە لەو نەخۆشییانەیە کە دەرمانی ئاسان نیە، گەرچی ئێستا بێ دەرمانیش نییە. لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە بۆ هەمووکەس مۆتەیەکی گەورەیە. شێرپەنجە لە چەند ساڵی رابردوودا لە ئێران زۆر بە خێرایی تەشەنەی سەندووە.
بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی ئێران، ساڵانە لەم وڵاتەدا زیاتر لە 100 هەزار کەس گیرۆدەی شێرپەنجە دەبن. 50 هەزار کەسیش بەم هۆیەوە گیان لەدەست دەدەن.
لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش دۆخی پارێزگای ورمێ لە هەموو پارێزگاکانی دیکە خراپترە. لە پارێزگای ورمێ بەپێی ئاماری ساڵی 2016 نزیک بە 2 هەزار و 730 کەس وەک کەسانی تووشبوو بە شێرپەنجە ناویان تۆمار کرابوو. 2 هەزار و 683 کەسیش گیانیان لە دەستدا. بەگوتەی بەرپرسان ئەم ئامارە دەتوانێت زیاتریش بێت، چونکە رەنگە هەموو ئەوکەسانەی بەهۆی شێرپەنجەوە گیان لەدەست دەدەن ناویان تۆمار نەکرابێت.
لە پارێزگای لوڕستانیش بەپێی ئامار 2 هەزار کەس چارەسەریان بۆ دەکرێ. ئەمە تەنیا ئەوانەی سەردانی پزیشکیان کردووە، ئامار دەتوانێت زیاتریش بێت.
لە پارێزگای ئیلام لە ئاماری فەرمیدا هاتووە لە هەر 100 هەزار کەس 122 کەس شێرپەنجەیان هەیە، واتە نزیک بە 730 کەس.
بەپێی راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کرماشان، ساڵانە شتێک لە نێوان 2 هەزار و 500 کەس تاوەکوو 3 هەزار حاڵەتی نوێی شێرپەنجە تۆمار دەکرێن.
ژمارەی تووشبووان لە پارێزگای لوڕستانیش هەزار و 935 کەسە. لە پارێزگای سنە ئەنجومەنی پشتگیری لە توشبووانی شێرپەنجە یارمەتی بە 2 هەزار و 700 کەسی توشبوو بە شێرپەنجە دەگەیەنێت.
گۆڕانی شێوەازەکانی ژیان، شێوازەکانی خواردن، پیسی هەوا، جگەرە، خواردنەوەی ناتەندروست، خۆراکیبە دووبارە بەرهەمهێنراوەکان، فاست فوودەکان، بەرزبوونەوەی تێکرای تەمەن و بەساڵاچوویی رەنگە سەرەکیترین هۆکارەکانی شێرپەنجەبن.
نەخۆشییەک بە خەرج و تێچوویەکی زۆری دەرمانەوە. لە ئێران بە گشتی ساڵانە نزیک بە 3 ملیار دۆلار خەرج هەڵدەگرێ.
پێشگیرییەکان دەتوانێت ئەم خەرجییە زۆر کەم بکاتەوە. تەنانەت تێچووە گیانییەکانیشی.[1]
2018-02-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
وڵات: IR ئێران

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 05-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 05-02-2018 9:35:29 AM
ناوی تۆمارکار: سەرپاس ئەحمەد

بابەت: 91

**ساڵی 2018 لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، هەزار و 945 داری سروشتی سوتاون، 33 کەس بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ و هەشت کەسیش بەهۆی سوتانەوە گیانیان لەدەستداوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107140541652224

ساڵی ڕابردوو لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، هەزار و 945 داری سروشتی سوتاون، 33 کەس بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ و هەشت کەسیش بەهۆی سوتانەوە گیانیان لەدەستداوە.
ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا هەریەک لە ئادەم جەبار، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و ژینگە، حسێن عەبدوڵا، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرگریی شارستانی، خۆشناو حەسەن وتەبێژی هاتووچۆی ڕاپەرین ئاماری ساڵی ڕابردوویان ڕاگەیاند.
بەگوێرەی ئامارەکەی، بەڕێوبەرایەتیی دارستان و ژینگەی ڕاپەڕین، ساڵی ڕابردوو 98 کەس بە تۆمەتی ڕاوی ماسی، 21 کەسیش بە تۆمەتی ڕاوکردنی باڵندە و یەک تۆمەتباری ئاژەڵی کێوی و دەستگیرکراون.
هەر بەپێی ئەو ئامارە، 21 کەس بە تۆمەتی زێدەڕۆیی و بیرهەڵکەندن و نۆ کەس-یش بە تۆمەتی داربڕین و خەڵوزکردن، دەستگیرکراون.
هەروەها، 17305 دۆنم پوش و پاوان سوتاون و هەزار و 945 داری سروشتی سوتاون و 50 داری چێندراو بڕدراون و 134 داری دیکەش زیانیان پێگەیشتووە.
بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتیی بەرگریی شارستانییش، 264 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی نەزاندراو، 98 بەهۆی شۆرتی کارەبا، 50 ڕووداوی بە ئەنقەست وکەمتەرخەم، 26 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە بەهۆی غازەوە و 88 ئاگرکەوتنەوەی دیکە بە ڕووداوی جۆراوجۆر تۆمار کراون.
دەربارەی زیانە ماددیەکانی ڕووداوەکانی سنورەکە، ئامارەکە ئاشکرایکرد، کە زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەکان 110 ملیۆن و 668 هەزار دینار بووە و زیانەکانی لافاویش دوو ملیارد و 464 ملیۆن و حەوت هەزار دینار بووە.
هەروەها، هەر لەو ساڵەدا شەش کەس بە ڕووداوی خنکان گیانیان لەدەستداوە، کە ئەمە بەبەراورد بە ساڵی 2017 کەمیکردووە و لەو ساڵەدا 16 حاڵەتی خکان هەبووە.
10 حاڵەتی دیکەی گیانلەدەستدان هەبووە، کە هەشتیان بەهۆی سوتانەوە بووە.
بەپێی ئامارەکانی بەریوبەرایەتیی هاتووچۆی ڕاپەڕین-یش، ساڵی ڕابردوو، 246ڕووداوی هاتووچۆ هەبووە، کە 64ڕووداو لەناو شاردا ڕوویان داوە و 182ڕووداویش لە دەرەوەی شار بوون.
هەر بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە، ساڵی ڕابردوو 33 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 345ی دیکەش برینداربوون.[1]
2019-01-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ڕووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-07 2:05:41 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 92
## سلێمانی بە 24 ملیار دینار پاکدەکرێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170910100955102154

دوارۆژ، سامان قوبادی
رۆژانە زیاتر لە 1200 تەن خۆڵ و خاشاک لەناو شاری سلێمانی کۆدەکرێتەوە و لەبەرامبەر پاککردنەوەشیدا ساڵانە 24 ملیار دینار خەرجدەکرێت.
لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزارییەکان لە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی باس لەوەدەکات، سزای سەرجەم ئەوکەسانە دەدەن کە لە رۆژانی جەژندا بەشێوەیەکی ناشارستانی و نایاسایی ئاژەڵیان سەربڕیوە، بۆ ئەو مەبەستە دەستیان بەسەر 67 ئۆتۆمبێلدا گرتووە، ناوبراو ئاماژە بەوەشدەکات، بەتەواو بوونی پرۆژەی ریسایکلینی سلێمانی سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەبێت.
سزای سەرپێچیکاران دەدرێت
سەبارەت بە سەربڕینی ئاژەڵ لە چەند ناوچەیەکی سلێمانی بەشێوەیەکی ناشارستانی، رزگار ئەحمەد لێپرساوی بەشی خزمەتگوزارییەکان لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ دوارۆژ باس لەوەدەکات: بەتایبەت لە جەژنی قورباندا کە ئاژەڵێکی زۆری تێدا سەربڕدراوە، پێشوەخت لەرێگەی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەت و تەندروستی و شارەوانی رێنمایی دراوە بە هاوڵاتیان، بەڵام بەشێوەیەکی ناشارستانی و نایاسی لەچەند شوێنێک ئاژەڵ سەربڕدراوە، لەهەمانکاتدا هەڵساوین بە پاککردنەوەی ئەو ناوچانە، لێکۆڵینەوەشمان لەگەڵدا کردوون و 67 ئۆتۆمبێلی قەساب دەستی بەسەرداگیراوە کە ئاژەڵیان سەربڕیوە و پاشماوەکانیان فڕێداوە، غەرامەکانیش لە 200 هەزارەوە دەستپێدەکات بۆ 600 هەزار دینار.
رۆژانە 1200 تەن خۆڵ و خاشاک لە سلێمانی کۆدەکرێتەوە:
رزگار ئەحمەد لەبارەی بری ئەو خۆڵ و خاشاکەی رۆژانە لەسلێمانی فڕێدەدرێت و کۆدەکرێتەوە، دەڵێت لە رۆژانی ئاساییدا زیاتر لە 1200 تەن خۆڵ و خاشاک لە سلێمانی کۆدەکرێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەی تانجەرۆ، ئەم کارەش لەلایەن 4 کۆمپانیا و شارەوانی سلێمانی لەرێگەی 1650 ژینگە پارێز و 550 ئامێری جۆراو جۆرەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام لە بۆنە تایبەتەکاندا خۆڵ و خاشاک زۆر زیاد دەکات.
پرۆژەی ریسایکلین
لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزارییەکان لە شارەوانی سلێمانی لە بارەی پرۆژەی ریسایکلینی سلێمانییەوە هۆکاری دواخستنی گەڕاندەوە بۆ قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجەی پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ کۆمپانیای جێبەجێکار لەگەڵ جێبەجێنەکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ ئەو ناوچەیە وتیشیتائێستا لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەت نەدراوە بە کۆمپانیای جێبەجێکار، بۆیە خاوەنی پرۆژەکە کەرەستە و ئامێرەکانی گواستوەتەوە، ئەگەر پرۆژەکە تەواو بکرێت ئاوی تانجەرۆ و دەربەندیخان خاوێن دەبێتەوە و خاشاکی تێکەڵ نابێت، هەروەها بەشێکی زۆری زەوی تانجەرۆ وەکو ئێستا داگیر نەدەکرا، جگە لەوە لە75%ی پاشماوەکان دەکرێن بە کەرەستەی خاو بۆ کارگەکان و لەبری

سوتەمەنیش بەکاردەهێنرێت.
لەبارەی سوتاندنی خاشاک و دروستبوونی دوکەڵ بەسەر شاری سلێمانیدا، ڕزگار ئەحمەد وتیشی چەند ساڵێکە ئەو پاشماوانە ناسوتێنین، بەڵکو خەڵکانێک هەن لەبەر بژێوی دەچنە ئەو ناوچەیە بۆ تواندنەوەی چەند مادەیەک ئاگر دەکەنەوە و دەبێتەهۆی سوتاندنی ئەو خاشاکە و دروستبوونی دوکەڵ، هەندێکجار بەهۆی گازی میسانەوە ئاگری لێدەکەوێتەوە، ئەگەر پرۆژەی ریسایکلین تەواو بکرایە ئێستا هیچ کێشەیەکمان نەدەبوو.
بەبڕی 24 ملیار دینار سلێمانی پاکدەکرێتەوە
ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو، ساڵانە زیاتر لە 250 ملیۆن دینار غەرامەی ئەو شوێنانە دەکرێت کە سەرپێچی دەکەن، هاوکات ساڵانە 24 ملیار دینار بۆ پاککردنەوە و گواستنەوەی خاشاکی سلێمانی خەرجدەکرێت.[1]
2017-09-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-10
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-10 10:09:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 93
## سوپای پاسداران ژینگەی چیای شاهۆ لەناو دەبات
https://www.kurdipedia.org/?q=2018101209475098029



سوپای پاسداران نزیکەی 10ساڵە بە ئۆپەراسیۆنە جیاجیاکانی لە چیای شاهۆ و ناوچەی کۆساڵانی سەربە دەڤەری هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێک لە ژینگەی ئەو ناوچانەی لەناوبردووە.
تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی لە چیای شاهۆ و کۆساڵان، ڕاپۆرتێکی لەبارەی تاوانەکانی سوپای پاسداران لەدژی ژینگەی چیای شاهۆ بڵاوکردووەتەوە، کە ئەمە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیە:
ڕووبەری چیای شاهۆ و کۆساڵان 57 هەزار و 236 هێکتارە، کە کەوتووەتە نێوان شارەکانی ڕوانسەر و پاوەی سەربە کرماشان و هەروەها کامیاران و مەریوانی سەربە سنە و لەلایەکیشەوە دەگاتەوە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.
سوپای پاسداران نزیک بە 10 ساڵە کە دەستیکردووە بە بەسەربازییکردنی چیای شاهۆ و کۆساڵان و ڕووبەرێکی زۆر لە لەوەڕگە و دارستانەکانی ئەو چیایەی لەناوبردووە.
سوپای پاسداران چیای شاهۆ و کۆساڵان بە ناوچەیەکی ستراتیژیی بۆ هاتووچۆ و مانەوەی

حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت و بەو بەهانەیەش هەموو هەوڵی ئەوەیە ناوچەکە لە دانیشتووان چۆڵ بکات و خۆی دەستی بەسەردا بگرێت.
لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا سوپای پاسداران بە 20 هەزار پاسدار، سەرباز و بەکرێگیراو لە ناوچەکانی چیای شاهۆ و کۆساڵان ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێکردووە، لەو ئۆپەراسیۆنەدا کە بەناوی موحەرەمی دوو دەناسرێت، ڕووبەرێکی زۆر لە دارستانەکانی چیای شاهۆ لە ئاگردا سووتاند.
بەرپرسە حکومییەکانی پارێزگای سنە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەو شوێنانەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیان تێدا ئەنجام دەدرێت، دارستان و لەوەڕگەی لێ نییە و لە تاشەبەرد پێکهاتوون.
ئەوە لە کاتێکدایە، کە ئەو ناوچانەی تۆپباران و بۆردومان کراون، ژینگەی بزنە کوێیەکانن.
هەرچەند سوپای پاسداران کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکە ڕاگەیاندووە، بەڵام هێزە سەربازییەکان لەو ناوچانە ماون و بەتەواوی بەسەربازییان کردووە.[1]
2018-10-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| تایبەتمەندییەکانی ژینگە: | تێکدانی ژینگە بەهۆی بۆردوومانەوە (ئێران) |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-12


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-12 9:47:50 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 94

## سوپای تورکیا بە نیازە جوگرافیای کوردستان بکاتە بیابان

https://www.kurdipedia.org/?q=20180925154617156239



دوارۆژ، ئاکۆ حەمەد ڕابی
بەرپرسێکی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) ڕایدەگەیەنێت، سوپای تورکیا هەڵمەتێکی دەستپێکردووە بۆ سوتاندنی دارستان و ژینگەی کوردستان و ئامانجیش لەو هەڵمەتە بە بیابانکردنی جوگرافیای کوردستانە.
سەرحەد ڤارتۆ وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆماجڤاکێن کوردستان (کەجەکە) لە لێدوانێکدا بەدوارۆژی ڕاگەیاند، ماوەی چەند ڕۆژێکە سوپای تورکیا هەڵمەتێکی دژی ژینگەی لە کوردستانی گەورە دەستپێکردووە و دستیکردووە بە ئاگردان و سوتاندنی دارستانەکانی کوردستان، ئێمە ئەو کارەی دەوڵەتی تورک بە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی هەژمار دەکەین و پێویستە وڵاتانی زلهێز لەسەر ئەو تاوانەی تورکیا بێنە دەنگ.
ئاماژەی بەوەشدا، سوتاندنی دارستانەکانی ئامەد، بۆتان، دەرسیم تا دەگاتە قەندیلی سەربەرز بۆ ئەوەیە کە جوگرافیایی کوردستان ببێتە بیابان.
ڤارتۆ داوای لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا و ڕێکخراوە ژینگە پارێزەکان کرد، لەسەر ئەو تاوانە

بێنەدەنگ، چونکە بێدەنگی وڵاتانی زلهێز مانای ڕازیبوونی ئەوانە بەو تاوانەی کە دەوڵەتی تورک دژی ژینگە و سروشتی کوردستان ئەنجامی دەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە بەهۆی بۆردوومانەوە (تورکیا)
وڵات: باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-25 3:46:17 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 95

## سیروان ئێستا بۆ خواردنەوە لە داهاتووشدا بۆ کشتوکاڵ زیانبەخشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181125095827104840



بەهۆی بونی 27 کارگەی جۆراو جۆر لەسەر ڕووباری سیروان و تێکەڵبوونی پاشەڕۆی چەندین پاڵاوگەی نەوت و پاشەڕۆی ناوچەکانی نیشتەجێبوون بە ڕووبارەکە، لە ئێستادا خواردنەوەی ئاوی ڕووباری سیروان مەترسیدارە و ئەگەر هەیە لە داهاتووشدا بۆ کشتوکاڵ-یش بەکار نەیەت.
سیروان پێنجەمین پڕئاوترین ڕوبارە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەرژێتە باشوری کوردستان، هەروەها یەکێکە لەمەزنترین ڕوبارەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی سەرەکی ئاوە بۆ دەریاچەی دەربەندیخان، لەبەر ئەوەی نزیکەی 64% ئاوی ئەم دەریاچەیە، ڕووباری سیروانە.
نزیکەی 27 کارگە لەسەر ڕووباری سیروان هەیە، پاشەڕۆی ئە و کارگانەی لەسەر ڕووباری سیروان داندراون لەگەڵ پاشەڕۆی ئەو ناوچە نیشتەجێبوونانەی نزیک ڕووبارەکەن، تێکەڵ بە ئاوی ڕووبارەکە دەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ساڵانە 10 هەزار تەن مادەی کیماوی و پەینی ئەندامی و نائەندامی بڕژێتە ناو ڕووباری سیروانەوە.
عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت، پسپۆری بواری ژینگە و مامۆستا لەزانکۆی گەرمیان، لەبارەی پیسبوونی ئاوی ڕووباری سیروان و مەترسییەکانی بە ڕۆژنیوزی وت: ڕووباری سیروان ئیستا بووەتە سەرچاوەیەک بۆکۆکردنەوەی هەموو پاشەڕۆکان، مادە قورسەکان واتە هێزە میتاڵییەکان وەک ئاسن و ئەلەمنیوم و مس کۆبووەتەوە لەناویدا، ئەگەر هاوڵاتی بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ بیخوات، لەجەستەیدا کۆدەبێتەوە و دواتر دوورنییە توشی نەخۆشی شیرپەنجەکەی بکات، ڕاستە پاڵاوتن بۆ ئە و ئاوە دەکرێت بەڵام تاچەند زانستیە ئەوە دیار نییە.
هەروەها ناوبراو تیشکی خستە سەر زیانەکانی دیکەی پیسبوونی ئاوی سیروان و وتی: هۆکارەکانی پیسبونی ئاوەکە لەزیاد بووندایە و کوالێتی ئاوەکە تیکچووە، ئەگەری هەیە لە ساڵانی داهاتوودا بەکەڵکی کشتوکاڵیش نەیەت، چونکە ئاو کاتێک بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنرێت، پێویستە چەند مەرجێکی تێدابێت، دەبێت هیچ مادەیەکی ژەهراوی تێدا نەبێت وەک مەگنیسیۆم، بەڵام ئاو سیروان، بەهۆی ئە و پاشەڕۆیانەی دەچێتە ڕووبارەکە، مەترسی ئەوەی لەسەر هەیە لەساڵانی داهاتوودا بەکەڵکی کشتوکاڵ نەیەت، چونکە دەیان جۆر بەکتریای مەترسیدار لەناو ئە و


پاشەڕویانەدا هەیە.
سەروەر قەرەداغی، چالاکوانی بواری ژینگە و دانیشتوی شارۆچکەی دەربەندیخان بۆ ڕۆژنیوز، وتی: ئاوی شارۆچکەی دەربەندیخان، لە ئێستادا جگە لەوەی بۆنی دێت، تام و ڕەنگیشی گۆڕاوە، هۆکارەکەشی بەپلەی یەک دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئە و هەموو پالاوگە و کارگانەی لە تانجەرۆ هەن و پاشەڕۆکەیان دێتە ناو ئاوی سیروان.
سەروەر قەرەداغی وتیشی: ئاوەڕۆی شاری سلێمانی و هەڵەبجە و شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە و نەخۆشخانەکانی سلێمانی، دێتە ناو ئاوی سیروانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگەڕانی ئە و هەموو تانکەرە نەوتانەی لەسنوری دەربەندیخان وەردەگەڕێن وبارەکەیان دەڕژێتە نێو ڕوبارەکە و ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی ئاوی دەربەندیخان پیس ببێت.
هەرچەند شارەزایان باس لە پیسبوونی ئاوی سیروان و دەریاچەی دەربەندیخان دەکەن، بە شێوەیەکی زانیستی، زۆرینەی هاوڵاتیانی شارۆچکەی دەربەندیخان-یش هەست بە گۆڕانی بۆنی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان دەکەن و دەڵێن، کە بۆنێکی پیس لە ئاوەکە دێت، بەڵام نەبۆنی ئاوەکە و نە وتەی زانستی شارەزایان سەرنجی لایەنە پەیوەندی دارەکانی ڕانەکێشاوە بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ ڕێگری لە پیسبوونی زیاتری ئاوی دەربەندیخان بکرێت.[1]
2018-11-25

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پیسبوونی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-25 9:58:27 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 96
**سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێم**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180522091525104042




2018-05-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-22

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-05-22 9:15:25 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 97

## سەوزایی ماڵئاوایی لە کەرکوک دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20170808120244141967



بەهۆی ئاونەدانی درەخت و باخچەکانی شاری کەرکوک و گرنگیی نەدان بە ژینگەی شارەکە، ئەو رێژە کەمە سەوزاییەی، کە تێیدایە وردە وردە وشک دەکات و خەریکە سەوزایی ماڵئاوایی یەکجاریی لە کەرکوک دەکات.
لە شاری کەرکوک چەندین بیری نەوت و کارگە و پاڵاوگەی وەبەرهێنانی نەوت بوونی هەیە، بۆیە ژینگەی شارەکە بەتەواویی پیس بووە و باخچە و درەختەکانی شارەکەش بەشێکی زۆریان وشک بوون.
ئاکۆ فەریق، هاوڵاتییەکی شاری کەرکوک، لە بارەی ژینگەی شارەکەوە، بە رۆژنیوزی وت:ژینگەی کەرکوک ژینگەیەکی پیسە و گونجاو نییە بۆ ژیان، هۆکارەکەشی بۆ دەرهێنانی نەوت و بوونی چەندین پاڵاوگەی ئەهلی لە شارەکە دەگەڕێتەوە.
ئاکۆ فەریق، وتیشی:دار و درخت لە شاری کەرکوک کەم هەیە و بۆ ئەوەی ئۆکسجین و هەوای پاک ببەخشێت بە هاوڵاتیان، نە هاوڵاتی و نە حکومەت هەوڵیان نەداوە رێژەی سەوزایی لەشارەکە زیاد بکەن، وەیان پشتێنەیەکی سەوزی ژینگەی لە دەرەوەی شار دروست بکرێت.
شادومان محەمەد، هاوڵاتییەکی دیکەی کەرکوکە و لەسەر هەمان پرس بە رۆژنیوزی وت:باخچە و ژینگەی بازڕامان بە تەواویی پیس بووە، حکومەت بەرپرسیاری یەکەمە لە خراپی ژینگەی ئەم شارە، بەڵام هاوڵاتی-ش بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە هاوڵاتی خۆڵ و خاشاک فڕێ دەدات.
ئاماژەی بۆ کەمیی سەوزایی کرد لە شارەکە و وتی:حکومەت تا ئێستا دارێکی لەم شارە نەڕواندووە، وڵاتی تورکیا لەسایەی نەوتی شاری کەرکوکەوە بووە بە وڵاتێکی گەشتیاریی، بەڵام حکومەت دووکەڵەی نەوتەکە دەرخواردی ئێمەی هاوڵاتی دەدات و پارەکەش دەکاتە قورگی تورکیاوە.
شکۆفە مەحمود، ئەندامی دەستەی باڵای کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، رێژەیەکی مەترسیداریی سەوزایی کەرکوکی بۆ رۆژنیوز ئاشکراکرد و وتی:بە پێی ستانداردی جیهانیی، دەبێت رێژەی سەوزایی لە هەر شارێک، لە هەر 100 مەتر دووجایەک-دا 15 مەتر دووجای سەوزایی بێت، بەڵام شاری

کەرکوک زۆر لەم ڕێژەیەوە دوورە، بە پێی نوێترین ئامار ڕێژەی سەوزایی لەشارەکە تەنیا 2% ە.
شکۆفە، وتیشی:فەرمانگەکانی شاری کەرکوک و کۆمەڵەکەی ئێمە هەوڵیان داوە بۆ زیادکردنی سەوزایی، بەڵام هەوڵەکان کەمن و ناگاتە ئەوەی، کە مەترسییەکانی ژینگە لە شارەکە بڕەوێنینەوە، چونکە شارەکە لە ناو چەندین کێڵگەی نەوتیدایە، لە ئەنجامی دەرهێنانی نەوت دووکەڵی ڕەش دایپۆشیەوە، جگە لەمەش لە ئێستادا کارکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە شارەکە زیادیکردووە، ئەمەش هۆکارە بۆ خراپ بوونی ژینگەی شارەکە.
ئاماژەی بەوەشکرد:لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، چەندین باخچە لە شارەکە دروستکران، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی کارمەند و قەیرانی دارییەوە، باخچەکان بەشێکیان وشک بوون.
ئەو ئەندامەی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، ئاماژەی بە مەترسیی ژینگەی کەرکوک کرد لەسەر ژیانی هاوڵاتیان و وتی:بە پێی نوێترین توێژینەوە، بەشێک لە نەخۆشی ژێرپەنجەی مەمکی ژنان، نەخۆشی تالاسیما و ڕەبۆ هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئە و هەموو دووکەڵەی، کە ئاسمانی شارەکەی تەنیوە.
بە پێی ئە و بەدواداچوونەی، کە ڕۆژنیوز ماوەی سێ ڕۆژە لەشاری کەرکوک ئەنجامیداوە 14 باخچەی شارەکە بە تەواوی وشک بوون، هەروەها بە پێی ئە و ئامارەی کە دەست ڕۆژنیوز کەوتووە، بەهۆی پێنەدانی بوجەی پترۆل دۆلار، زیاتر لە 700 باخەوان و چاودێری باخچەکان لە کارەکانیان دەرکراون و تەنها 74 باخەوان و چاودێر لەسەر کارەکانیان ماون.
ڕۆژ نیوز: 08-08-2017

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 08-08-2017
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-08 12:02:44 PM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 98

## سەیدسادق: پۆلیس 20 کەسی سەرپێچیکار دەستگیردەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20180611101155104224

دوارۆژ، عەلی حەمە سەعید
بەبۆنەی کۆتاییهاتن بە وەرزی قەدەغەکردنی ڕاوەماسی، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سەیدسادق ئامارەکانی سێ مانگی ڕابردووی کار و چالاکییەکانیان خستەڕوو، کە لە و ماوەیدا 20 کەسی سەرپێچیکاریان دەستگیرکردووە و 70 کیلۆ ماسیشیان لە ڕاوچییەکان سەندوەتەوە.
ڕائید سەردار ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی سەیدسادق، بە دوارۆژی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی لە 2018/3/14 بە فەرمانێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەرزی قەدەغەکردنی ڕاوەماسی دەستپێکرد، تیمەکانمان بەردەوام چاودێری

دەریاچەی سیروان و دارستانەکانیان کردووە، بەڵام لەم ماوەیەدا 20 هاووڵاتی سەرپێچیکارمان دەستگیرکردووە کە بڕی زیاتر لە 70 کیلۆ ماسییان پێبووە، هاوکات دەستیشمان گرتووە بەسەر بەلەمێک و ماتۆڕێکی ڕاوکردندا.
ئاماژەی بەوەشکرد، هەروەها لە ساڵانی ڕابردوودا لە 6/17 کۆتایی بە وەرزی قەدەغەکردنی ڕاوەماسی دەهات، بەڵام ئەمساڵ وادەکەی پێشخراوە بۆ 6/14، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو لەم کاتەدا ئاستی ئاوی ڕووباری سیروان بەرێژەیەکی زۆر دابەزیوە و ئەمەش کاریگەری خراپی کردوەتە سەر بەرهەمی ماسی لە دەریاچەکەدا و زەرەرمەندی یەکەمیش ئە و کەسانەن کە بژێوی ژیانیان لە سەر ڕاوە ماسییە.
بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی سەیدسادق ئەوەی وت لەگەڵ ئەوەی سنورێکی بەرفراوانمان لەبەردەستدایە و ئەرکێکی قورسیشمان لە ئەستۆدایە، بەڵام وەک پێویست هاوکاریمان ناکرێت لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە تەنها لەلایەن چەند کەسێکەوە نەبێت.[1]
2018-06-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-11 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 99
## سەیدسادق؛ گردبوونەوەیەکی هاوخەمیی بۆ ژینگەپارێزانی مەریوان بەڕێوەچوو
https://www.kurdipedia.org/?q=20180925151335156232



دوارۆژ، عەلی حەمە سەعید
بەمەبەستی دەربڕینی پشتوانی بۆ ژینگەپارێزانی شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ناردنی پەیامی پرۆسە و هاوخەمی بۆ بنەماڵە و کەسوکاری ئەو چوار چالاکوانەی کە لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان بوون بە قوربانی، ئەمڕۆ بە ئامادە بوونی بەرپرسانی حکومی و حزبی لە شارۆچکەی سەیدسادق گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو.
دیاری ڕەفیق، قایمقامی قەزای سەیدسادق و بەشداربووی گردبوونەوەکە بەدوارۆژی ڕاگەیاند، ئامانجمان لەڕێکخستنی ئەو گردبوونەوە و مەراسیمە بۆ دەربڕینی هاوخەمی و هاوسۆزییە بۆ ژینگە پارێزانی کوردستان و مەریوان و هەروەها گەیاندنی پرسەو هاوخەمییە بە بنەماڵەی ئەو چوار چالاکوانەی کە بەرلەچەند ڕۆژێک لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی شاری مەریوان گیانیان لەدەستدا.
ئاماژەی بەوەشکرد، گیان لەدەستدانی ئەو چوارچالاکوانە بۆشاییەکی گەورەی خستە بواری

ژینگەپارێزییەوە چونکە ئەوان هەمیشە لەهەوڵی پاراستنی دارستان و پاکڕاگرتنی ژینگەدا بوون بە بێ ئەوەی بیر لە شاروگوند بکەنەوە بەڵکوو لەهەر شوێنێکی کوردستان گرفتێکی ژینگەیی هەبووایە ئەوان هەمیشە ئامادەییان هەبووە.
قایمقامی قەزای سەیدسادق ئەوەشی خستەڕوو، ئەرکی ئێمە و ژینگە دۆستانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتە درێژە بەو پەیام و خەباتە بدەین کە ئەو چوار چالاکوانەی ڕۆژهەڵات گیانی خۆیانیان لە پێناودا کردە قوربانی بۆ ئەوەی بەهەموو لایەک بتوانین ژینگەیەکی جوان بۆ کوردستان فەراهەم بکەین.
شەریف باجوەر، چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ و ژینگەپارێزی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، ئومێد حسێن زادە، ڕەحمەت حەکیمی نیا و محەمەد پەژووهی، ئەو چوار ژینگەپارێزەن کە ڕۆژی 25ی ئەم مانگە لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگر لەدارستانەکانی مەریوان گیانیان لەدەستدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 🖇ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-25 3:13:35 PM

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 100

## شاری هەولێر و بەغدا لە لیستی پیسترین شارەکانی جیهاندان

https://www.kurdipedia.org/?q=20190110154609189935

ڕێکخراوی ئاشتی سەوزی جیهانی لیستی پیسترین شارەکانی جیهانی بڵاوکردووەتەوە و هەردوو شاری هەولێر و بەغدایش لە لیستەکەدا بونیان هەیە.
ماڵپەڕی گرینپیس بڵاویکردووەتەوە، بە گوێرەی ئەنجامی شیکارییەکی بێپێشینە بۆ ئە و داتا و زانیارییە نوێیانە کە لە مانگە دەستکردەکانەوە لە ماوەی نێوان 1ی حوزەیران و 31 ئابدا دەرچووە، لەڕێگەی ڕێژەی گازی زیانبەخشی دووەمی ئۆکسیدی نایترۆجینەوە لە هەوادا، ناوی هەشت شاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی وەک پیسترین شاری جیهان دەستنیشانکردووە.
لیستەکە 50 شاری لە سەرانسەری جیهان گرتووەتەوە لە و ژمارەیەش هەشت شاریان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، کە پایتەختی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئیمارات و سعودیە و میسر و قەتەر پێکهاتوون.
ڕێکخراوەکە بونی برێکی زۆر نەوتی پیسی لە و شارانە بەهۆکاری پیسبونی کەش و هەوای ئە و ناوچانە دیاریکردووە.
لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا گرینپیس کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سوتەمەنییە بەردینەکان ڕێژەی ئوتۆمبێلە کۆنەکان و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی یاخود ئەوانەی بە وزەی خۆر کار دەکەن بە چارەسەری پیسبوونی هەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاریکردووە.[1]
2019-01-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پیسبوونی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2019-01-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-10 3:46:09 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

بابەت: 101

**شارەوانی پلانێکی هەرێمی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە جێبەجێدەکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=2018100822552294460

دوارۆژ، عیسا عەبدولقەهار
بۆ رێگری لە بەفیڕۆدانی ئاو، وەزارەتی شارەوانی پلانێکی هەرێمی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە جێبەجێدەکات و بەڕێوەبەری ئاوی هەرێمیش دەڵێت: رۆژانە دوو ملیۆن مەترسێجا ئاو بۆ هەرێم دابیندەکرێت و خەرجی هەر مەترسێجایەک 400 دینارە.
ئەمرۆ دووشەممە 8ی تشرینی یەکەم، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم لەگەڵ پارێزگار و نوێنەرانی پارێزگاکان بۆ شێوازی خەرجی ئاو و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، کۆبووەوە.
مەسعود کارەش، بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێم بە دوارۆژی راگەیاند: هەرچەندە ساڵانە ژمارەی دانیشتووانی هەرێم زیاددەکات، بەڵام وەزارەتی شارەوانی پلانێکی هەرێمی دادەڕێژێت بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، بۆ ئەمەش لە کۆی 800 هەزار هاوبەشی ئاو توانیومانە 550 هەزار هاوبەشی ئاو پێوەری زیرەک ببەستین.
وتیشی: سێکتەری ئاو بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت، بەڵام کێشەمان ماوە و میکانیزمی باشتریان بۆ دادەنرێت، چونکە ئێستا رۆژانە دوو ملیۆن مەترسێجا ئاو بۆ هەرێم دابیندەکرێت کە خەرجی هەر مەترسێجایەک 400 دینارە.
وەزارەتی شارەوانی بڕیاریداوە بە پێدانەوەی بڕی پارەی پێوەری ئاوی ماڵان، کە ساڵی رابردوو لە هاوڵاتیان وەرگیراوە و مانگانە ئەگەر پێوەری ئاوەکە 40 هەزار دینار بێت ئەوا 38 هەزار دینار وەردەگیرێت و بەوشێوەیە تاوەکو تەواوی پارەی هاوڵاتیان دەگەڕێندرێتەوە.
لەبارەی بەفیڕۆدانی ئاو لەهەرێم، ئە و بەرپرسەی وەزارەتی شارەوانی وتی: پێوەرەکانی ئاو رێگری دەکەن لە بەفیڕۆدانی ئاو، بەڵام لە هەموو جیهان رێژەی بەفیرۆدانی ئاو بەپێی ستاندارت 220 لیترە، بەڵام لە هەندێک لە گەڕەکەکان هەرێم ئەو رێژەیە بۆ 350 لیتر بەرزبۆتەوە.[1]
2018-10-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
وەزارەتەکانی باشوور (هەرێم): وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 08-10-2018
کاتی تۆمارکردن: 08-10-2018 10:55:22 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 102

**شارەوانی سلێمانی: 20%ی پۆستەرەکانی هەڵبژاردن لێنەکراونەتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=2018101310033498325

دوارۆژ، پشتیوان جەمال
بەرپرسێکی شارەوانی سلێمانی رایدەگەیەنێت: بەشێکی زۆری حیزب و کاندیدەکان پۆستەری بانگەشەی هەڵبژاردنیان لابردوە و ئێستا 20%ی پۆستەرەکان ماون بۆ لابردنیان.
رزگار ئەحمەد، بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاری لە شارەوانی سلێمانی بە دوارۆژی راگەیاند: دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ماوەی مانگێک بە لیست و کاندیدەکان دراوە بۆ لابردنی پۆستەرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، تائێستا 80%یان لابردوە، بەڵام هێشتا 20%ی ماون.
ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد: کە داوا لە حیزب و کاندیدەکان دەکەن تا 15 رۆژی دیکە پۆستەرەکانی دیکەش لاببەن، بەپێچەوانەوە شارەوانی لایان دەبات و بڕی تێچووەکانیش دەکرێتە غەرامە و رەوانەی کۆمسیۆن دەکرێت.
رۆژی 30ی ئەیلول هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڵام لە بەشێکی شەقامەکانی سلێمانی هێشتا پۆستەری حیزب و لایەنەکانی پێوە ماوە.[1]
2018-10-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: هەڵبژاردن و ریفراندۆم
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 13-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-13 10:03:34 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 103

**شێوازی بەرهەمهێنانی نەوت و کارەبا مەترسی لەسەر ژینگەی هەرێم دروستدەکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180417224652148649

پسپۆران و بەرپرسانی ژینگە پێیانوایە، شێوازی بەرهەمهێنانی کارەبا و دەرهێنانی نەوت و غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، هۆکاری سەرەکی پیسبوونی ژینگەن و هیچ پێوەرێکی ژینگەیش لەوبارەیەوە جێبەجێناکرێت.
بەپێی برگەی 3 لەماددەی 26ی یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، دەبێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کۆمپانیا نەوتییەکان پابەندبکات بە پاراستنی تەندروستی گشتی خەڵک و ژینگەی ئە و ناوچانەی نەوتی لێبەرهەم دەهێنن و راهێنانی هاوڵاتیانی کوردستان لە کۆمپانیاکان تا فێری شارەزای بن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی، بەڵام کۆمپانیاکان تائێستا بەرێژەیەکی کەم چوونەتە ژێرباری ئەم بەندە یاسایانە.
بەپێی وتەی بەرپرسانی ژینگە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی نەوت پابەندی یاسای نەوت و گازی هەرێم نەبوون و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش چاوپۆشی لێکردوون و زۆرێک لە و کۆمپانیایانە پابەندنی برگە و مادەکانی یاسای نەوت و گاز نابن.
حاکم سەمەد ئەحمەد، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم بۆ دوارۆژ ئەوەدەخاتەڕوو، ئەوان چاودێری هەموو کۆمپانیا نەوتییەکان دەکەن بەمەبەستی پاراستنی ژینگەی هەرێم، بۆ ئەوەش چەندین رێنمایان هەیە تا کەمترین کاریگەری لەسەر ژینگە دروستبکەن.
روونیشیکردەوە، تائێستا جگە لە پاڵاوگەکانی نەوت نەیانتوانیوە ئەم رێنمایانە بەسەر هەموو کۆمپانیاکانی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت جێبەجێبکەن، لەبەرئەوەی ئەم کۆمپانیایانە راستەوخۆ پەیوەستن بەوەزارەتی سامانە سروشتییەکان.
سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم هێمای بۆ ئەوەشکرد کە لەسەر پابەندنەبوون بە پاراستنی ژینگە چەند پاڵاوگەیەکی نەوتیان سزاداوە، بەبێ ئەوەی ژمارەی ئە و پاڵاوگانە بخاتەڕوو، بەڵام هیچ کۆمپانیایەکی نەوتیان سزانەداوە.
دەشڵێت نابێت پێشکەوتن و بونیاتنانی وڵات لەسەر حسابی ژینگە بێت، بۆیە لەمەودوا کاری جددی دەکەین بۆ پابەندکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان بەجێبەجێکردنی رێنماییەکانی پاراستنی ژینگە و مەرجی قورستریش دادەنێین لەوانەش دەبێت لولەکێشەکانیان بەرزتربن و فلتەری پێشکەوتووش دابنێن بۆ ئەوەی کەمترین گازی ژەهراوی تێکەڵ بەهەوا بێت.
پسپۆڕانی بواری ژینگە و سەلامەتی هۆشداری دەدەن بەهۆی زیادبوونی زیانە ژینگەییەکانی دەرهێنانی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و ئاماژەشبەوەدەکەن، ساڵانە زیانە ژینگەییەکانی نەوت و غاز دەیان ملیۆن دۆلارە.
د. عبدالخالق مەحەمەد، پسپۆڕی بواری کارگێڕی ئەندازیاری و سەلامەتی ژینگەیی بە دوارۆژی راگەیاند لە نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2017، واتە لە سەرەتای دەرکەوتنی پرۆژە نەوتییەکان تائێستا، گەلێک رووداوی ژینگەیی لە بواری پیسبوونی هەریەک لە هەوا و ئاوی سەر زەویی و ژێر زەوی و خاک و خۆڵی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە لەگەڵ بەفیڕۆچوونی زەوی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی.
ئە و پسپۆرەی بواری سەلامەتی ژینگەیی، ئەوەشدەخاتەڕوو، پرۆسەکانی دەرهێنانی نەوت و غاز لە لایەن کۆمپانیاکان بوونەتە هۆکاری پیسبوونی ژینگەیی هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا نەبوونی مۆدێلی سەلامەتی ژینگەیی دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆزکردووە.
ئاماژەی بەوەشکرد، ساڵانە دەیان ملیۆن دۆلار زیان بە ژینگەیی هەرێمی کوردستان دەکەوێت بەهۆی نەوت و غازەوە لە ئەنجامی پیسبوونی هەوا و ئاو و خاک و مادەکانی ناو هەرێم.
پسپۆڕەکەی بواری ژینگە، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە دیارببکات لەگەڵ جۆرەکانی تێچوو زیانە مرۆیی و ماددی و داراییەکانی کە بەر هەرێم دەکەون لە ئەنجامی کردەوەکانی نەوت و گاز.
ناوبراو، وتیشی پێویستە تەشریعاتی یاسایی لەبارەی پاراستنی ژینگە لە کەرتی نەوت و غازدا بکرێت، لەگەڵ دامەزراندنی مۆدێلی سەلامەتی ژینگەیی، ئەویش بە فشارخستنەسەر کۆمپانیاکانی نەوت و غاز و بە پابەندکردنیان بە ئەرکی جێبەجێکردنی مۆدێلی سەلامەتی و کەمکردنەوەی زیانە ژینگەییەکان.
لای خۆیەوە زانا موکریانی، ئەندازیاری پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ دوارۆژ، سەبارەت بە کاریگەری کۆڵینی بیری نەوت لەسەر ئاوی ژێر زەوی هۆشداری پیسبوونی ئاو دەدات، بەڵام بەشێوەیەکی رێژەیی.
موکریانی، روونیکردەوە، بەهۆی مەترسییەکانی بیری نەوت و پرسی لۆجیستیکی و سەلامەتی خەڵک، ناتوانن کۆلین لە ناو شارەکان بکەن، بۆیە لە حاڵەتی پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی بەهۆی نەوتەوە بەپێی جۆر و رێژەکەی دەتوانرێت چارەسەری بۆ بکرێت.
پسپۆرانی بواری ژینگە هۆشداری دەدەن لە بارەی سیستەمی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، زیاتر لە 90% کارەبای هەرێمی کوردستان لە رێگەی غازی سروشتی و

گازوایلەوە بەرهەمدەهێنرێت.
زۆرێک لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە جیهان، پشت بە سەرچاوەی جیاجیا دەبەستن و، بۆ هەر وڵات و شوێنەک جۆرە ستانداردێک هەیە بۆ بەگەرخستنی وێستگەکانی کارەبا، کە بەشی زۆری ستانداردەکان لەپێناو پاراستنی ژینگەیی و کەمکردنەوەی خەرجیە، لە هەرێمی کوردستان سیستەمی بەرهەمهێنانی کارەبا پشت بە هەر سێ وێستگەی گاز و دوو بەنداوی کارۆئاوی دووکان و دەربەندیخان بەستووە.
د.دڵشاد ئیسماعل، پسپۆری بواری ژینگە لە بارەی زیانەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بۆ دوارۆژ ئەوەدەخاتەڕوو، بەرهەمهێنانی کارەبا لەرێگەی گازوایل، زیانی زۆر زیاترە لە غازی سروشتی و خەڵوز و نەوت، چونکە گازوایل پیسترین جۆری سوتەمەنییە.
ئە و پسپۆرە، ئاماژە بەوەشدەکات، سوتانی گازوایل، دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوانەئۆکسیدی کاربۆن، واتە Carbon dioxide و هەڵمی ئاو واتە water vapor.
رونیشیکردەوە، ئە و غازانەی لە گازوایل بەرهەمدێن هەمان ئەو پێکهاتانەن، کە لەکاتی هەناسەداندا بەرهەم دێن و، رێژەی 45% دەرپەڕاندنی دوانەئۆکسیدی کاربۆنیش لە گازوایل زیاترە.
وتیشی ئەو غازانەی کە لە ئەنجامی سوتانی گازوایلەوە پەیدادەبێت نزمترە لە خاڵی خەستبوونەوەی ئەوە غازانەی کە لە ئەنجامی سوتانی غازی سروشتیەوە پەیدادەبێت، کە خەستبوونەوەی ئەو غازانە دەبێتە هۆی پەیدابوونی مادەیەکی دارژێنەر.
سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم، لەوبارەیەوە رایگەیاند بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان 90% لە رێگای گازی سروشتی و گازوایلەوە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەرهەمدەهێنرێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان دروستکردووە.
ئەوەشی خستەروو، لە سەردەمی ئێستا سیاسەتی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی وزە لە هەموو وڵاتان لە رێگای وزەی خۆر و با و ئاو بەرهەمدەهێنرێت، ئەویش بەهۆی پاکی و هەرزانی نرخی تێچوونی بەرهەمهمهێنانی وزەی کارەبا.
ئاشکراشیکرد، 3 وێستگەی کارەبای گەورە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک رۆژانە بە ملیۆنان لیتر گازوایل و هەزاران مەتر سێجا غازی سروشتی دەسوتێنن بۆ بە دەستهێنانی وزەی کارەبا، ئەگەرچی بەشێوەیەکی زانستیش ئە و کارە ئەنجامبدرێت، بەڵام کاریگەری خراپی هەر لەسەر ژینگە دەبێت.
وتیشی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا نە باجی ژینگە دەدەن نە بە تەواوی پابەندن بە رێنماییەکانی ژینگە، بەڵام بەهۆی پێویستی هەرێم بە کارەبا چاوپۆشیان لێکراوە.[1]
2018-04-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-17 10:46:52 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

بابەت: 104

## شەڕەکانی باشووری کوردستان لە 1961ەوە و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر تێکچوونی ژینگە کرد، کە 80%ی ژینگەی ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کورستان بەهۆی شەڕەکانەوە تێکچوون

https://www.kurdipedia.org/?q=201811250944049485



لە چوارەمین کۆنگرەی زانستیی جیهانیدا کە لەبارەی ژینگەوە لە قاهیرە بەڕێوەدەچێت، کوردێک وەکو زانایەکی ژینگەیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خەڵاتی پێبەخشرا.
د. بەهرام خدر مەولود، پرۆفیسۆر لە بواری ژینگە، بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند چوارەمین کۆنگرەی زانستی جیهانی ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت و، 150 توێژینەوە لەبارەی ژینگە و تێکچوونی ژینگە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت. منیش وەکو سەرۆکی پێشووی هەڵبژێردراوی زانکۆی سەلاحەدین لەبارەی کاریگەرییەکانی تێکچوونی ژینگە گوتاری دەستپێکم پێشکەشکرد و، وەکو زانایەکی ژینگەیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خەڵاتی کۆنگرەکەم پێ بەخشرا.
د. بەهرام خدر باسی لەوەکرد: لە کۆنگرەکەدا باسم لە شەڕەکانی ئێران-عێراق، جەنگی کەنداو، شەڕەکانی باشووری کوردستان لە 1961ەوە و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر تێکچوونی ژینگە کرد، کە 80%ی ژینگەی ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کورستان بەهۆی شەڕەکانەوە تێکچوون، شەڕ بووەتە هۆی وشکبوونی هۆرەکان لە عێراق، تێکچوونی ئاوی خواردنەوە و مردنی ماسییەکان و کۆچکردنی زانا و مامۆستایانی زانکۆ بۆ دەرەوە.
کۆنگرەکە رۆژی 24-11-2018 دەستی بەکارەکانی کرد و، تاکو 26-11-2018 بەردەوام دەبێت.
هەریەک لە سەرۆکی زانکۆی تەکنەلۆژی بەغدا، باڵیۆزی عێراق لە میسر و نوێنەری عێراق لە زانکۆی عەرەبی و ژمارەیەک بەرپرسی عێراقی و میسریش بەشداری کۆنگرەکە بوون.[1]
2018-11-25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پاراستنی ژینگە
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: میسر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 25-11-2018
کاتی تۆمارکردن: 25-11-2018 9:44:04 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 105

## گرتنەوەی ئاوی خاسە کاریگەرییەکی لەسەر بەنداوی دوکان دروستکردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170630151737140707

محەمەد تاهیر، بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان بە دوارۆژی ڕاگەیاند، ئێران ئاوی زێی خاسەی گرتەوەو بەوهۆیەشەوە ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردۆتە سەر ئاستی ئاوی دوکان.

وتیشی لە ئێستادا ئاوەکە لە چرکەیەکدا تەنیا پۆینت شەش مەتر بەرز دەبێتەوە کە ئەوەش بەهۆی سەرچاوە ناوخۆییەکانی خۆمانەوەیە، لە هەمانکاتدا لە یەک چرکەدا شەست و پێنج مەتر موکەعەب ئاو بەردەدەینەوە بۆ کارەبا و خواردنەوە.
بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان هێمای بۆ ئەوەشکرد، زیانێکی زۆر بەر سامانی ئاژەڵی ناو ئاو گەیشتوە، چونکە لەکاتی دانانی گەرا و زاوزێی ماسی ئاوەکە گیراوەتەوە و بەشێک لەو ماسیانە بەهۆی وشکبونی زێیەکە مردون و نەگەڕاونەتەوە ناو دەریاچەکە.
دەریاچەی دوکان زیاتر لەنیو سەدەیە دروستکراوە، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئاودێری، سامانی ماسی، گەشتیاری و ئاوی خواردنەوە بەکارهاتووە،
بۆیەکەم جارە لە مێژوی بەنداوەکەدا وڵاتی ئێران ئەم زێیە بگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دروست دەکات لەسەر گلدانەوەی ئاوی دەریاچەی دوکان.
2017-06-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

شار و شارۆچکەکان: دوکان

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-06-30

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-30 3:17:37 PM

ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

---

بابەت: 106

## گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشە لە کشتوکاڵی کوردستان دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=2018022809062483064

بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمیی بارینی باران، ساڵ لەدوای ساڵ بەرهەمی ئەو زەوییانەی بەشێوەی دێمی لە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچەمسۆگەر دەچێندرێن روو لە کەمی دەکات، بەجۆرێک ئەگەر ئەم دیاردەیە بەردەوام بێت و زەوییەکان بەراو نەکرێن، لەوانەیە لە داهاتوودا سوودی چاندنی دانەوێڵەیان نەمێنێ.
بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵانە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 3.3 تاوەکو 3.5 ملیۆن دۆنم زەوی بە گەنم و جۆ دەچێنرێن، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کەمیی بارانەوە لە وەرزی چاندن، نزیکەی ملیۆنێک دۆنم زەوی لەو ناوچانەی بارانیان نامسۆگەر و نیمچە مسۆگەرە، بە بەیاری ماونەتەوە، ئەو ڕووبەرەشی کە چێنراوە بەهۆی دواکەوتنی بارینی باران، وەک پێویست نەڕواوە، بۆیە "پێشبینی دەکرێت بەرهەمی گەنم و جۆی ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 40% کەم ببێتەوە".
فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (ڕووداو)ی گوت: لەکۆی ئەو ڕووبەرەی ساڵانە دەکرێتە دانەوێڵە، تەنیا 1.3 ملیۆن دۆنم دەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەر و پێویستیان بە دانانی سیستەمی ئاودێری نییە، بەڵام نزیکەی دوو ملیۆن دۆنم زەوی دەکەونە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچە مسۆگەر، بۆیە بۆ ڕزگاربوون لە هەڕەشەی وشکەساڵی و زیادکردنی بەرهەم پێویستمان بە دانانی سیستەمی ئاودێری لەم ناوچانە هەیە.
ئەو ناوچانەی ساڵانە 350 تاوەکو 400 ملیمەتر بارانیان لێدەبارێت بەناوچەی بارانی نیمچە مسۆگەر دادەنرێن، لەو بڕەش کەمتر

به ناوچەی بارانی نامسۆگەر دادەنرێ. فاروق عەلی دەڵێ ئەگەر دۆنمێک زەوی بەگەنم لەم دوو ناوچەیە بچێنرێ، گرفتی کەمبارانی نەبێت نزیکەی 400 کیلۆ بەرهەم دەدات، بەڵام ئەگەر هەمان رووبەر سیستەمی ئاودانی بۆ دابین بکرێت، بەرهەمەکەی بۆ 800 تاوەکو 1000 کیلۆ بەرز دەبێتەوە.
بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، لەکۆی رووبەری ئەو 3.5 ملیۆن دۆنمەی ساڵانە بە دانەوێڵە دەچێنرێت، تەنیا 502 هەزار دۆنمی بەراوە، لەم ژمارەیەش تەنیا 270 هەزار دۆنمیان بۆ سیستەمی ئاودان ئاوی بیر بەکار دەهێنن، ئەوانی دیکە پشت بە ئاوی رووبارەکان دەبەستن.
فاروق عەلی دەڵێت: بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان، پێشنیازمان بۆ جووتیارانی ناوچەی بارانی نامسۆگەر کردووە، ساڵێک زەوییەکانیان بکەن بە وەرد و ساڵی دووەم بیچێنن، لەچاندنیش پەیی کیمیاوی بەکارنەهێنن و جۆ یان ئەو جۆرە گەنمانە بچێنن کە پێویستیان بەئاوی زۆر نییە.
هەروەها دەڵێت: بەهۆی کەمی باران بەتایبەت لە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچە مسۆگەر، بەباشی دەزانم رێگە بە جووتیاران بدرێت بیری پایل لە زەوییەکانیان لێبدەن بەو مەرجەی ئاوی بیرەکە تەنیا بۆ مەبەستی ئاودانی زەوییەکانیان لەنێوان 11/15 تاوەکو 3/21 بەکاربهێنن، ئەگەرنا دڵنیام لە چەند ساڵی داهاتوودا بەهۆی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەواوە زیاتر لە یەک ملیۆن دۆنم زەویی گونجار بۆ چاندنی دانەوێڵە لەدەست دەدەین.
پارێزگای هەولێر لەڕووی رووبەرەوە پشکی شێری بەرکەوتووە لەو زەویانەی دەکەونە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچەمسۆگەر. سەرجەم زەوییەکانی سنووری بنکە کشتوکاڵییەکانی بنەسڵاوە، قوشتەپە، عەنکاوە، شەمامک و خەبات دەکەونە ناوچەی بارانی نیمچەمسۆگەر، زەویی ناوچەکانی مەخموور، گوێر و دیبەگەش دەکەونە ناوچەی بارانی نامۆسگەر، رووبەری گشتیی ئەو ناوچانە نزیکەی ملیۆنێک و 244 هەزار دۆنمە و تەنیا 30%ی بەراوە.
ئەمین رەئوف پیرداود، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێت: لەڕووی زانستییەوە ئاوی بیر ناتوانێ جێگەی ئاوی باران بگرێتەوە، چونکە بەپێی رێنماییەکان نێوانی دوو بیری ئیرتیوازی نابێت لە 500 مەتر کەمتر بێت، بۆیە هەموو جووتیارێک ناتوانێت لە زەوییەکەی بیر لێبدات، لێدانی بیریش بە پایل قەدەغەیە، چونکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاوی ژێر زەوی دەبێ، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە زەوییەکان بە ئاوی رووبار بەراو بکرێن.
بە ئامانجی بەراوکردنی یەک ملیۆن و 223 هەزار دۆنم زەوی لە دەشتەکانی پارێزگای هەولێر، وەزارەتی کشتوکاڵ لە کۆتایی ساڵی 2004 بیرۆکەی سێ پرۆژەی ئاودێری ئاراستەی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی بەغدا کرد، وەزارەتی ناوبراویش دوای لێکۆڵینەوە رەزامەندی لەسەر پرۆژەکە دا و خستییە پلانی ستراتیژیی خۆی. لە کۆتایی ساڵی 2006 دەستکرا بە توێژینەوە و نەخشەسازی بۆ پرۆژەکە، بڕیار بوو ساڵی 2010 جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2009 بەبیانووی ئەوەی پرۆژەکە ئابووری نییە، وەزارەتی پلاندانانی بەغدا رەتیکردەوە.
دوای رەتکردنەوەی پرۆژەکان لەلایەن بەغداوە، بەهۆی گرنگیی پرۆژەی شەمامک کە نزیکەی 80 هەزار دۆنم بەراو دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010دا 50 ملیۆن دۆلاری وەک قۆناغی سەرەتا بۆ پرۆژەکە دابین کرد، لێژنەیەکی پەیوەندیداریشی بۆ پێکهێنرا. لێژنەکە داوای توێژنەوەکانی لەبارەی پرۆژەکە لەبەغدا کرد، بەڵام بەغدا رازی نەبوو توێژینەوەکان بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ، بۆیە پرۆژەکە پشتگوێ خرا.
ئەمین رەئوف دەڵێت: ئەگەر ئەم پرۆژانە تەواو بکرانایە زۆربەی ئەم ناوچانە گرفتی کەمبارانییان نەدەما و بەرهەمی ئەم ناوچانە بۆ دوو بەرامبەری ئێستا زیاد دەبوو، زۆربەی گوندەکانی ناوچەکەش ئاودان دەبوونەوە.
وەک هاندن بۆ بەراوکردنی زەویەکانیان، وەزارەتی کشتوکاڵ لە چوارچێوەی قەرزی کشتوکاڵی لەساڵی 2009 تاوەکو 2013 پێشینەی کشتوکاڵی دەبەخشی بە جووتیاران بۆ لێدانی بیر و راکێشانی کارەبا و دانانی ئامێری پرژاندن، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، پێشینەکان وەستان، ئێستا بەشێک لە جووتیاران خۆیان سیستەمی ئاودێری بۆ زەویەکانیان دادەنێن.[1]
2018-02-27

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-28 9:06:24 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 107
## گەرمیان؛ ئامێرێکی 300 هەزار دۆلاری بۆ لەنێوبردنی پاشماوە پزیشکییەکان دابیندەکرێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20180809101266799
دوای بڵاو بوونەوەی راپۆرتێک لە تۆڕی میدیای رووداو، وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامێرێک بۆ سووتاندن و لەنێوبردنی پاشماوە پزشکییەکان لە گەرمیان دابیندەکات.
د. سیروان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی گەرمیان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند ئەمڕۆ لە وەزارەتی تەندروستییەوە ئاگادارکراومەوە کە ئامێرێک بۆ سووتاندنی پاشماوە پزیشکییەکانی سنووری گەرمیان دابیندەکەن.
بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی گەرمیان گوتیشی نرخی ئەو ئامێرەی بۆ سووتانی پاشماوە پزیشکییەکان بەکاردێت 300 هەزار دۆلارە. کۆی دانان و تێچووەکەی دەگاتە نزیکەی 400 هەزار دۆلار.
ئەمڕۆ تۆڕی میدیایی رووداو راپۆرتێکی لەبارەی زیانەکانی فڕێدانی پاشماوە پزیشکییەکان لە گەرمیان بڵاوکردەوە. بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی گەرمیان لەڕێگەی رووداوەوە هۆشداریدا لە بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی بەهۆی پاشماوە پزیشکییەکان و گوتی پێویستە پەلە بکرێت لە دانانی یەکەیەک بۆ لەنێوبردنی ئەو پاشماوانە.[1]
2018-08-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و راپرسی: ئاوەدانکردنەوە
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-08-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-09 9:10:12 AM

بابەت: 108

## گەشتیاران شاخی گۆیژە دەکەنە زبڵدان

https://www.kurdipedia.org/?q=2018100715294397123



دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گەشتووگوزاری سلێمانی لە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریدا نزیکەی 20 کورسی و مێزو سەلەی خۆڵ و خاشاکی لە چیای گۆیژە دانا، بەڵام پیسکردنی دەوروبەری پرۆژەکە و ڕێز لێ نەگرتنی لە لایەن هاووڵاتیان و گەشتیارانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەرایەکی زۆری نایەوە و بووە جێگەی مشتومڕی هاووڵاتیان.
لەوبارەیەوە عەلی ڕەئوف بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سلێمانی بە PUKmedia ی ڕاگەیاند: ئەو پرۆژەیەی لەسەر چیای گۆیژە دانراوە، کە بریتییە لە کورسی و مێز و سەلەی خۆڵ و خاشاک، بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و گەشتیاران دانراوە تا بتوانن لەو جێگەیەدا پشوو بدەن.
وتیشی: بەداخەوە دوای دانانی پرۆژەکە لەگەڵ ئەوەی لە تەنیشت هەر کورسی و مێزێکەوە سەلەی خۆڵ دانراوە، بەڵام گەشتیاران و هاووڵاتیان زۆر بە پیسی و ناشرینی پرۆژەکە بەجێدەهێڵن، بەشێوەیەک ئەگەر وابڕوات پرۆژەکە لە جێگەیەکی گەشتوگوزارییەوە دەگۆڕێت بۆ شوێنی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک.
لە کۆتاییشدا بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سلێمانی وتی: لە داهاتوودا پرۆژەی زۆر گەورەترمان لە شاخی گۆیژە بەدەستەوەیە بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان، بۆیە داواکارم لە هواڵاتیان ڕێز لە بوونی ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە بگرن، چونکە دواجار بۆ سوود وەرگرتن و جوانترکردنی سیمای شوێنە گەشتوگوزارییەکان دروستکراوە.
PUKmedia تاڤاو محەمەد[1]
2018-10-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پیسبوونی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-07 3:29:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 109

## گەشتیاران ڕەچاوی خاوێن ڕاگرتنی ژینگەی هەورامان ناکەن

https://www.kurdipedia.org/?q=2018082409495198962

زۆرێک لە گەشتیاران ئەو شوێنەی گەشتی بۆ دەکەن بە پاشماوەکانیان پیسی دەکەن و سیمایەکی ناشرین با ناوچەکە دەکەن، بەشێکی دیکەی گەشتیاران و بەرپرسێکی گەشتوگوزاری هەڵەبجەش خاوێن ڕاگرتنی ناوچە گەشتیارییەکان بە ئەرکی دوو لایەنەی گەشتیار و حکومەت دەزانن.
بەگوێرەی ئەو ئامارەی، کە ڕۆژنیوز لە بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری هەڵەبجە وەریگرتووە، لە ماوەی سێ ڕۆژی جەژنی قوربانیدا نزیکەی 30 هەزار گەشتیاری ناوخۆیی و بیانیی ڕوویان لە ناوچە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە کردووە لەو ژمارەیەش نزیکەی 90٪ یان سەردانی سەرچاوەی زەڵم و سەیرنگای ئەحمەد ئاوایان کردووە.
هەر بەگوێرەی ئامارەکە، زۆربەی گەشتیارەکان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتوون.
ئەوەی جێگای نیگەرانییە، گەشتیاران، لەکاتێکدا سەدان کیلۆمەتر دەبڕن بۆ بینینی جوانییەکانی هەورامان، بەڵام گرنگیی بە پاکژیی ژینگەی ناوچەکە نادەن و لەپاش خۆیان پاشماوە و زبڵ و خاشاکێکی زۆر بەجێدەهێڵن، خۆ ئەگەر کارمەندانی شارەوانیی بەزوویی ناوچەکە خاوێن نەکەوە، ئەوە لە جیاتیی جوانییەکان، زبڵ و خاشاک دەبێتە جێگای سەرنجی گەشتیاران و ئەو شوێنەی، کە خۆیان پیسی دەکەن لەبەرچاویان ناشرین دەبێت و جارێکی دیکە ڕووی تێناکەن.
نزار عەبدولقادر، یەکێک لەو گەشتیارانەی، کە لە گەرمیانەوە ڕووی لە سەرچاوەی زەڵم کردبوو، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنیوز، ئاماژەی بە کەمتەرخەمیی گەشتیاران کرد و وتی: لەلایەن تیمەکانی شارەوانیی و گەشتوگوزارەوە تا ڕادەیەک سەلەی خۆڵ و جێگای تایبەت بە کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک و پاشماوەی گەشتیاران دیاریکراوە، بەڵام بەداخەوە زۆرێک لە گەشتیاران پابەند نین بە خاوێن ڕاگرتنی شوێنە گەشتیارییەکان و ئەو پاشماوەیەی کە هەیانە لە دوای خۆیان یان کۆی ناکەنەوە یاخود جێی دەهێڵن، ئەمەش سیما و سروشتی ناوچەکەی پیس کردووە.
سۆری ئیسماعیل، گەشتیارێکی دیکەیە و لە شاری هەولێرەوە ڕووی لە سەیرانگای ئەحمەدئاوا کردبوو، ئاماژەی بەوەکرد، کە تیمەکانی شارەوانیی و گەشتوگوزار ناتوانن وەک پێویست کۆنترۆڵی ئەو هەموو گەشتیارە بکەن لەڕووی خاوێن ڕاگرتنی ژینگە و بۆ ڕۆژنیوز وتیشی: خاوێن ڕاگرتنی ژینگە کارێکی دوولایەنەیە، چونکە بە تەنها کارمەندانی شارەوانیی و گەشتوگوزار بۆخۆیان ناتوانن بەو ئەرکە هەستن ئەگەر گەشتیارانیش بۆخۆیان هۆشیارەکی ژینگەییان نەبێت.
وتیشی: لایەنە پەیوەندیدارەکانیش دەبێت ڕێنمایی ژینگەیی لەم شوێنان دابنێت و جێگاکانی تایبەت بە کۆکردنەوەی پاشماوەی گەشتیاران زیادبکەن، چونکە ئەم جێگا گەشتیارییانە دواجار وەک موڵکی گشتیین و دەبێت بە هەموان پارێزگارییان لێبکرێت.
هەروەها، کازم محێدین، بەرپرسی بەشی خزمەتگوزرییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند: ئەوەی لە توانامان‌دا بووبێت ئەنجامامان داوە بۆ خزمەتکردنی گەشتیاران و پاکڕاگرتنی ژینگەی ناوچەکە، بەڵام بەهۆی کەمیی ژمارەی فەرمانبەرەکانمانەوە کە ژمارەیان تەنها 13 کەسە ناتوانین کۆنترۆڵی هاتنی ئەو هەموو گەشتیارە بکەین.
سەبارەت بە کەمیی ژمارەی سەلەکانی کۆکردنەوەی خاشاک-یش، کازم محێدین، وتی: ئێمە سەلەی تایبەت بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکمان داناوە، بەڵام لەبری ئەوەی پاشماوەکانی تێبکرێت لە دەرەوەی ئەو سەلانەوە پاشماوەکان فڕێدەدرێن ئەمەش بارگرانییەکی زۆری بۆمان دروستکردووە، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی گشتیی کۆمەڵگا هۆشیار بکەینەوە لە گرنگیی پاراستن و پاک ڕاگرتنی جێگا گەشتیارییەکان.[1]
2018-08-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەشتوگوزار

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🖎 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 24-08-2018
کاتی تۆمارکردن: 24-08-2018 9:49:51 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 110

**لیژنە تایبەتمەندەکان هۆکاری بۆنە ژەهراوییەکەی هەولێر ئاشکرادەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170815234921142258



سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئاشکرایدەکات، هۆکاری بۆنە ژەهراویەکەمان ئاشکراکردووە و دەشڵێت، بۆ بنەبڕکردنی پێویستە ئەنجومەن و بەرپرسانی شارەکە بریاری کۆتایی بدەن.
هەفتەی رابردوو ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لەسەر هۆکاری بۆنە ژەهراوەیەکەی شارەکە کۆبوەوە و هەردوو لیژنەی تەندروستی و ژینگەی راسپارد لە هۆکاری بڵاوبوونەوەی بۆنەکە بکۆڵنەوە و راپۆرتی خۆیان ئامادەبکەن.
خانزاد وسو، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئەمرۆ سێشەممە 15ی ئابی 2017 بە دوارۆژی راگەیاند هۆکاری بۆنە ناخۆشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پاڵاوگە نایاساییەکان و خەڵک بەشێوەی قاچاغ گاز لە بیرە نەوتەکانی گەیارە دێنن و خۆڵ و تێزابی تێکەڵ دەکەن و دەیفرۆشنەوە بە بەشێک لە مۆلیدەکان و ئەوانیش بەکاریدەهێن و لە ئەنجامدا بۆنێکی ژەهراوی زۆر خراپ دروستدەبێت و تێکەڵی هەوای شارەکە دەبێت، ئەمەش زیانی زۆر گەورەی لەسەر تەندروستی هاوڵاتیان و ژینگە دەبێت.
وتیشی بەشێک لە پاڵاوگەکان خۆشیان ئە و گازوایلە خراپە بەکاردەهێنن، چونکە نرخەکەی زۆر هەرزانترە لە و نرخەکەی کە حکومەت دیاریکردووە.
سەرۆکی لیژنەی تەندروستی ئاماژەی بەوەشکرد، هەفتەی داهاتوو ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر راپۆرتەکان کۆدەبێتەوە و پێویستە بریاری کۆتایی لەبارەی پاڵاوگەکان بدرێت و ئەوانەی نایاسایین بە یەکجاری دابخرێن، بەپێچەوانەوە کێشەکە چارەسەرنابێت و بۆنەکە بنەبڕناکرێت.
ماوەی زیاتر لە دوو مانگە بۆنی پاڵاوگەکانی نەوت لە دەوروبەری هەولێر تێکەڵ بە هەوای شارەکە بووە و بەوهۆیەوە دانیشتوانی باشوور و رۆژئاوا رۆژانەی بۆنی گازەکە هەڵدەمژن، ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر قایمقامی هەولێر داخستنی 23 پاڵاوگەی نایاسایی و سزادانی ژمارەیەک مۆلیدەی ئەهلی راگەیاند، بەڵام هێشتا بۆنەکە لە چەند شوێنکدا ماوە.
لەسنووری پارێزگای هەولێر 130 پاڵاوگەی نایاسایی هەن، کە بەشێکیان لە و گەڕەکانەوە زۆر نزیکن کە کەوتوونەتە باشوورەوە.[1]
ماڵپەڕی دوارۆژ: 15-08-2017

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دوارۆژ - 15-08-2017
کاتی تۆمارکردن: PM 11:49:21 2017-08-15
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 111
**لیژنەی داخستنی پاڵاوگە نایاسابیەکان: پێویستە 170 پاڵاوگە دابخرێن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181031204119104717
دوارۆژ، هانا چۆمانی
سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگەکان رایدەگەیەنێت: ئەو لیژنەیەی حکومەت ماوەی چەند مانگێکە دروستی کردووە بۆ داخستنی پاڵاوگە نایاسایی و بێ مۆڵەتەکان کارەکانی خۆی ئەنجامداون و گەیشتووەتە ئە و ئەنجامەی پێویستە، 170 پاڵاوگە دابخرێن.
دکتۆر سامی جەلال، سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بە دوارۆژ-ی راگەیاند :دوای ئەوەی چەندینجار حکومەت ئاگادارکرایەوە لەبوونی پاڵاوگەی نایاسایی و بێ مۆڵەت کە سەرچاوەی پیسبوونی ژینگەن، حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی نۆکەسی دروستکرد من سەرۆکایەتی دەکەم، دوای سێ مانگ کارکردنیش راپۆرتی خۆمانمان ئامادەکرد و گەیشتینە ئە و ئەنجامەی کە سەدان پاڵاوگەی نایاسایی لە هەرێم هەن.
وتیشی :بەپێی ئەنجامی راپۆرتەکە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 500 پاڵاوگەی نایاسایی و بێ مۆڵەتی نەوت و گاز هەیە، ئەمانە بوونەتە سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر ژیانی هاوڵاتیان، بۆیە دەبێت دابخرێن. ئێمە بۆ ئەم مەبەستە هەستاوین بە جێبەجێکردنی پرۆژەی داخستنیان بە دوو قۆناغ، لە قۆناغی یەکەمدا بڕیارمانداوە بە داخستنی 200 پاڵاوگەیان کە زۆر شوێنەکەیان هەستیارە و لە نزیک شارەکانن، لە قۆناغی دووەمیشدا هەڵدەستین بە داخستنی 300 پاڵاوگەکەی تر.
سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگەکان رونیشکردەوە :لیژنەکە بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان-ە، گەیشتوین بە و ئەنجامەی تا ئێستاش نزیکەی 30 پاڵاوگەی نەوت پابەندنین بە مەرجەکانی حکومەت، بەڵام مۆڵەتیان هەیە و یاسایین، لەبەر ئەوە سەرجەمیان ئاگادارکراونەتەوە، ئەگەربێت و پابەندیشنەبن سزادەدرێن.
ئەوەشی خستەڕوو :نزیکەی 170 پاڵاوگەی نایاسای و بێ مۆڵەت هەیە، سەرجەمیان ئاگادارکراونەتەوە کە هۆکارن بۆ پیسبوونی ژینگە و کاری نایاسایی و ئەگەر بێت و تا دوو مانگی تر خاوەنەکانیان داینەخەن حکومەت بەزەبری هێز داگیریان دەکات و تێکیان دەدات، چونکە کارەکەیان کارێکی نایاسابیە و سەدان کێشە و زیانی بۆ هاوڵاتیان دروستکردووە.[1]
2018-10-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ئابووری و نەوت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دوارۆژ - 31-10-2018

| کاتی تۆمارکردن: | 2018-10-31 8:41:19 PM |
|---|---|
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 112

## لە 8 ساڵدا ملیۆنێک و 31 هەزار دۆنم دارستان و پاوان لە کوردستان سووتاون

https://www.kurdipedia.org/?q=20180711093856104308

ڕووبەری سووتانی دارستان و پاوان بە دۆنم لە 2010 تاوەکو 2016

| ساڵ/پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | 27.039 | 126.214 | 8.747.5 | 22.029 | 184.029.5 |
| 2011 | 8.040 | 65.497 | 5.349 | 510 | 79.396 |
| 2012 | 31.270 | 44.494 | 4.474 | 8.200 | 88.438 |
| 2013 | 6.375 | 26.692 | 4.525 | 500 | 38.092 |
| 2014 | 4.261.5 | 37.139.5 | 4.463.7 | 0 | 45.864.7 |
| 2015 | 125.597.5 | 117.814 | 70.789 | 262 | 314.462.5 |
| 2016 | 73.370 | 116.463 | 3.397.25 | 35.000 | 228.230.25 |
| 2017 | 496.27 | 46.067 | 1.214 | 5.000 | 52.777.27 |
| کۆی گشتی | 276.449.27 | 580.380.5 | 102.959.45 | 71.501 | 1.031.290.22 |

لە مانگی پووشپەڕداین، پلەی گەرما بەرزە، سەرجەم پاوان و دارستانەکانی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی سووتاندان، تیمەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەرگریی شارستانی لە ئامادەباشیدان، بەڵام قاسە خاڵییەکەیان ڕێگرە لەوەی بتوانن لە ئەگەری کەوتنەوەی ئاگر لە پووش و پەڵاش و دارستانەکان، بە کەمترین زیان لێی دەربچین.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە هەشت ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە، یەک ملیۆن و 31 هەزار و 290 دۆنم دارستان و پاوان سووتاون، زۆرترین ڕووبەری سووتاویش لە سێ ساڵی ڕابردوودا تۆمار کراوە کە 559 هەزار و 469 دۆنم بووە و دەکاتە 57%ی تێکڕای ڕووبەری سووتاوی هەشت ساڵی ڕابردوو.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی دارستان و پاوان و ڕەزگەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: بەهۆی قەیرانی داراییەوە، سێ ساڵە وەک پێویست نەمانتوانیوە ئاگربڕ بۆ دارستان و پاوانەکان دروست بکەین و پاکیان بکەینەوە، ئەمەش زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەی لە دارستان و پاوان زیاتر کردووە.

ئێستاش کە بە وەرزی ئاگرکەوتنەوە دادەنرێ، بە گوتەی حوسێن حەمەکەریم تەنیا لە 2%ی دارستانەکاندا هەڵمەتی پاککردنەوە و ئاگربڕ کراوە. بۆیە دەڵێت: 98%ی دارستان و پاوانەکانی هەرێمی کوردستان مەترسیی سووتانیان لەسەرە، بەتایبەت ئەمساڵ بارانێکی باش باریوە و گژوگیا زۆرە و پلەی گەرماش بەرزە.

ئاگر بە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکانی سەر کەمبوونەوە و لەناوچوونی دارستان و تێکچوونی هاوسەنگیی ژینگە لە جیهاندا دادەنرێ، ساڵانە بەملیۆنان هێکتار دارستان لەجیهاندا بەهۆی ئاگرەوە لەنێودەچن.

بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان لە دارستان و پاوانەکان کردوویەتی، دەرکەوتووە 35%ی ئەو ڕووبەرە دارستان و پاوانەی لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا سووتاون، بەهۆی تۆپبارانی تورکیا و ئێران بووە.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوە زۆرن، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانی سێ ساڵی ڕابردوو، بۆمان دەرکەوتووە زۆربەی ئاگرکەوتنەوەکان بەهۆی کەمتەرخەمی، دەستی ئەنقەست و پاشماوەی ئاگری شوان و گەشتیاران و تۆپبارانی ئێران و تورکیا ڕوویانداوە.

بە گوتەی حوسێن حەمەکەریم، ئەو شێوازە کۆنەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوە پەیڕەو دەکرێ، فراوانیی ڕووبەری دارستانەکان و نەبوونی ڕێگەوبان، مینڕێژکردنی هەندێک لە دارستانەکان و دروستنەکردنی ئاگربڕ، زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەی چەند بەرامبەر کردووە.

بەرپرسەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ پێیوایە پشتگوێخستنی یاساکانی دارستان و جێبەجێنەکردنی بەسەر ئەوکەسانەی بەدەستی ئەنقەست دارستان و پاوانەکان دەسووتێنن، ژمارەی ئاگرکەوتنەوەکان و زیانەکانی زیاتر کردووە و وایکردووە خەڵکانێک بێ ترس بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاگر لە دارستان و پاوانەکان بەربدەن.

لە ماددەی 22ی یاسای دارستاندا هاتووە هەرکەسێک داری بە تەمەن ببڕێتەوە، یان بە دەستی ئەنقەست ئاگر لە دارستان و پاوان بەربدات، سزاکەی بەندکردنە بۆ ماوەیەک کە لە 6 مانگ کەمتر نەبێت و پێ بژاردنێک کە لە 5 ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: بەداخەوە دادگاکان وەک پێویست ئەم یاسایە جێبەجێ ناکەن و کاتێک کەسێک لەسەر سووتاندنی بەئەنقەستی دارستان دەگیرێت، بە کەفیل تاوانبارەکە

بەردەدەن و بەپێی یاسای ژینگەش سزای دەدەن کە سزاکەی زۆر کەمە.
سەمەد محەممەد، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان لەبارەی سووتانی پاوان و دارستانەکان دەڵێت: ئاگر کەوتنەوە جگە لە سووتاندنی دار و گژوگیا و تۆوەکانیان، دەبێتە هۆی لەناوچوونی سەتان جۆر زیندەوەر و باڵندە و ئاژەڵ، تەنانەت گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ژینگەی ناوچەکەدا دروست دەکات و هاوسەنگیی ژینگە تێکدەدات.
بەپێی ئامارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆرترین ئاگرکەوتنەوە لە هەشت ساڵی رابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە، بە جۆرێک لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا 580 هەزار و 380 دۆنم دارستان و پاوانی پارێزگاکە سووتاون کە دەکاتە 56.2%ی کۆی رووبەری دارستان و پاوانی سووتاو لە هەشت ساڵی رابردوودا.
پارێزگای هەڵەبجە ساڵی رابردوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆرترین رووداوی ئاگرکەوتنەوەی بەخۆوە بینی و بەو هۆیەوە 30 هەزار و 757 دۆنم لە دارستان و پاوانی ئەم پارێزگایە سووتان کە دەکاتە نزیکەی 58%ی کۆی رووبەری دارستان و پاوانی سووتاو لە ساڵی رابردوودا کە نزیکەی 52 هەزار و 777 دۆنم بوو.
محەممەد مەحموود، بەڕێوەبەری دارستان لە پارێزگای هەڵەبجە بە (رووداو)ی گوت: زۆربەی رووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لە ساڵی رابردوودا لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ کەمتەرخەمی و دەستی ئەنقەست دەگەڕێتەوە، بەشێکیشی بەهۆی تەقەی پاسەوانی سنووری ئێران بووە کە زۆر جار بۆ پاککردنەوەی گژوگیای دەوروبەری خۆیان فیشەک دەنێن بە پاوان و دارستانەکانەوە.
گوتیشی: ئاگرکەوتنەوەکانی ساڵی رابردوو زیانی زۆری بە دارستانەکانی پارێزگای هەڵەبجە گەیاندووە، نزیکەی 8 هەزار دۆنم دارستان سووتان، بەداخەوە دارقەزوانەکان بە جۆرێک سووتاون خەڵک ناتوانن کاریان لێبکەن و داهاتیان لێ دەستبکەوێت.
ئەمساڵیش لە پارێزگای هەڵەبجە تا ئێستا چوار جار ئاگرکەوتووەتەوە و بەهۆیەوە نزیکەی 273 دۆنم دارستانی سروشتی و دەستکرد و پاوان سووتاون، بەهۆی کەمیی دروستکردنی ئاگربڕیش مەترسی ئاگرکەوتنەوە لەسەر دارستانەکانی دیکە هەیە.[1]
2018-07-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-11 9:38:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 113

**لە ئەگەری وشکبوونی دەریاچەی ورمێ 20 ملیۆن کەس شوێنی ژیانیان جێدێڵن**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180302084142103572

گەرچی بارانبارینەکانی رۆژانی رابردوو هەم بەستێن و هەم رووپێوی ئاوی دەریاچەی ورمێی زیاد کردووە، بەڵام هێشتاش مەترسیی وشکبوونی دەریاچەکە نەڕەوییوەتەوە.
پارێزگاری ورمێ لە یەکەم کۆڕبەندی تەندروستیی پارێزگاکەدا کە رۆژی پێنجشەممە بەڕێوەچوو هۆشداریدا کە لە ئەگەری وشکبوونی دەریاچەی ورمێ تەندروستیی 20 ملیۆن کەس لە ئێران رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە و دەبێ شوێنی ژیانیان بگۆڕن.
محەممەد مەهدی شەهریاری پارێزگاری ورمێ جەختی لەوە کردەوە کە بوژانەوەی دەریاچەکە پێویستی بە فەرهەنگسازی هەیە بۆ ئەوەی جەماوەریش لەو پرسەدا رۆڵیان هەبێ. رەخنەی لە دامەزراوەی جیهادی کشتوکاڵیی پارێزگای ورمێ گرت کە وەک بەرپرسی ئەو بوارە کەمتەرخەمیی کردووە لە ئەرکەکانیدا.
دەریاچەی ورمێ گەورەترین دەریاچەی ئاوی سوێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەشەم گەورەترین دەریاچەی ئاوی سوێری جیهانە.
لە ئەگەری وشکبوونی دەریاچەکە بیابانێکی خوێ بەجێ دەمێنێ کە لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەکدا تەپوتۆزی خوێ ژیانی خەڵکی دەوروبەر بەتایبەتی لە رووی نەخۆشییەکانی کۆ ئەندامی هەناسە دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە هۆی وشکبوونی دارستان و کێڵگەکانی دەورووبەریش.[1]
2018-03-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | ژینگە |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | IR ئێران |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-02

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-03-02 8:41:42 AM |
| ناوی تۆمارکار: | سەریاس ئەحمەد |

---

بابەت: 114

**لە جوودی ژینگە قڕەکرێت، دارستانەکان بوونەتە خۆڵەمێش**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180925145824156230



بە هۆی بۆردومانی سوپای تورکیای داگیرکەرلە چیای جوودی لە ماوەی یەک هەفتەدا دووجار ناوچەکە ئاگری تێبەربوو کە بەهۆی ئەو ئاگرانەوە بە سەدان داری فستەق بوونە خۆڵەمێش.
لە چیای جوودی شرناخ لە رۆژی 18ی ئەیلوول/27ی خەرمانانەوە بە هۆی تۆپبارانی سوپای تورکیاوە ناوچەکە ئاگری تێبەربوو کە دوو رۆژئاگرەکە بەردەوام بوو. لەو ئاگرەدا بە دەیان هێکتار لە دارستانەکانی ناوچەکە سووتا.
سەرچاوە هەرێمییەکان باس لەوە دەکەن کە گەلی ئەوناوچانە و دەستە خۆبەخشەکان دەیانەوێت برۆن ئاگرەکان بکوژێنەوە، بەڵام لەلایەن سەربازان و پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورکیاوە بەبیانووی ئۆپەراسیۆنی سەربازیەوە رێگریان لێدەکرێت و رێگایان پێنادەن ئاگری ناودارستان وسروشتی کوردستان بکوژێنەوە.
یەکێک لە هاووڵاتیان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت ئەوەی خستە روو کە هەرساڵ دارە فستقەکان دەسووتێنن و وتی، چەند داری من باڵایان کردووە بەڵام بە هۆی ئاگرەکەوە لەناوچوون. ئەگەرهەمووکات لێرەدا ئۆپەراسیۆن بکرێت وناوچەیەکی مەترسیداربێت، بۆچی ئێمە لیرە کشتوکاڵ دەکەین؟[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە بەهۆی بۆردوومانەوە (تورکیا)

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

وڵات: باکووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2018 2:58:24 PM

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 115

## لە حەوت مانگدا لە باشماخەوە 86 تانکەری سووتەمەنی گەڕێندراونەتەوە ئێران

https://www.kurdipedia.org/?q=20180722205808104385

لە حەوت مانگی رابردوودا لەڕێگەی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخەوە، 86 تانکەر سووتەمەنی (بەنزین و گاز) گەڕێندراونەتەوە بۆ ئێران.
بەپێی راگەیێندراوی بنکەی تاقیگەی پشکنینی سووتەمەنی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ، لە رۆژی 1-1-2018 تاکو 30-6-2018 لەڕێگەی دەروازەکەوە چوار هەزار و 408 تانکەر سووتەمەنی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و لە تاقیگەکە پشکنینیان بۆ کراوە.
پەپێی راگەیێندراوەکەی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ، لەو ژمارەیە 668 تانکەریان گازبوون، بەڵام 39 تانکەریان نەگونجاو بوون و رێگەنەدراوە بێنە کوردستانەوە. هەروەها 11تانکەر نەوت هەمووی گونجاو بوون.
لەو حەوت مانگەدا سێ هەزار و 729 تانکەر بەنزین لە ئێرانەوە رەوانەی هەرێمی کوردستان کراوەن، سێ هەزار و 682 تانکەریان گونجاو بوون و 47 تانکەریان بەهۆی نەگونجاوی رێگەنەدراوە بێنە کوردستانەوە.
بەپێی راگەێندراوەکەی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ، هەموو تانکەرە سووتەمەنییەکان 86 تانکەر بوون و گەڕێندراونەتەوە بۆ

ئێران.[1]
2018-07-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: ئابووری و نەوت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-07-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-22 8:58:08 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 116

**لە دهۆک بەهۆی بۆردوومانی تورکیاوە 500 هەزار دار سووتان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180904101228682 87



بەهۆی بۆردوومانی تۆپبارانەکانی تورکیاوە، زیاتر لە 500 هەزار دار لە بەرواری باڵا و سنووری پارێزگای دهۆک سوتاون.
لە ماوەی دوو مانگدا نزیکەی سێ هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی گوندنشینەکانی بەرواری باڵا سوتاوون، بە پاساوی بوونی پێگەکانی پەکەکە، تورکیا بەردەوام بۆردوومانی ناوچەکە دەکات.[1]
2018-09-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-04 10:12:28 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 117
**لە دوو رۆژدا ئاستی ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان یەک مەتر زیادیکردووە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181208100033174075
بەڕێوەبەرانی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان رایدەگەیێنن، ئاستی ئاوی بەنداوەکانیان لە ماوەی دوو رۆژدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە بەجۆرێک لە ماوەی تەنیا دوو رۆژدا یەک مەتر ئاستی ئاوەکە بەرز بووەتەوە.
حەمەتاهیر جەلال، بەڕێوەبەری بەنداوی دووکان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، بەهۆی ئەو شەپۆلە بارانەی رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، تەنیا لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا ئاستی ئاوی بەنداوی دووکان یەک مەتر زیادیکردووە، بەنداوەکە نزیکەی 7 ملیار مەتر سێجا ئاو دەگرێت، ئێستا 2 ملیار و 700ملیۆن مەتر سێجا ئاوی تێدایە.
هەر پەیوەست بە زیادبوونی رێژەی ئاوی بەنداوەکان، رەحمان خانی، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، لای ئەوانیش لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا زیاتر لە مەترێک ئاستی ئاوی بەنداوەکە بەرز بووەتەوە، بەنداوی دەربەندیخان 2ملیار و 600 ملیۆن مەتر سێجا ئاو دەگرێت، ئێستا نزیکەی 1ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدایە. بەهۆی ئەو دۆخە تایبەتییەی بەنداوەکە هەیەتی دەتوانین تەنیا 400 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی دیکە عەمبار بکەین.
لە هەرێمی کوردستاندا 17بەنداوی گەورە و بچووک هەن؛ هەریەک لە بەنداوەکانی دووکان و دەربەندیخان بە بەنداوە گەورەکانی هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێن.
بەنداوی دووکان نزیکەی 7 ملیار مەتر سێجا ئاو دەگرێت و بەنداوی دەربەندیخانیش 2 ملیار و 600 ملیۆن مەتر سێجا ئاو دەگرێت، بەڵام بەهۆی بوومەلەرزەکەی ساڵی رابردوو مەترسی لەسەر بەنداوی دەربەندیخان دروستبووە و ئێستا ئەگەر ئاوی پێویستیش هەبێت ناتوانن بەنداوەکە پڕ بکەن.[1]
2018-12-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان


:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-12-2018
کاتی تۆمارکردن: 08-12-2018 10:00:33 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

بابەت: 118

## لە سلێمانی، سەردانکەرانی هەواری شار زۆرتر دەبن

https://www.kurdipedia.org/?q=20170806192542101801



خەندان-کۆچەر عەزیز
پارکی هەواری شار، لە سلێمانی بووەتە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی رۆژانە رووی تێدەکەن، و بەوتەی بەڕێوەبەری پارکەکە رۆژانە دوو هەزار و هەینی و شەممانیش پێنج بۆ حەوت هەزار ئۆتۆمبێل دەچنە ناو پارکەکەوە.
پارکەکە، جگە لەوەی کەهاوڵاتیان بۆبەسەربردنی کاتەکانیان رووی تێدەکەن، بووەتە سەرچاوەی داهات و بژێوی دەیان خێزان، ئەو قەرەباڵغییەی لە پارکەکە هەیە، بازاڕی فرۆشیارەکانی دەورووبەری گەرم کردووە.
وەلید نەجم، یەکێکە لەوکاسبکارانەیە، زیاتر لە هەرکەس بە قەرەباڵغتر بوونی پارکەکە دڵخۆشە، ئەو تا درەنگانێکی شەو، لەبەردەمی دەروازەی پارکەکە، خەریکی فرۆشتنی جبس و گوڵە بەرۆژەو چەند خواردەمەنیەکی دیکەیە.
وەلیدی تەمەن، 21ساڵ، قسەی بۆ خەندان کردوو بەوتەی خۆی لەکاتی کردن لە پرۆژەکەوە، تا ئێستا لەوی فرۆشیارە هەموو رۆژێک لەکاتژمێر 05:00 ئێوارەوە دێمە ئێرە تا 11:00 شەو، ئێرە بووەتە شوێنێکی باش و سەرچاوەیەکی ماددی باش بۆدابینکردنی بژێوی خۆم خێزانەکەم.
ئێستا هەواری شار، تەنها شوێنی حەوانەوە،و پیاسەکردنی هاوڵاتیان نییە، رۆژانە پارکەکە چەند بۆنەیەکی هاوسەرگیری تێدا بەرێوەدەچێت، و بوک و زاواکان بۆنەی پێک گەیشتنیان دەبەنە ئەوێ.
ئاکۆ حمە ساڵح و شنیار سەلام، بەدەم سەرقاڵی وێنەگرتنی بۆنەی هاوسەرگیرییەکەیانەوە لە پارکی هەواری شار، بەدڵخۆشیەک کە لە سیمای هەردووکیان دەبینرا، قسەیان بۆ خەندان کرد، هەردووکیان هاوڕابوون لەسەر دیاریکردنی هەواری شار بۆ شوێنی گێرانی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان.
بۆیە ئەم پارکەمان هەڵبژارد،وە چونکە باخێکی گەورەیە دارو درەختێکی زۆری تێدایە ودەتوانیین ئۆتۆمبێلیش بهێنینە ژوورەوە نەک بۆئەم بۆنەیە زۆرکاتی تریش هاتوینەتە ئێرە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش.
منداڵان زیاتر لە هەرکەس پارکی هاواری شاریان لا خۆشە، بۆ ئەوان یاریکردن کە لەهەمووی گرنگترە لەوێ کراوەیە، و دەتوانن چەند جۆرێک یاری بکەن.
هێمن-ی تەمەن حەوت ساڵ، کە لەگەڵ دایکی و دووخوشک و برایەکی، هاتبوونە پارکەکە، بۆ خەندان وتی پارکی هەواری شار شوێنێکی گەشتیاری خۆشە، زۆر شوێنی یاریکردنی بۆ منداڵان لێیە.
ئەوەی وایکردووە، خەڵکی زیاتر روو لە هەواری شار بکەن، فراوانی رووبەرەکەیەتی، دانا ئەحمەد

کەلەگەڵ هاوسەرەکەی سەردانی هەواری شاری کردبوو، دەڵێت، ماوەی 10ڕۆژە لە ئەڵمانیا هاتونەتەوە سێ جار هاتوینەتە ئێرە، چونکە پارکێکی گەورەیە، و پێوەی دیار نیە هەرچەند خەڵک بێت.
ئەم پارکە شوێنێکی زۆر باشە، و جێگەی خۆی گرتووە نیشانەکەشی ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکەن، پێویستە ئەم پارکانە زۆربێت، بۆئەوەی قەرەباڵغی و جەنجاڵی شارەکان کەم بێتەوە،پێشنیاری من ئەوەیە کە زیاتر گرنگی پێبدرێت لەڕووی پاکوخاوێنییەوە وەک پارکەکانی تر ئیهمال نەکرێت بۆئەوەی خەڵک توشی نەخۆشی نەبێتدانا وای وت.
پاککردنەوەی پارکەکە، تەوالێت، شوێن بۆ یاری منداڵان، شوێنی سەیران، وسەوزاییەکی زۆر، خزمەتگوزارییەکانی هەواری شارن بۆ سەردانیکەران، بەوتەی بەڕێوەبەری پارکەکە، لەداهاتووشدا شوێنی کافتریا، و رێستۆرانت ویاریگا، و چەندین شتی دیکەشی تێدا دروستدەکرێتهەر لەئێستادا دوو سێ گۆڕەپان هەیە لەپارکەکەدا ڕۆژانە ئاهەنگی بووک گواستنەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت.
رێبین شێخ جەمیل، بەڕێوەبەری پارکی هەواری شار، بۆ خەندان، باسیلەوەکرد، رۆژانە بەبەردەوامی چەندین چالاکی تێدا ئەنجامدەدرێت کە خۆی لە چالاکی قوتابخانە، و گەشتی زانستی خوێندکاراندا دەبینێتەوە، و لە بەیانیانیشدا بۆ وەرزش و ئێوارانیش هاوڵاتیان بۆ گەشت و بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕووی تێدەکەن.
وتیشی، ڕۆژانە دوو هەزار ئۆتۆمبێل، زیاتر دێنە ناو ئەم پارکەوە جگە لەڕۆژانی هەینی و شەممە کە دەگاتە پێنج بۆ حەوت هەزار ئۆتۆمبێل.
ئاوی پارکی هەواری شار، لە قەڵاچوالان-ەوە دەهێنرێت، رێبین شێخ جەمیل، دەڵێت، تا ئێستا کێشەی کەمی ئاویان نەبووە، بەڵام ساڵانە دوای 15 / 8 تۆزێک ئاو کەم دەبێتەوە، بەڵام ئێمە بەهۆی هێنانی ئاو بە تەنکەر ئەو کێشەیەمان چارەسەرکردووە، و ناهێڵین کەم ئاوی رووبدات.
سەردانیکەرانی پارکی هەواری شار، تەنها کورد نین کە لە هەموو شارو شارۆچکەکانەوە ڕووی تێدەکەن، بەڵکو بەوتەی بەڕێوەبەرەکەی، ژمارەیەکی زۆر لەگەشتیارانی فارس و عەرەبیش ڕووی تێدەکەن بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش.
2017-08-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-06 7:25:42 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 119

## له سنوری کەلار لە گەرمیان ڕێژەی سەوزایی بەپێی پێویست نییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180711094755104309

لە سنوری کەلار لە گەرمیان ڕێژەی سەوزایی بەپێی پێویست نییە، شارەزایانیش دەڵێن، ئەگەر وا بڕوات لە 15 ساڵی داهاتوودا گەرمیان ژیانی تێدا نامێنێت و دەبێتە بیابان.
لە ئێستادا ڕێژەی سەوزایی لە سنوری شارۆچکەی کەلار لە گەرمیان لە 8% کەمترە، ئەوەش زۆر دوورە لە ستانداری جیهانییەوە، کە پێویستە ڕێژەی سەوزایی لە هەر شار و شارۆچکەیەک لە 25% کەمتر نەبێت.
سیروان ساڵح، جوگرافیناس لە شارۆچکەی کەلار، بۆ ڕۆژنیوز باسی لەوە کرد: بەپێی ستانداردی جیهانیی پێویستە ڕێژەی سەوزایی لە هەر شوێنێک لە سەدا 25 کەمتر نەبێت، بەڵام لە شارۆچکەی کەلار و دەوروبەری لە 8% کەمترە، ئەوەش مەترسیدارە و هۆکاری سەرەکیش خەمساردی حکومەتە.
باس لەوەش دەکات: ئەگەر ڕێژەی سەوزایی زیاد نەکرێت، ئەوا بەپێی لێکۆڵینەوەکان لە 15ساڵی داهاتوودا گەرمیان دەبێتە ناوچەیەکی بیابانیی و لە وەرزی هاویندا ژیان تیایدا نامێنێت، چونکە پلەکانی گەرما زۆر بەرزدەبێتەوە.
لەلایەکی ترەوە، ئیبراهیم زەریفی، بەرپرسی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئێمە وەکو ڕێکخراوەکەمان، شانبەشانی بەڕێوبەرایەتی ژینگە و شارەوانی و دارستان و پاوان، زیاتر لە20 هەزار نەماممان چاندووە، بەڵام بەهۆی گرە و بەرزی پلەی گەرما و کەمی ئاو، 20% ئەو دارانە فەوتاون.
ئەوەشی وت: بۆیە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە کەلار کارێکی زەحمەتە، لایەنی پەیوەندیداریش لە ئاستی وەزیر و وەزارەت، گرنگی بە سنوری گەرمیان نادەن و هەست بەم کارەساتە ژینگەییە ناکەن.
هەر لەو بارەیەوە، دورەید سەلیم، بەڕێوبەری ژینگەی گەرمیان ئەوەی خستەڕوو: ئێمەش هەست بەو مەترسییە دەکەین، هۆکاری سەرەکیش بۆ کەمیی ڕێژەی سەوزایی ئەوەیە، کە پێش قەیرانی دارایی بە چڕی کاری بۆ نەکراوە، هەوڵەکانی ئێمە بەردەوامە و لە ئێستادا لەگەڵ شارەوانی کەلار و سەرۆکایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان لە دانوستانداین بۆ دیاریکردنی ڕووبەر و دانانی پلان بۆ دروستکردنی پشتێنەی سەوز.
وتیشی: یەکێک لەو پرۆژانەی کە ئێستا دەستمان داوەتێ و کاری لەسەر دەکەین پرۆژەی ئابوری سەوزە، کە نزیکی 720 کارگە و پرۆژەی جۆراوجۆر هەیە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، کە لەلای ئێمە مۆڵەتیان وەرگرتووە، ئێمەش سەپاندوومانە بەسەریاندا هەریەکەیان دەبێت 25% سەوزایی هەبێت لە ڕووبەرەکانیاندا.[1]
2018-07-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-11 9:47:55 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 120

## له سنووری سلێمانی 35 تا 40 پاڵاوگەی نایاسایی هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181018091210994522

دوارۆژ، پشتیوان جەمال

سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، زۆربەی پاڵاوگە نایاساییەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی ماون، جێگری سەرۆکی لیژنەی وزەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت، لە سنوری سلێمانی نزیکەی 35 بۆ 40 پاڵاوگەی نایاسایی هەن.

شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە دوارۆژی راگەیاندزۆربەی پاڵاوگە نایاساییەکان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر ماون، ئەوانەی دهۆکیش لەنێوان هەولێر و دهۆکن.

وتیشیسێ ساڵ لەمەوبەر فشارمان دروستکرد، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زانیاری لەسەر 214 پاڵاوگەی نایاسایی پێدابن.

سەبارەت بە دانەخستنی ئە و پاڵاوگە نایاساییانە، ناوبراو وتی حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی بەسەریاندا بشکایە لایدەبردن، بەڵام دیارە حکومەت دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە.

هاوکات رێکەوت زەکی، جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە دوارۆژی راگەیاند، لە سنوری پارێزگای سلێمانی نزیکەی 35 بۆ 40 پاڵاوگەی نایاسایی هەن و رێکاری یاساییان بەرامبەر نەگیراوەتەبەر، مانگی ئابی رابردووش ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز بڕیاری بۆ لابردنیان دەرکردووە و دەبێت لەرۆژی گەیشتنی فەرمانەکە تا 60 رۆژ پاڵاوگەکان لابرێن و ئاسەواری ژینگەییشیان نەهێڵدرێت.

رێکەوت زەکی ئاماژەی بەوەکرد بەپێی ئە و فەرمانە سەرۆکی لیژنەی لابردن لە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت، بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا نییە، لە کاتێکدا دەبوو نوێنەری لیژنەی وزەی ئەنجومەنەکانیشی تێدا بێت، بۆ ئە و مەبەستە ئێمەش نووسراومان بۆ ئیدارەکانی راپەڕین و گەرمیان کردووە کە نوێنەری ئێمە وەکو چاودێر هەبن.

ناوبراو جەختیکردەوە هەموو پاڵاوگە نایاساییەکان خەڵکێکی دەستڕیشتوویان لەپشتە، چونکە ماددەی خامیان دەست دەکەوێت ئەوەش کاریگەریی بۆ سەر کوالێتی سوتەمەنی هەیە و مەترسی ژینگەییشی دەبێت.

بۆ هەمان مەبەست، دوارۆژ چەند جارێک لەرێگەی تەلەفۆن و نامەوە پەیوەندی بە ئاوات محەمەد، قایمقامی سلێمانی و محەمەد حەسیب، بەڕێوەبەری بەرهەمە سووتەمەنییەکانی سلێمانی کرد، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە.[1]

2018-10-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان

جۆری ئامار و راپرسی: ئابووری و نەوت

جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-18 9:12:10 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 121

## لە شاری سەردەشت گرفتی فڕێدانی زبڵ و خاشاک چارەسەرنەکراوە

https://www.kurdipedia.org/?q=2018101209073397991

لە شاری سەردەشت گرفتی فڕێدانی زبڵ و خاشاک چارەسەرنەکراوە، ئەوەش خەڵکی شارەکەی بێزارکردووە. هاونیشتمانییان هۆکارەکەی بۆ بێ پلانی بەرپرسانی شارەوانی دەگێڕنەوە کە زبڵەکان لە دەوروبەری شار فڕێدەدەن، ئەوەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.
لە سەردەشت ڕۆژانە زیاتر لە 50 تۆن زبڵ بەرهەمدێت. لە شارێکی 42 هەزار کەسیدا، واتە هەر کەس زیاتر لە یەک کیلۆ زبڵ بەرهەمدەهێنێت. زیاتر لە ئاستی ستانداردی جیهانی کە 700 گرام بۆ هەر کەسێک لە ڕۆژێکدایە.
شوێنی لەنێوبردنی زبڵی سەردەشت نەگونجاوە. مەودایەکی چەند سەد مەتری لەگەڵ شاردا هەیە. ئەوە وایکردووە بۆنەکەی ژیانی لە هەندێ لە گەڕەکەکانی شاردا تاڵبکات. بەڵام مەترسی لەوە گەورەتر لەگەڵ بارینی بەفر و بارانەکاندا دەستپێدەکات. شوێنی فڕێدانی زبڵی شار لە شوێنێک لە سەرەوەی بەنداوی سەردەشتە. ئاوی خواردنەوەی سەردەشت لەم بەنداوە دابیندەبێت. بە دەستپێکردنی باران و بەفر چۆڕاوەی پیسی ئەو زبڵە هەموو دەچێتە نێو بەنداوی سەردەشتەوە.
کارگرووپی کۆنترۆڵی لەنێوبردنی پاشماوەی ورمێ بڕیاریداوە، تاوەکو دوو مانگی دیکە پێداچوونەوە بە شوێنی فڕێدانی زبڵی سەردەشتدا بکات و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی دیکە بدات. هەڵبەت ژینگەپارێزان ئەوە بە ڕێگەچارە نازانن.[1]
2018-10-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-12

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-12 9:07:33 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 122

## لە گەرمیان 60 بەنزیخانە بەبێ مۆڵەت کاردەکەن

https://www.kurdipedia.org/?q=201807310859284441

دوارۆژ، سیروان حەسەن
لەسنوری گەرمیان، لەکۆی 78 بەنزینخانە، تەنیا 18-یان مۆڵەتی کارکردنیان هەیە، 60 بەنزینخانەش بە نایاسایی کاردەکەن، بەرپرسێکی ناوچەکەش دەڵێت ناتوانین پشکنین بۆ ئەو بەنزینخانانە بکەین کە مۆڵەتیان نییە.
یادگار فەتاح، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان بە دوارۆژی ڕاگەیاند لە سنوری گەرمیان تەنیا 18 بەنزینخانە مۆڵەتی یاساییان هەیە و لە لایەن تیمەکانمانەوە پشکنین و لێکۆڵینەوە یان لێپچینەویان لەگەڵدا دەکرێت.
وتیشی زیاتر لە 60 بەنزینخانە لە سنوورەکەدا هەن کە نایاسایین و مۆڵەتیان نییە و بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە و هۆیەوە ناتوانێت لێکۆڵینەوە و پشکنینیان بۆ بکات و بۆ ئە و مەبەستەش نوسراومان ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان کردووە.

لەوبارەیەوە هەڤاڵ ئیبراهیم، وتەبێژی ئیدارەی گەرمیان بۆ دوارۆژی ڕونیکردەوە لەسەر نوسراوەکەی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، بەدواداچوونمان بۆ ئە و بەنزینخانانە کردووە کە لە سنورەکەدا مۆڵەتیان نییە.
دەشڵێت لەبەر ئەوەی بەشە بەنزینی گەرمیان جێگیر نییە، ئە و بەنزینخانانە بوونەتە هۆی ئەوەی قەیرانی کەمی بەنزین لە سنورەکەدا دروست نەبێت، چونکە هەموویان ئەهلین، هەرکاتێک بەشە بەنزینی سنورەکە جێگیرکرا ئەوکات لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت بە پێدانی مۆڵەتی فەرمی یان داخستنیان.[1]
2018-07-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری و نەوت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-31 8:59:28 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 123
**لە ناوبردنی دارستانەکانی مەریوان و دژکردەوەی ئەنجومەنی سەوزی چیا**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181130222600165029



ئاژانسی کوردپا: ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، لەهەمبەر لەنێوبردنی بەربڵاوی دارستانەکانی ئەو شارە، لە لایەن کەسانی بەرژەوەندیخوازەوە، دژکردەوەی نیشان دا.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کەسانی هەلپەرست لە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی حکوومەتی، هەوڵی لەنێوبردنی دارستانی گوندەکانی سێف، دەرەتفێ، پیر سەفا سەر بە شاری مەریوانیان داوە.
چالاکانی ژینگەپارێزیی شاری مەریوان ڕایانگەیاندووە: کەسانی هەلپەرەست و بەرژەوەندیخواز لە ڕۆژی ڕۆشندا، دەستیان داوەتە لەنێوبردنی دارستانەکانی مەریوان و دەستیان بە هەناردەکردنی ئەو دارە براوانە بە ڕێگای قاچاخ بۆ شارەکانی دیکەی ئێران کردووە و بەرپرسانی حکوومەتی لەو پەیوەندییەدا، بێدەنگیان هەڵبژاردووە.
ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان لە دژکردەوەیەکدا، لەنێوبەرانی دارستانەکانی ئەو شارەیان بە تالانکەران ناو بردووە.
ئەو ئەنجومەنە ژینگەپارێزییە، داوا لە هاووڵاتییان دەکات، کە لە بەرانبەر هەوڵی ئەم کەسە هەلپەرەستانە بێدەنگی نەبن و پێش بە لەنێوبردنی دارستانەکانی مەریوان لە لایەن کەسانێکی

هەڵپەرەستەوە بگرن.[1]
2018-11-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-30 10:26:00 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 124

**لە هەرێمی کوردستان لەبەر نەبوونی نەوت بڕینەوەی دار زیادی کردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181112132014104746



لە هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەوەی سووتەمەنی پێویست بەسەر هاوڵاتییانی نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەکاندا دابەشناکرێت، بڕینی دار زیادی کردووە، ئەمەش کاریگەری لە سەر ژینگە دروستدەکات، بۆیە پۆلیسی دارستان، لەماوەی شەش مانگدا 35 هاوڵاتی لەسەر بڕینی دار دەستگیرکردووە.
لەگەڵ هاتنی وەرزی پایز-دا، بڕینی دار لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، لە وەرزی هاوین-یشدا، بەهۆی تۆپباران و بۆردوومانەکانی ئێران و تورکیا، دارستانەکان دەسووتێن، ئەگەر چارەسەرێک بۆ ئەو دۆخە نەدۆزرێتەوە ئەوە کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەر ژینگەی کوردستان دەبێت.
هێمن کەمەرخان، بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستنەکانی سلێمانی، لە سەر زۆربوونی بڕینی دار لەلایەن هاوڵاتیانەوە و هەوڵەکانیان بۆ ڕێگریکردن لە بڕینی دار، بۆ ڕۆژنیوز قسەی کرد و وتی: ئێستا وەرزی زستانە و بە هۆی ئەوەی بە گوێرەی پێویست نەوت دابەش ناکرێت لە ناوچە کوێستانییەکان، بڕینی دارەکان دەستی پێکردووە، بەڵام ئێمەش وەک پۆلیسی دارستانەکان تیمەکانمان لەو ناوچانە زیاد کردووە، بۆ بڕینی دارەکان ڕێنماییمان هەیە، بەپێ پێوەرەکان پەلی دارەکان بۆ بڕینە، نەک دارەکە بە گشتی، چونکە ئەگەر دارەکە لە بنەوە ببڕدرێت، وشک دەبێت و ئیتر شین نابێت، بەڵام ئەگەر لق و پۆپی دارەکان ببڕدرێت، دەبێتە هۆی گەشەکردنی دارەکان.
هەورها ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد، کە هەندێک کەس بۆ بەرژەوەند مادی دارەکان دەبڕن و وتی: ئێمە دەزانین دۆخی هاووڵاتیان لە ناوچە شاخاویەکان و شوێنە ساردەکان چۆنە، هاووڵاتیان دەتوانن بە پێ یاسا سوود لە دارستانەکان ببینن، بەو مەرجەی لەگەڵ ئەو لێژنانەی لەو ناوچانە داندراون پەیوەندی بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە، بەڵام هەندێک کەس بۆ بازرگانی کردن دارەکان دەبڕن و ئێمە قبوڵی ناکەین، ئێمە ئەوکەسانە دەستگیر دەکەین و تەسلیمی دادگایان دەکەین.

بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستانەکانی سلێمانی، ئاماژەی بەوەدا، کە لە ناو شەش مانگی دەستپێکی ئەماساڵدا بە هۆکاری بڕینی دارەکان 35 کەس دەستگیرکراون و بە پێ یاسا سزای مادی دراون، کە لە بڕەکەی لە 100 هەزارەوە دەستپێدەکات تا دوو ملیون دینار.[1]
2018-11-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-12 1:20:14 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 125

**لە هەزار داواکراوی چەمچەماڵ 753 یان دەستگیرکراون**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102230633104999

دوارۆژ، بەختیار شەریف
ئەمڕۆ چوارشەممە (2)ی کانوونی دووەمی 2019 قائیمقامی شارۆچکەی چەمچەماڵ و بەشێک لەفەرمانگە ئەمنییەکانی سنورەکە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماری ساڵی (2018)ی قەزاکەیان راگەیاند و تیایدا ئاماژە بەوەدراوە کە لە کۆی یەک هەزار و 23 داواکراو 753 یان دەستگیرکراون.
رەمک رەمەزان قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ ئامارەکانی بەشی پۆلیسی سنورەکەی بڵاوکردەوە و وتی ژمارەی ئە و تۆمەتبارانەی لەساڵی رابردوودا فەرمانی گرتنیان هەبووە بریتی بوو لە یەک هەزار و 23 کەس و لە ژمارەیەش 753 کەسیان دەستگیرکراون و 270 کەسیش لەوانە دەستگیرنەکراون.
ئەوەشی وت لەساڵی رابردوودا یەک هەزار و 741 رووداوی جۆراو جۆر روویانداوە، کە (18) حاڵەتیان کوشتن و 29 حاڵەتیشیان هەوڵی خۆکوشتن بووە و حەوت کەسیش خۆیان کوشتووە.
هاوکات عەمیدی مافپەروەر لوقمان حەسەن بەڕێوەبەری فەرمانگەی بەرگری شارستانی چەمچەماڵ ئاشکرایکرد کە لەئەمساڵدا بەهۆی روداوەکانی ئاگرکەوتنەوەوە 17 کەس گیانیان لەدەستداوە و تێکڕای زیانە ماددیەکانیش بە یەک ملیار و 720 هەزار دینار خەملێندراوە.
سەبارەت بە روداوەکانی هاتوچۆ لە سنوری قەزای چەمچەماڵ عەقید عومەر حەمەعەلی بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆی قەزاکە وتی لەساڵی رابردوودا 90 رووداوی هاتووچۆ روویانداوە و بەهۆیەوە 18 کەس گیانیان لەدەستداوە و 122 کەسیش بریندار بوون.
هەر لە و کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا ئامارەکانی پۆلیسی دارستان لە سنوری قەزای چەمچەماڵ ئاشکرا کران.
رائید جەلیل عەلی بەرپرسی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی چەمچەماڵ رایگەیاند لەساڵی رابردوودا مەفرەزەکانیان توانیویانە دەستبگرن بەسەر 15 چەکی تاپر و 7 کلاشینکۆف و یەک ئامێری بیرهەڵکەندن و 2 مۆلیدەی کارەبایی و 2 مشاری کارەبایی لەگەڵ یەک ئۆتۆمبێلی بەرهەڵگر
ئاماژەی بەوەشدا کە دەستیانگرتووە بەسەر 22 قەفەسی باڵندە و 18 داوی راوکردن و 48 باڵندەی جۆراوجۆریشیان ئازادکردووە.
هاوکات رائیدی یاسایی هێمن عەلی بەرپرسی نووسینگەی چەمچەماڵی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان رایگەیاند لە

ساڵی 2018 نووسینگەکەیان 267 حاڵەتی توندوتیژی خێزانی تۆمارکردووە، لە و ژمارەیەش 175 حاڵەتیان دژی ژنان بووە و 76 حاڵەتیش خێزانی بووە.[1]
2019-01-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: رووداو (هاتووچۆ، سروشتی و ...)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-02
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 11:06:33 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 126
## لە هەولێر 20 پاڵاوگەی سووتەمەنی داخران
https://www.kurdipedia.org/?q=2018062608214028273
قایمقامی هەولێر رایگەیاند، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ئەو بۆنە ناخۆشەی لە بەشێکی شاری هەولێر دروستبووە، نزیکەی 20 پاڵاوگەی سووتەمەنیان لە نزیک شاری هەولێر داخستووە و ئەوەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بۆنەکە هەبووە.
نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر، بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ئەو بۆنە ناخۆشەی لە بەشێکی شاری هەولێر دروستبووە، دەستیان بە هەڵمەتێکی چڕ کردووە و ئەو پاڵاوگانەی نزیک شاری هەولێرن و پابەندی رێنماییەکانی ژینگە نەبوون، رۆژی دووشەممە نزیکەی 20دانەیان داخران.
قایمقامی هەولێر، ئەوەشی خستەڕوو، لە بەدواداچوونی ئەو پاڵاوگانە بەردەوام دەبن و گوتیشی ئەگەر بەدواداچوونمان نەبێت ئەوا رەنگە دووبارە بیکەنەوە، بەڵام هەرگیز رێگە بەوە نادەین، داخستنی ئەو پاڵاوگانەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ئەو بۆنە ناخۆشە هەبووە، کە بەشێک لە خەڵکی هەولێری بێزار کردبوو.
لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو بەشێک لە دانیشتووانی هەولێر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دووبارە باسیان لە سەرهەڵدانەوەی بۆنێکی ناخۆش دەکرد لەناو شاری هەولێر، هەندێکیش پێیانوابوو بۆنەکە بۆنی غازە، لە هاوینی رابردووش هەمان گرفت لەشاری هەولێر هەبوو.[1]
2018-06-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 26-06-2018
کاتی تۆمارکردن: 26-06-2018 8:21:40 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 127

**لە هەولێر 57 پاڵاوگەی نایاسایی داخراون**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180805114601662222

قایمقامی شارۆچکەی هەولێر رایگەیاند، 57 پاڵاوگەی نایاسایی لە هەولێر داخراون و لیژنەیەکی تایبەتیش بە داخستنی ئەو پاڵاوگانە پێکهێنراوە و دەشڵێت، ئەو بۆنە ناخۆشەی بەبۆنەی ئەو پاڵاوگانەوە هەولێری گرتووەتەوە تاوەکو ئێستا بنبڕنەبووە.
نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، تاوەکو ئێستا 57 پاڵاوگەی نەوت و پێکهاتەکانی کە بە نایاسایی کاریانکردووە لە هەولێر داخراون و هەندێکیشیان بە یەکجاری هەڵگیراون.
قایمقامی قەزای هەولێر دەڵێت، بۆ کردنەوەی پاڵاوگە داخراوەکان دەبێ پشتگیری دەستەی ژینگە و وەزارەتی سامانەسرووشتییەکان بهێنن، چونکە ئەو بۆنە ناخۆشەی بەبۆنەی ئەو پاڵاوگانەوە هەولێری گرتووەتەوە تاوەکو ئێستا بنبڕنەبووە.[1]
2018-08-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
📈 جۆری ئامار و راپرسی: 🌳 ژینگە
📈 جۆری ئامار و راپرسی: ⚡ سەرپێچی و تاوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 04-08-2018
کاتی تۆمارکردن: 05-08-2018 11:46:01 AM

بابەت: 128

## لە هەولێر بە ئاوی ئاوەڕۆ کێڵگەی کشتوکاڵی ئاودراوە

https://www.kurdipedia.org/?q=2018101513071598703



قایمقامی هەولێر رایدەگەیەنێت: بەهۆی سەرپێچیکردن لە رێنماییەکانی لیژنەی چاودێری ژینگە و بازاڕ، ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی تانکەری پاشەڕۆی ماڵان دەستیان بەسەرداگیراوە و ژمارەیەک جوتیاریش سزادراون.
ماوەی چەند ساڵێکە ئاودانی سەوزەکان لە گوندی تورەق بوەتە دیاردەیەکی قێزەون و کاریگەریی خراپی لەسەر تەندروستی هاووڵاتیان دروستکردووە، لە و ماوەیەدا لەلایەن لیژنەکانی پاراستنی ژینگە و تەندروستی و قایمقامیەتی هەولێر، چەندینجار ئاگاداری ئە و جوتیارانە کراوەتەوە کە لەسەر ئاوەڕۆی هەولێر کاری کشتوکاڵی و سەوزەکان دەکەن، بەڵام بەشێک لە و جوتیارانە پابەندی رێنماییەکان نەبوون.
لە تازەترین حاڵەتیشدا تانکەرێکی بیری پاشەڕۆی ماڵان کە هاووڵاتیەک بە مۆبایلەکەی خۆی وێنەی گرتووە، دەردەکەوێت ئە و دیاردەیە بەردەوامە و خەڵکانێک بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان بە ئاوی پیسی ماڵان ئاو دەدەن.
نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی ناوەندی هەولێر بە دواڕۆژی راگەیاند: دیاردەی ئاودانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی وەک سەوزەکان بە ئاوی پیسی ماڵان تائێستا بەردەوامە و سەرجەم لیژنەکانی چاودێری بازاڕ، ژینگەپارێز و تەندروستی ئاگادارکراونەتەوە کە بە توندی ئە و کەسانە سزا بدەن کە کاری لە و شێوەیە دەکەن.
قایمقامی هەولێر وتیشی: لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی سەرپێچی ژمارەیەک شۆفێری تانکەر و بیر و ئە و جوتیارانەی کاری کشتوکاڵی بە ئاوی پیس دەکەن، نزیکەی 54 کەس سزادراون کە لەوانە 24 تانکەر دەستیان بەسەرداگیراوە و ژمارەیەک جوتیاریش بە بڕی یەک ملیۆن دینار سزادراون و هەندێکی تریشیان بۆ ماوەیەک زیندانی کراون و دوای پڕکردنەوەی بەڵێننامە ئازادکراون.
نەبەز عەبدولحەمید ئاماژەی بەوەشکرد: ئەوان بەردەوام دەبن لە چاودێریکردنی ئە و کەسانەی ئە و کارانە دەکەن، هەر کەسێکیش کە پێشتر لەسەر ئە و بابەتە دەستگیر کرابێت یان سزادرابێت گەر جارێکی تر دەستگیربکرێتەوە بە دوو بەرامبەر سزادەدرێتەوە و دەستیش بەسەر تانکەرەکەیدا دەگیرێت و نایدرێتەوە.
لەبارەی زیانە تەندروستییەکانیشەوە سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر بۆ دواڕۆژ ئەوەی خستەڕوو: بەکارهێنانی پاشەڕۆی ماڵان کە وەک پەین بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەکاردەهێنرێت زیانێکی زۆری تەندروستی بە هاووڵاتیان دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی تووشبوونی جۆرەها نەخۆشی.
بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر ئەوەشی وت: دیارترین ئە و نەخۆشیيانەی کە بەهۆی ئەم دیاردەیەوە تووشی هاووڵاتیان دەبێت، نەخۆشییەکانی (حومای ماڵتا و تیفۆ)یە، بۆیە لەگەڵ لیژنەکانی قایمقام و پۆلیسی شارەوانییەکان بەتوندی رێگری لە و دیاردە نامرۆڤایەتییە دەکەین.[1]
2018-10-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

☑ جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
☑ جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
☑ جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: ⤓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 🏠ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-15 1:07:15 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 129

**لە کوردستان رۆژانە لە 30%ی ئاوی بەکارهێنراو بەفیڕۆدەڕوات**

https://www.kurdipedia.org/?q=2018090609304668470

بۆ یەکەمجار لە کوردستان، پارەی کۆکردنەوەی ئاو دەدرێتە کۆمپانیایەک و پێوەری کرێی ئاویش لە یەکە/ رووبەرەوە دەگۆڕێت بۆ بڕی بەکارهێنان. حکومەتیش لەبری خەرجی، داهاتی لە دابەشکردنی ئاو دەستدەکەوێت، وا بڕیارە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە بە سیستەمی تازە پارەی ئاو کۆبکرێتەوە.
بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ، لە کوردستان 800 هەزار هاوبەشی ئاو هەن کە رۆژانە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاویان لەرێگەی بیر و پرۆژەکانی ئاوەوە بۆ دابین دەکرێت. لەم ژمارەیەش تائێستا 550 هەزار هاوبەش پێوەری ئاویان بۆ بەستراوە.
مەسعود کارەش، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بە (رووداو)ی گوت: ئامانجمان لە دانانی پێوەر، کۆنترۆڵکردنی زیاد بەکارهێنانی ئاو و گەیشتنی ئاوی پێویستە بۆ هەموو ماڵ و هاوبەشێک، نەک زیادکردنی داهات، چونکە رۆژانە لەرێگەی بیر و پرۆژەکانی ئاوەوە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاو دابین دەکەین کە نزیکەی 30%ی ئەو ئاوە بە رێگەی جۆراوجۆر بەفیڕۆ دەڕوات.
بەرهەمهێنان و دابەشکردنی هەر مەترێک سێجا ئاوی خواردنەوە، 400 دینار لەسەر حکومەت دەکەوێ کە خەرجیی رۆژانەی دابینکردنی ئاو دەگاتە 800 ملیۆن دینار. مەسعود کارەش دەڵێت: ئەگەر لەرێگەی دانانی پێوەر، بتوانین رێگە لە بەفیڕۆچوونی 30%ی ئاو بگرین، رۆژانە 240 میلۆن دینارمان بۆ دەگەڕێتەوە و کێشەی بێئاویش چارەسەر دەکەین.
بەپێی ئەو رێنماییەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، لەمەودوا وەرگرتنی کرێی ئاو بەو شێوەیە دەبێ: بۆ شوێنی نیشتەجێبوون، (0-5) مەتر سێجا، 50 دینار بۆ هەر مەترێک سێجا. (5.1- 15) مەتر سێجا 150 دینار. (15.1- 30) مەترسێجا، 400 دینار. (30.1- 60) مەتر سێجا، 600 دینار، ئەگەر سەرووی 60 مەترسێجا بەکاربهێنیت نرخی هەر یەک مەتر سێجا 2000 دینارە.
نرخی بەکارهێنانی مەترێک سێجا ئاو بۆ پەرستگە و فەرمانگەکانی حکومەت 500 دینارە، بۆ شوێنە نیمچە حکومییەکان 750 دینارە، بۆ شوێنە بازرگانی و گەشتیاری و پیشەسازییەکان و پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش هەزار دینارە، هەروەها بۆ شووشتنگەکانی ئۆتۆمبێل 2000 دینارە.
مەسعود کارەش دەڵێت: ئەگەر ماڵێک زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاودا نەکات، رۆژانە بەتێکرا لە زستان و هاویندا پێویستی بە مەترێک سێجا ئاو دەبێت و مانگانە 12 هەزار دیناری بۆ دێتەوە، بەڵام ئەگەر زیاتر لەو بڕە ئاو بەکاربهێنێ، باخچە ئاو بدات و بەر دەرگا و ئۆتۆمبێلەکەی بشوات، نرخی هەر مەترێک سێجا ئاو 600 دینار لەسەری دەکەوێ، ئەگەر مانگانە 60 مەتر سێجا ئاو بەکاربهێنێ، 36 هەزار دیناری بۆ دێتەوە.
بەپێی گریمانە، ئەگەر هاوبەشێک زێدەڕۆیی لەبەکارهێنانی ئاودا نەکرد و مانگانە تەنیا 30 مەتر سێجا ئاوی بەکارهێنا، ئەوا حکومەت مانگانە نزیکەی 9 ملیار و 600 ملیۆن دیناری دەستدەکەوێت، ئەمە بێ لە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی نرخی کرێی ئاو لە کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری کە نرخی کرێی ئاو بۆ ئەوان گرانترە.

بۆ کۆکردنەوەی کرێی ئاو، حکومەت لە هەر پارێزگایەک گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە، کۆمپانیاکانیش هەریەک لەزۆنی خۆی لە مانگی تەمووزەوە دەستیان بە رووپێو کردووە. ئەو هاوبەشانەی پێوەریان بەستووە، خوێندنەوەی پێوەرەکە لە رۆژی رووماڵکردنەکە چەند بێت بارکۆدێکی لێدەدرێت و دەبێتە ژمارەیەکی بنچینە بۆ وەرگرتنی کرێی ئاو، بۆ هەر دوو مانگ جارێک پارەی ئاو کۆدەکرێتەوە.

مەسعود کارەش دەڵێت: بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیاکان کراوە، کۆمپانیاکان بۆ هەر هاوبەشێک مانگانە 1600 دینار وەردەگرن. ئەو دەنگۆیانەشی رەتکردەوە کە باس لە لێخۆشبوونی قەرزی پێشووی ئاو دەکەن و دەڵێت لێخۆشبوون لە پارەی ئاو نییە.

لە سەنتەری شاری سلێمانی 165 هەزار هاوبەش هەن کە نزیکەی 130 هەزار هاوبەشیان پێوەری ئاویان بۆ بەستراوە.

ئامانج جەلال، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی دەڵێت: تیمەکانمان دەستیان بە رووماڵ و بارکۆد لێدانی پێوەرەکان کردووە، ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە ئاگادار کراونەتەوە، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەسیستەمی تازە تیمەکانمان پارەی ئاو کۆدەکەنەوە.

ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە، مۆڵەتێکی دوو مانگییان دەدرێتێ، ئەگەر دوای مۆڵەتەکە پێوەرەکەیان نەبەست، بۆ هەر مانگێک 100 هەزار دیناریان لێوەردەگیرێ تاوەکو سێ مانگ. ئەگەر دوای ئەو سێ مانگە هەر پێوەریان نەبەست، بۆ هەر مانگێک 200 هەزار دیناریان لێوەردەگیرێ، ئەگەر پارەیان نەدا، شارەوانی ئاوەکەیان دەبڕێ.

ئامانج جەلال گوتی: رۆژانە 220 تاوەکو 250 مەتر سێجا ئاو تەنیا بۆ سەنتەری سلێمانی دابین دەکرێت کە نزیکەی 25 تاوەکو 30%ی ئەو ئاوە بەفیڕۆ دەڕوات.

پارێزگای هەولێر نزیکەی 280 هەزار هاوبەشی ئاوی هەیە کە 212 هەزاریان پێوەری ئاویان بۆ بەستراوە، بەڵام تەنیا 165 هەزار هاوبەش لە بەڕێوەبەرایەتی ئاو تۆمارکراون و پێشتر پارەیان لێوەرگیراوە.

ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەڵێ: پێشتر داهاتی مانگانەی ئاو لە سەنتەری هەولێر نزیکەی 750 تاوەکو 800 ملیۆن دینار بوو، بەڵام بەهۆی زیادبوونی ژمارەی هاوبەشەکانمان دوای بەستنی پێوەری ئاو، پێشبینی دەکەین داهاتی مانگانەمان بگاتە 2.5 تاوەکو 3 ملیار دینار.

کۆکردنەوەی پارەی ئاوی هەردوو شاری هەولێر و دهۆک دراوەتە کۆمپانیایەکی لوبنانی، پارێزگای سلێمانی دراوەتە کۆمپانیای گرین، هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیانیش دراوەتە کۆمپانیای ئۆرانۆس.

ئاری ئەحمەد دەڵێت: بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیاکان بەرپرس دەبن لە کۆکردنەوەی پارەی ئاو، ساڵانە شەش جار پێوەرەکان دەخوێننەوە، واتە هەردوو مانگ جارێک پارەکە کۆدەکەنەوە، 20%ی پارەی کۆکراوەکەش بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو دەبێ و 80%یشی دەچێتە خەزێنەی حکومەت.[1]

2018-09-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-06 9:30:46 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 130

## لە کۆی 33791 وشە تەنیا بە 743 وشە باسی ژینگە کراوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180925150632156231

...


لەکۆی ٣٣٧٩١ وشە تەنها بە ٧٤٣ وشە باسی ژینگە کراوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: هۆشیاریی ژینگە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-09-25 3:06:32 PM |
| ناوی تۆمارکار: | نالیا ئیبراهیم |

---

بابەت: 131

## لە کەرکوک 113 بەنزینخانەی نایاسایی داخران

https://www.kurdipedia.org/?q=20190104093218105019

هێزێکی هاوبەش کە نوێنەری دژەتێرۆری عێراق و پۆلیسی لابردنی زیادەڕۆ و نوێنەرانی کارەبا و پۆلیسی نەوتیان تێدابووە، ژمارەیەک بەنزینخانەی بازرگانیان بەبیانووی نەبوونی مۆڵەتی وەزارەتی نەوت لەکەرکوک رووخاند کە زۆربەیان خاوەنەکانیان کوردن.

حەویز دڵشاد، خاوەنی بەنزینخانەی بازرگانی لە کەرکوک بە رووداوی راگەیاند: کرێکارەکانیان برد بۆ ماوەی دوو سێ رۆژ لای خۆیان زیندانیان کردبوون، پێیان گوتبوون جارێکی دیکە نەچنە سەر بەنزینخانەکان، بەڵام ئاگادار نەکراینەوە رۆژی دواتر شۆفڵیان هێنا و بەنزینخانەکانیان رووخاند.

بریارەکە 113 بەنزیخانە دەگرێتەوە،ئەوانەی نەرووخێندراون دەبێت بەتەواوی دابیخەن. حەسەن تائی، کرێکار لەبەنزینخانەیەکی بازرگانی لە کەرکوک بە رووداوی راگەیاند: هەموویان داخست، بەبیانوی نەبوونی مۆڵەت، ئیتر نازانم هۆکارێکی دیکە هەبێت، بەڵام داوا لەحکومەتی عێراق دەکەین، ئەم بەنزینخانانە بکاتەوە، چونکە خەڵک نانی لەسەر ئەوەیە.

داخستنی ئەو بەنزینخانانە لیژنەی نەوت و وزەی لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هێنایە دەنگ بەڵام بەو پێیەی بریارەکە لەبەغداوە هاتووە، ئەوانیش دەستەو وەستانن و هیچیان پێ ناکرێ.

نەجات حوسێن، ئەندامی لیژنەی نەوت و وزە لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە رووداوی راگەیاند: بریار لەئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە نەک لە کەرکوک، دەبێ 113 بەنزینخانەی بازرگانی بێ مۆڵەت دابخرێن، جگە لە 6 بەنزینخانە ئەوانە رەزامەندی وەبەرهێنانیان هەیە و پارێزگاریش نووسراوی کردووە بۆ بەنزینخانەکان و بەغدا کە مامەڵەکانیان ببەن و بیسەلمێنن کە کێشەیان نییە و رەزامەندییان وەرگرتووە، ئەگینا ئەوانەی دیکە دەبێ دابخرێن و لابرێن.

جگە لەو 113 بەنزینخانە بازرگانیە کە فەرمانی داخستنیان بۆ دەرچووە و زۆربەی خاوەنەکانیان کوردن، 67 بەنزینخانەی دیکە مۆڵەتییان بۆ کراوە.

لە 22 بەنزینخانەی حکومی رۆژانە بەنزین بەنرخی 450 دینار و بەکۆبۆن دابەش دەکرێ، بەڵام بەو پێیەی رۆژانە ملیۆنێک و دووسەد هەزار لیتر بەنزین دەگاتە کەرکووک کەبرەکەی کەمە، زۆرجار قەرەباڵخی لەبەنزینخانە حکومییەکان دروست دەبن، ئەوکات خەڵک پێویستییان بە بەنزینخانەی بازرگانی دەبێ.[1]

2019-01-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-04 9:32:18 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 132
**لە کەرکوک رۆژانە 600 بۆ 700 تەن زبڵ و خاشاک فڕێدەدرێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180309085939995617
ئەو شەقام و شۆستانەی لەقۆناخی ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک دروستکرابوون، ئێستا بەزبڵ و خاشاک داپۆشراون.
هاونیشتیمانیان کە پێداویستییەکانی رۆژانە دەکڕن، خەمی فڕێدانی پاشماوەکانیانە، ئەوان دڵیان پڕە و گلەییان زۆرە لەو بێ خزمەتگوزارییەی شارەکەیانی گرتووەتەوە، بەڵام نازانن سکاڵای دڵیان لای کێ بکەن.
زیاتر لە حەوت ساڵە کۆمپانیایەک ئەرکی هەڵگرتنەوەی زبڵ و خاشاکی کەرکووکی لەئەستۆیە، لە 28ی مانگی رابردووەوە گرێبەستەکەی کۆتایی هاتووە و کارەکانی راگرتووە، بەڵام هێشتا زیاتر لە 12 ملیار دیناری لای ئیدارەی کەرکووکە.
لە شارەوانی کەرکووکیش هەواڵێکی دڵخۆشکەر سەبارەت بەو کێشەیە نابیسترێت، لەوکاتەوەی ئەو 10 ملیۆن دۆلارەی پترۆدۆلار کە ئیدارەی کەرکووک لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەردەگرت راگیراوە و توانای پێدانی پارەی کۆمپانیاکەشی نەماوە، حکومەتی عێراقیش هاوکاری ناکات و ئەرکەکەی خستووەتە سەر شارەوانی، ئەوانیش توانای هەڵگرتنەوەی زبڵ و خاشاکی تەواوی کەرکووکیان نییە.
لە کەرکوک رۆژانە 600 بۆ 700 تەن زبڵ و خاشاک فڕێدەدرێت، ئێستا شارەوانی توانای هەڵگرتنەوەی تەنیا 100 بۆ 150 تەن زبڵ و خاشاکی هەیە.
کەرکووک دابەشکراوەتە سەر شەش بەشی شارەوانی، دوو ناوەندی زبڵ و خاشاک کۆکردنەوە لە باکوور و باشووری شارەکە هەن، یەک ناوەندی سەرەکی گەورەی کۆکردنەوەی تەواوی زبڵ و خاشاک هەیە و بەشێوەیەکی تەندروست دەخرێتە ژێر زەوییەوە.[1]
2018-03-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-03-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-09 8:59:39 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 133

## لەماوەی 24 کاتژمێردا دەستبەسەر 200 چەکی نایاساییدا گیراوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170821095314142327



نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی ناوەندی هەولێر، بەدوارۆژی راگەیاند، رۆژی 14ی ئابی 2017 هەڵمەتێکیان بۆ قەدەغەکردنی چەکی نایاسایی دەستپێکردووە و تاوەکو ئەمڕۆ دەستیان بەسەر زیاتر لە دوو سەد چەک و ژمارەیەکی زۆر لە دامبۆکس و چەقۆ و کێبڵی کارەباییدا گرتووە.
قایمقامی هەولێر، ئاماژەی بەوەشکرد، هەڵمەتەکەیان بەردەوام دەبێت تاوەکو بەتەواوی چەکی نایاسایی بنەبڕەکرێت و هەر بازرگان و دوکان و کەسێکیش مامەڵە بەو چەکە نایاساییانەوە بکات دەدرێتە داگا و سزای داراییشی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.
ناوبراو روونیشیکردەوە، ئێستا چەکی راوکردنیش لەسەر شێوەی ئەو چەکانە دروستدەکرێت کە مرۆڤی پێ دەکوژرێت و لەشەڕەکاندا بەکار دەهێنرێت، بۆیە ئەمە مەترسی لای هاووڵاتیان دروست دەکات و نابێت ئەو جۆرە چەکانەی راوکردنیش بە کار بهێنرێن.[1]
ماڵپەری دوارۆژ: 14-08-2017

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 21-08-2017
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-21 9:53:14 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

بابەت: 134

## لەنێوچوونی لێڕەوارەکانی مەریوان ڕووی لە هەڵکشانە

https://www.kurdipedia.org/?q=2018040710564195817

ئاژانسی کوردپا: لە بێدەنگی میدیاکان و وڵام نەدانەوەی بەرپرسانی حکوومەتی، لەنێوچوونی لێڕەوارەکانی شاری مەریوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوون دەکات.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەک لە خەڵکی هەلپەرست لە گوندەکانی دەوروبەری شاری مەریوان هەوڵی بڕینەوەی داربەڕووەکانی ئەو شارەیان داوە.
هەواڵنێری کوردپا لە زاری سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕایگەیاند: کەسانی بەرژەوەندیخواز بە مشاری داربڕ هەوڵی بڕینەوەی داربەڕووەکانیان داوە تا بتوانن ڕێژی (خەڵووز) دروست بکەن.
ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: کەسانی هەلپەرەست ڕێژی بە دەست هاتوو لە داربەڕوو بە ماشێن ڕەوانەی تاران و شارە گەورەکانی ئێران دەکەن.
بە وتەی ئەم سەرچاوەیە، لە بێدەنگی میدیاکاندا و وڵام نەدانەوەی بەرپرسان، ئۆرگانە پەیوەندییدارەکان و لێنەپرسینەوەی قەزایی لەگەڵ تاوانبارانی لەنێوبردنی دارستانەکانی شاری مەریوان، ڕۆژانە بەشێک لە میراتی سرووشتی بە نرخ لەم ناوچەیە دەبنە قوربانی کەسانی بەرژەوەندیخواز و لە نێو دەچن.
هەتا ئێستا هیچ بەرپرسێکی حکوومەتی لە شاری مەریوان لە بەرامبەر بڕینەوەی داربەڕووی گوندەکانی ئەو شار هیچ دژکردەوەیەکی لە خۆی نیشان نەداوە.[1]
2018-04-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی و تاوان
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-07 10:56:41 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 135

## مانگانە 70 ملیۆن دینار لە کۆکردنەوەی خاشاکی کەلار خەرجدەکرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171210154805103073

ڕۆژانە هەر خێزانێک لە کەلار نزیکەی دوو کیلۆگرام خۆڵ و خاشاک فڕێدەدات، کە زۆربەی پاشماوەی خۆراکییە، هەموو بەیانییەکیش تیمەکانی شارەوانی لە 33 گەڕەکی شارەکە ئەو خۆڵ و خاشاکانە کۆدەکەنەوە، خەرجی ئەو پرۆسەیەش مانگانە دەگاتە نزیکەی 70 ملیۆن دینار.

بەکر عەلی، کرێکاری شارەوانییە، لەبارەی جۆری خاشاکەکە دەڵێ خەڵک هەمووشتێک فڕێدەدەن وەکو خواردن، نان و برنج.
تەنها لە ڕۆژێکدا 250 تۆن خۆڵ و خاشاک لە گەڕەکەکان و نێو بازاڕدا کۆدەکرێنەوە کە 20 سوپەرمارکێت و زیاتر لە 500 مینی مارکێت لەخۆدەگرێت. هەموو مانگێک 59 ملیۆن و 500 هەزار دینار بۆ کرێکارەکانی شارەوانی و 10 ملیۆن دینار بۆ خەرجی ئۆتۆمبێلەکان لەپێناو پاکراگرتنی کەلار خەرج دەکرێت.
ئەکەرم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێ ''ئەگەر خەڵک بەپێی پێویست بەکاریبێنن، ئەوا دوو ڕۆژ جارێک خاشاک کۆدەکەینەوە، چونکە حکومەت ئێستا دەیەوێ پارەی کۆکردنەوەش لە خەڵک وەربگرێت.
ژمارەی دانیشتووانی گەرمیان لە 700 هەزار کەس نزیکدەبێتەوە، ئەگەر خەرجی تاکەکەسێک ڕۆژانە سێ هەزار دینار بێت، ئەوا تەنها لە گەرمیاندا لە یەک ڕۆژ دوو ملیار و 100 ملیۆن دینار بۆ سێ ژەم خۆراک خەرجدەکرێت و نیوەی ئە و پارەیەش بەفیڕۆدەڕوات.
نەبوونی پلان بۆ چۆنێتی خەرجکردن ڕۆژانە زیانی ملیۆنان دینار لە باشووری کوردستان دەدات. موشیر عەلی، مامۆستای ئابووری دەڵێ ئەگەر کەسێک سێ هەزار دینار خەرج بکات، ئەوا نیوەی بەفیڕۆ دەڕوات. کوردستان پێنج ملیۆنە کەڕەتی سێی بکە دەکاتە 15 ملیار دینار، ئەوکاتە حەوت ملیار و 500 ملیۆن دینار بەهەدەر دەڕوات.
ئەم بەهەدەردانە لەکاتێکدایە پارێزەرانی ژینگە ژێرخاککردن، یان سووتاندی ئە و هەموو زبڵە وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراو وەسف دەکەن، کە لە کاتی سووتاندنیدا دووکەڵەکەی تێکەڵی هەوا دەبێت و، کاتێک ژێرخاک دەکرێت مادده زیانبەخشەکانی تێکەڵی ئاوی ژێر زەوی دەبێت.[1]
2017-12-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-10
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-10 3:48:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 136

**مرداربوونەوەی باڵندە جۆراجۆرەکان لە دەریاچەی وان زیادیکردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180913093232653 00



لە ناوچە ئاوییەکانی ئەچەک و چەلەباگی لە دەریاچەی وان 232 باڵندە و پەلەوەری جۆراجۆر بوونیان هەیە، بەڵام لە ئێستادا مرداربوونەوەیەکی زۆر رووی لەو باڵندانە کردووە. ژینگەپارێزان، هۆکارەکەی بۆ تێڕژانی پاشەڕۆی پیشەسازی و بیناسازی دەگەڕێننەوە.
قازی سپی و فلامینگۆ و ئەو باڵندانەی تر کە کۆچ بۆ شوێنەجۆراجۆرەکانی تر دەکەن، دەریاچەی وان بووەتە حەوانگەیان. سەدان جۆر باڵندە لە دەریاچەی واندان. بەڵام تێڕژانی پاشەڕۆی کارگە پیشەسازی و بیناسازییەکان لە سنووری گەڕەکی قاسم باگی لە ناوچەی ئەردیشی وان بووەتە هۆی ئەوە لە لێوارەکانی دەریاچەی واندا مرداربوونەوەی باڵندەکان روو لە زیادبوون بکەن.
هۆکاری سەرەکیی مرداربوونەوەی باڵندە و پەلەوەرەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەیوم لە ناوچەکانی ئارتەمێتان، ئەردیش و ناوچەکانی دەورووبەریان بەبێ گوێدانە پێوەرەکان پاشەڕۆی کارگە پیشەسازی و بیناسازییەکان دەڕژێننە ناو دەریاچەکەوە.
سەحەر قادر ئۆغلو ئاتەش وتەبێژی ئەنجوومەنی ئیکۆلۆژیی میزۆپۆتامیا رایگەیاند، لێوارەکانی دەریاچەی وان شوێنی ژیانی 450 باڵندە و پەلەوەری جۆراوجۆرن، کە 230 جۆریان ئەو باڵندانەن، کە کۆچ بۆ کوردستان و تورکیا دەکەن.
راشیگەیاند، هەموو ساڵێک ژمارەیەک لە باڵندەکان و پەلەوەرەکان دەمرن و هۆکاری ئەوەش تێڕژاندنی پاشەڕۆی کارگە پیشەسازی و بیناسازییەکان بۆ ناو دەریاچەی وان و پاکنەکردنەوەی دەریاچەکەیە.
ئەوەشی وت، تاوەکو تێڕژاندنی ئەو پاشەڕۆیانە بەردەوام بێت و پاکنەکردنەوەی دەریاچەکە و لێوارەکانی ئەنجام نەدرێت مرداربوونەوەی باڵندە و پەلەوەرە جۆراوجۆرەکان بەردەوامییان دەبێت.[1]
2018-09-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-13 9:32:32 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 137
**نزیکەی 10 کەس لە ڕاوچییەکانی سەوڵاوا دەستیان لە ڕاوکردن هەڵگرت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170822180056142418



10 کەس لە کۆنە ڕاوچییەکانی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەوڵاوا دەستیان لە ڕاوکردنی پەلەوەرە کێوییەکان هەڵگرت.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، 10 کەس لە کۆنە ڕاوچییەکانی گوندی هەزارخانی شاری سەوڵاوا، بە ڕادەست کردنی چەکەکانین بە ئیدارەی ژینگەپارێزی خۆیان لەگەڵ سروشت ئاشت کردەوە.
ئەو 10 ڕاوچییە بە مەبەستی ئاشت بوونەوە لەگەڵ سروشت و پشتیوانی لە ژیانی ئاژەڵەکان دەستیان لە ڕاوکردن هەڵگرت.
دەوترێ، ئەو 10 هاووڵاتییە کوردە بە ڕادەست کردنی چەکەکانیان بۆ هەمیشە دەستیان لە ڕاوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵە کێوییەکان، لەو ناوچەیە هێناوە و ئەمەش بووەتە مایە دڵخۆشی خەڵکی ئەو ناوچەیە.
ماوەی چەند ساڵێکە ڕاوچییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەستیان کردووە بە ئازاد کردنی باڵندەکان و شکاندنی قەفەسەکانیان و ئەم کارەش بووەتە مایەی خۆشحاڵیی ژینگەپارێزان و ژینگە دۆستان.[1]
ماڵپەڕی کوردپا: 2017-08-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا -22-08-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-22 6:00:56 PM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 138

## نیازی دروستکردنی 240 بەنداو

https://www.kurdipedia.org/?q=20190109161804188936

دوارۆژ، هانا چۆمانی
بەڕێوەبەری بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: بەهۆی زۆریی رێژەی بارانبارین لەمساڵدا حکومەت بەفەرمی شوێنی 240 بەنداوی دیاریکردووە، کە 50 بەنداوایان دیراسەکراون و 18 بەنداوی گەورەش لەخۆدەگرێت.
ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ چوارشەممە 9ی کانوونی دووەمی 2019 بە دوارۆژی راگەیاند: بەپێی ماستەرپلانێک کە حکومەتی هەرێم دایرشتووە و کاری تیادەکات، 240 شوێن دیاریکراوە کە سەرجەمیان دەکرێن بە بەنداو کە وەک قۆناغی یەکەم 50 بەنداوە و دیراسەکراوە کە 18 بەنداویان گەورەیە و دەیان هەزار هێکتار ئاو گلدەدەنەوە.
ویشی: بارینی بارانی ئەمساڵ، پلانەکانی حکومەتی پێشخست، چونکە زیاتر لە دە ساڵە ئەو رێژە بارانە لەهەرێم نەباریوە ئەمساڵ هەمووو بەنداوەکان پڕئاو بوون، بەتایبەت بەنداوی دوکان و دەربەندیخان کە هیچ ساڵێک لەم کاتەدا ئەو رێژە ئاوە نەچۆتە ناو بەنداوەکان.

ڕوونیشکردەوە، لە هەرێمی کوردستان 17 بەنداوی گەورە و 14 بەنداوی بچووک هەن، کە ئاو گلدەدەنەوە، 240 بەنداویش لە پلاندایە کە 50یان لە چەند ساڵی داهاتوو دروستدەکرێن هەرچەندە دەبوو 25 دانە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و دهۆک دروستبکرانایە لەنێوان ساڵانی 2013 بۆ 2017، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە پارەکە خەرجنەکراو، چاوەڕێ دەکەین لە کابینەی نوێدا بودجەمان بۆ خەرج بکرێت و 50 بەنداو دروستبکەین.
پێداچوونەوە: ئارام غەفور[1]
2019-01-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و ڕاپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
وڵات: باشووری کوردستان
وەزارەتەکانی باشوور (هەرێم): وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-09 4:18:04 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 139
## هاونیشتمانیان لە ناوچە شاخاوییەکان دارە خۆڕسکەکان دەبڕنەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181028092837104688
گرانی نرخ و دابەشنەکردنی نەوتی سپی لەلایەن حکومەتەوە، وایکردووە دیسان هاونیشتمانیان پەنایان برنەبەر بڕینی دارە خۆڕسکەکان و ڕۆژانە بە دەیان بارهەڵگر داری مازو و بەڕوو دەبڕدرێت.
وەک ساڵانی ڕابردووش حکومەت ڕێگری لە بڕینی دار ناکات، نرخی یەک بەرمیل نەوتی سپی نزیکەی 150 هەزار دینارە و پارێزگاری هەولێر دەڵێت، بەغدا ئە و برە نانێرێت کە بتوانن لەسەر پرۆسەی دابەشکردنی سووتەمەنی بەردەوام بن.
جاسم برادۆستی، یەکێک لەو هاونیشتمانییانەی دار دەبڕێتەوە بۆ سووتەمەنی وەرزی سەرما بە رووداوی ڕاگەیاند: لەناچاری پەنا بۆ بەر بڕینی دار دەبەین، جەرگم ژان دەکات کاتێک دارێکی تەڕ بەردەدەمەوە بەڵام ناچاریە، حکومەتیش هۆکاری سەرەکییە چونکە نەوتمان ناداتێ و چاودێری نرخیشی ناکات کە چەندە گرانە.
باڵەکایەتی و برادۆست، دوو لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی داری خۆڕسکن، ئە و دارستانانەی ڕێگرن لە گۆڕانی کەشوهەوا و گەرمبوونی زیاتری گۆی زەوی، کەچی ساڵانە ڕووبەریان بچوکتر دەبێتەوە.
جابر وەسمان، هاونیشتمانییەکی دیکە ڕایگەیاند: ڕۆژانە بەدەیان لۆری داری تەڕ دەبڕدرێت و بە بەرچاوی حکومەتەوە دەبڕدرێتەوە، دەبینن ساڵ دوای ساڵ ڕووبەری سەوزایی کەمتر دەبێتەوە بەهۆی بڕینی دارەکانەوە.
ناوچەکە هێزی تایبەت بە ژینگە پارێزی هەیە، بەڵام کەس لەسەر بڕینی دار ڕێگری لێ ناکرێ. ئیسماعیل وەرتی، بەرپرسی هێزی ژینگەی چۆمان بە رووداوی ڕاگەیاند: لەگەڵ شەڕی داعش - پێشمەرگەکانی ژینگە بردراوینەتە بەرەکانی جەنگ و تاوەکو ئێستا نەگەڕاوینەتەوە سەر ئەرکی پێشوومان کە ژینگە پارێزی بوو، ئێستا ناتوانین ڕێگری بەردەم تێکدانی ژینگەبین.
بۆ ئەمساڵ بەشێک لە ناوچە شاخاویەکان، هەرماڵێک بەرمیلێک نەوتی پێ دراوە، ئە و بڕەش بەشی چەند ڕۆژێکیان ناکات.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر بە رووداوی راگەیاند: لە 2014وە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی نەماوە، چونکە بەغدا بڕێکی زۆر کەم نەوت دەنێرێت و پاڵاوگەکانی ناوخۆش توانای بەرهەمهێنانی بڕی پێویستیان نییە، ئەوەشی کە ناردوویەتی ئێمە دابەشمان کردووە.
نرخی هەر بەرمیلێک نەوتی سپی لە بازاڕەکاندا بەپێی جۆرەکەی 120 هەزار دینارە و دەستپێدەکات تا 150 هەزار دینار، لەکاتێکدا هەر ماڵێکی ناوچەکە زیاتر لە 6 بەرمیلی پێویستە.[1]
2018-10-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-28

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-28 9:28:37 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 140

## هاوڵاتییەک زیاتر لە 150 داری بڕیەوە و دەستگیرکرا

https://www.kurdipedia.org/?q=20180925153048156234



دوارۆژ، رێبین حەسەن
بەهۆی بڕینەوە زیاتر لە 150 داری جیاواز و بەتەمەن، لەسنووری گوندی کانی میرانی نزیک شارۆچکەی پێنجوێن، هێزەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن، هاوڵاتیەکیان دەستگیرکرد و دوای کردنەوەی پەڕاوی یاسایی بۆی، رووبەرووی دادگای دەکەنەوە.
رائید ئیسماعیل ئیبراهیم، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن، بەدوارۆژی راگەیاند، لەسنووری گوندی کانی میرانی نزیک قەزای پێنجوێن، هاوڵاتیەک زیاتر لە 150داری بڕیوەتەوە کە تەمەنیان لەیەک ساڵەوە تیایەتی تا 50 ساڵ.
وتیشی ئەو هاوڵاتیە غەدرێکی گەورەی لەدرستانەکان و ژینگەی ناوچەکە کردووە، بۆیە ئێمەش دەستگیرمان کرد و کردنەوەی پەڕاوی یاسایی و دواتریش دەیدەینە دادگا.
روونیشیکردەوە، ئەو دارانەی کە ئەو هاوڵاتیە بڕیونەتەوە لەجۆرەکانی (بەڕوو، مازوو، گوێژ) بوون و لێرەشەوە رایدەگەیەنین هەر کەسێک دەست درێژی بکاتە سەر دارستانەکان و ژنگە بەتوندی رووبەڕووی دەبینەوە و دەیدەینە دادگا.
هاوکات بەپێی ئامارێکی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن، لەماوەی شەش مانگی رابردووی ئەمساڵدا واتە لەرێکەوتی 1/1 بۆ 2018/7/1، لەسنووری قەزای پێنجوێن و هەردوو شارەدێی ناڵپارێز و گەرمک، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سنوورەکەوە، لەسەر

راوکردن و ئەنجامدانی دەستدرێژی بۆ ژینگە 26 کەس دەستگیرکراون و هەمووشیان دوای کردنەوەی پەڕاوی یاسایی بۆیان دراونەتە دادگا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: پاراستنی ژینگە
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-25 3:30:48 PM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 141

## هیومان رایتس ووچ ئامارێکی چڕ لەسەر عێراق بڵاودەکاتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180712102034324 51

ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ، چەند ژمارەیەکی ترسناکی لەبارەی عێراقەوە بڵاوکردەوە لەسەر چواردە ساڵی رابردووی عێراقی نوێی دوای رووخانی رژێمی سەدام.
ڕێکخراوەکە دەڵێت لە ئێستادا 4 ملیۆن و 400 هەزار عێراق ئاوارەی 64 وڵاتن، هاوکات 4 ملیۆن و 100 هەزار عێراق تری ئاوارەی ناخۆی وڵاتن، یەک ملیۆن و 700 عێراق لە کامپەکان و چادرگەکاندا ژیانی سەخت دەگوزەرێنن.
ئەوەشی خستۆتەڕوو، عێراق خاوەنی تەنها 5 ملیۆن و 600 هەزار کەسی تەمەن یەک مانگی بۆ 17 ساڵییە، لەکاتێکدا کۆی ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە 24 ملیۆن کەسە، ژمارەی ئە و بێوەژنانەی تەمەنیان لە 15 ساڵ بۆ 52 ساڵییە، زیاتر لە دوو ملیۆن کەسن.
سەبارەت بە ڕێژەی نەخوێندەواری و ئاستی زانستی عێراق، هیومان رایتس ووچ دەڵێت زیاتر لە 6 ملیۆن عێراق خوێندنەوە و نووسین نازانن، چەند پارێزگایەکی گەورەی وەک بەسرە، بەغدا، نەجەف، واسیت و ئەنبار لە پێشی پێشەوەی ئە و پارێزگایانەی عێراقەوەن کە ڕێژەی نەخوێندەواری تیایاندا بەرزە.
ئامارەکەی رایتس ووچی نێودەوڵەتی سەبارەت بەڕێژەی بێکاری لە عێراقدا، ئاماژەیەکی مەترسیدار نیشاندەدا کە ڕێژەی بێکاری بریتییە لە 31% لە و بوارەشدا، پارێزگاکانی ئەنبار، موسەننا، دیالە و بابل لە پێشی پێشەوەن و دواتریش هەریەک لە بەغدا و کەربەلا و نەینەوا دێن، هەرچی ڕێژەی هەژارییە، ئەوا 35%ی دانیشتوانی عێراق لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین کە داهاتی رۆژانەی کەسێک کەمتر لە 5 دۆلاری ئەمریکی داهاتییانە.
لەهەمووی ترسناکتر ڕاپۆرت و ئامارەکەی ئە و ڕێکخراوەدا، ڕێژەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرە لە عێراقدا کە ڕێژەکە لە بەکارهێنانی حەشیش و ماددەی هۆشبەردا بۆ 6% بەرزبۆتەوە کە پارێزگاکانی بەغدا لە پێشەوەی هەموو پارێزگاکانەوەیە، دوای ئەویش پارێزگاکانی بەسرە، نەجەف، دیالە، بابل و واسیت دێن.
هاوکات ڕێژەی کارپێکردنی منداڵان لە عێراقدا گەیشتۆتە 9% کە تەمەنیان لە خوار 15 ساڵەوەیە.
سەرباری بێکاری و بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاری، ناهۆشیاری و نەخوێندەواری خەڵکی عێراق، بەپێی ڕاپۆرت و ئامارەکەی ئە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە، لەماوەی ئەم 14 ساڵەدا 39 نەخۆشی پەتا لە عێراقدا بڵاوبوونەتەوە کە دیارترینیان کۆلێرا و ئیفلیجی

منداڵان و ڤایرۆسی جگەر و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێرپەنجە و تێکچوونی زگماکی مناڵان لە سکی دایکاندا.
لەڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە ئامارەکە باس لە وەستانی 13 هەزار و 328 کارگە و دامەزراوەی بەرهەمهێنان دەکات لە عێراقدا.
سەبارەت بە رووبەری ئە و زەوییانەی لەماوەی ئە و چەند ساڵەدا دەستیان لێهەڵگیراوە و نەکراونەتە کشتوکاڵ، ڕاپۆرتەکە دەڵێت رووبەری ئە و زەوییانەی دەکرێنە کشتوکاڵ لە 48 ملیۆن دۆنمەوە پاشەکشەیان کردووە بۆ 12 ملیۆن دۆنم، هەناردەی شمەکی خۆراک لە ڕێژەی 75%ەوە بەرزبۆتەوە بۆ 91%.
هەرچی سێکتەری خوێندن و پەروەردەیە، لە و بارەیەوە هیومان رایتس ووچ دەڵێت فێرکردنی بنەڕەتی لە خراپترین هەلومەرجەکانیدایە، لە عێراقدا 14 هەزار و 658 قوتابخانە هەیە، نۆ هەزار قوتابخانەی زیانی گەورەیان پێگەیشتووە، 800 قوتابخانەی قوڕین (گڵین) لە هەموو عێراقدا هەیە، هێشتا پێویستە 11 هەزار قوتابخانەی نوێ دروستبکرێت.
سەبارەت بە قەرزەکانی عێراقیش باس لەوە دەکات، کە عێراق بڕی 124 ملیار دۆلاری 29 دەوڵەتی جیاجیای جیهان قەرزارە، لەکاتێکدا فرۆشی نەوتی لە ساڵی 2003 تا ساڵی 2016 بریتیی بووە لە هەزار ملیار دۆلار کە بەشداری نەکردووە لە چارەسەری کێشەی عێراقییەکان.[1]
2018-07-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- جۆری ئامار و ڕاپرسی: قەیران
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەندەڵی
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: پەناهاندە
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری و نەوت
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئاوەدانکردنەوە
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: پەروەردە
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: تاوانی جەنگ
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
- جۆری ئامار و ڕاپرسی: کۆمەڵایەتی
- وڵات: باشووری کوردستان
- وڵات: IQ ئێراق

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-12

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-12 10:20:34 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 142

**هۆشداری لەناوچوونی سامانی ماسی دەدرێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170703164741140866

بەهۆی گرتنەوەی ئاوی زێی بچوک لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، سامانی ماسی لە بەنداوی دوکان بەرەو لەناوچوون دەچێت، بەڕێوبەری بەنداوەکەش ڕێژەی زیانەکان ئاشکرادەکات و ڕاشیدەگەیەنێت:
ئەندازیار حەمە تاهیر بەڕێوبەری بەنداوی دوکان بە SNNی ڕاگەیاند، بەهۆی گرتنەوەی ئاوی زێی بچوک لەلایەن ئێرانەوە، ڕێژەی ئاو لە زێ و شوێنەکانی دانانی گەراکان کەمبۆتەوە، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر دروستکردوون.
وتیشی: بەهۆی کەمبونەوەی ئاستی ئاوەکە لە 80% ئەو گەرا و پەنجە ماسیانە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە دەریاچەکە کە لەو ڕێژەیە زیاتر لەناو چوون.
2017-07-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: دوکان
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕی هەواڵی سلێمانیSNN

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-03 4:47:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

---

بابەت: 143

**هەپەگە: سوپای تورکیا ژینگەی هاووڵاتیانی مەدەنی بۆردومان دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181110205043693365

ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە دەربارەی هێرشی دەولەتی تورکیا بۆسەر ژینگە هاووڵاتیانی مەدەنی، چالاکی گەریلا وهێرشەئاسمانییەکان ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردوە.
لە ڕاگەیەنراوەکەی هەپەگەداهاتووە:
سوپای داگیرکەری تورکیا لە ڕۆژی 9ی مژدار/18ی خەزەڵوەر لە کاتژمێر 16:00 بۆ 17:00 بێ ئەوەی کە گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی ڕچاوبکات بەهاوەن وکاتیوشا ناوچەکانی سێدا، چەمچۆ،دۆڵی باڵەندە-ی ناوچەی سیلادزێ-ی دهۆکی بۆردومان کرد. بە کەڵک وەرگرتن لە فڕۆکەی سیخوڕی بێ فڕۆکەوان ئەوناوچانەی کە ژینگەی هاووڵاتیانی مەدەنییە کراونەتە ئامانج وزیانێکی زۆری مادی لێکەوتووەتەوە.
لە هەمان ڕۆژدا و لەکاتژمێر 08:30 خولەکدا گەریلاکانی ئێمە لەدژی سوپای داگیرکەری تورکیا لە سەرگردی بەیرەق-ی ناوچەی شەمزینانێ جولەمێرگ چالاکییان ئەنجامدا. لەوچالاکییەدا گورزێکی سەخت لە سەنگەروحەسارگەکانی دژمن درا و2 سەنگەرتێکشکان. لەئەنجامی ئەو چالاکییەدا 4 سەربازی سوپای تورکیا کوژران.
لەهەم ڕۆژدا فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای داگیرکەری تورکیا لە کاتژمێر 11:00دەورووبەری گردی سور-ی ناوچەی ئاڤاشین،

لەکاتژمێر 19:00 گردی مام ڕەشۆ وشەهی دێرەن-ی هەرێمەکانی پاراستنی مەدیایان بۆردومان کرد.
لەهەمان ڕۆژدا فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیا گوندی چەمرۆبۆتکێ-ی شارۆچکەی چەمانکێ-ی دهۆلیان بۆردومانکرد.[1]
2018-11-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە بەهۆی بۆردوومانەوە (تورکیا)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-10 8:50:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 144

**هەر تاکێکی هەرێم ڕۆژانە 800 لتر ئاو بەکاردێنێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180218210501934855

بەڕێوەبەری گشتی ئاوی هەرێم ئاشکرایدەکات، بەکارهێنانی ئاو لە لایەن هاووڵاتیانی هەرێم پێچەوانەی پێوەرە جیهانییەکانە و هەر تاکێکی هەرێم ڕۆژانە 800 لیتر ئاو بەکاردەهێنێت.
مەسعود کارەش، بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوڕۆی هەرێمی کوردستان، بە دوارۆژی ڕاگەیاند یەکێک لە و کێشانەی ڕووبەڕووی ئیدارەی هەرێم بوەتەوە، ڕێژەی ئە و ئاوە پاکەیە کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ڕۆژانە بەفیڕۆدەڕوات و هیچ سودێکی لێوەرناگیرێت بەهۆی خراپی بەکارهێنانی ئاوی پاک.
وتیشی ڕۆژانە ئاوێکی زۆر لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەفیڕۆ دەڕوات، بەتایبەت لەشتنی ماڵ و ئۆتۆمبێل، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر تانکی ئاوی ماڵان تەوافەی نیە و بە و هۆیەشەوە ئاوێکی زۆر بەفیڕۆدەڕوات.
باس لەوەشدەکات، نزیکەی 90%ی تێچونی ئاو لەئەستۆی حکومەتدایە و تەنها 10% لەهاووڵاتیان وەردەگیرێت، ئەمەش بەراورد لەگەڵ ستانداردی نێودەوڵەتی زۆر کەمە و وای لەهاووڵاتیان بەگشتی کردوە گوێ بە و بابەتە نەدەن.
مەسعود کارەش ئاماژەی بەوەشدا، 10 ساڵ لەمەوبەر بۆ گەیشتن بەئاوی ژێر زەوی پێویستیان بەهەڵکەندنی تەنها 100 مەتر هەبوو، بەڵام ئێستا لەهەندێ شوێندا 300 مەتر هەڵدەکەنین، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئاستی ئاو زۆر کەمی کردوە.
دەشڵێت بەپێی ڕووپێوێک کە لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجامدراوە هەر تاکە کەسێک (ڕۆژانە 800 لیتر ئاو) سەرفدەکات، لەکاتێکدا لە جیهان هەر تاکێک ڕۆژانە 130 بۆ 580 لیتر ئاو سەرفدەکات.[1]
2018-02-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 18-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 18-02-2018 9:05:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 145

## هەزاران ماسی لە دەریاچەی سیروان مرداردەبنەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801131139101716

لە کەناری دەریاچەی سیروان ماسی مرداربووەوە دەبینرێت، ئەو دیاردەیە چەند هۆکارێکی لەپشتە و لە ساڵی 2010ەوە تاوەکو ئێستا دووبارە دەبێتەوە، ساڵانەش لە مانگی حەوتەوە تاوەکو مانگی نۆ، نزیکەی 100 تۆن ماسی لە و دەریاچەیە مردار دەبنەوە.
رائید سەردار ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارستانی هەڵەبجە لەبارەی ئەو ناوچانەی ماسییەکان تێیدا مردار دەبنەوە دەڵێ 10 بۆ 15 کم دەگرێتەوە، لە ناوچەی قەڵبەزە، کانی کەوە و تەپی کەرەم دەستپێدەکات، تاوەکو دەگاتە کاکردەڵە و ناوچەی هەڵەبجەی شەهید دەگرێتەوە، لە ناوچەکانی دیکە، ئەم دیاردە نییە.
نزیکەی 100 راوچی لە و شوێنەی دەریاچەکەدا رۆژانە خەریکی راوەماسین، چەند جارێک تۆڕەکانیان فڕێ دەدەن، بەڵام بەهۆی مرداربوونەوەی ماسییەکان مەگەر بە دەگمەن ماسییەکیان دەستبکەوێت.
هاوکار محەممەد، راوچییە و دەڵێ رۆژانە حەوت کاژێر کاردەکەم. پێش ئەوەی ماسییەکان بمرن، رۆژانە 10 بۆ 15 کیلۆمان دەگرت و، رۆژانەی خۆمان بەزیادەوە دەستدەکەوت، بەڵام ئێستا رۆژانە کیلۆیێک بۆ سێ کیلۆ ماسی دەگرین.
پاشەڕۆی کارگەکان لە چەمی تانجەرۆ دەرژێتە دەریاچەی سیروان، هەروەها رژانی ئاوەڕۆی هەڵەبجە و سلێمانی و سەیدسادق بۆ نێو دەریاچەکە و، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، لەگەڵ کەمبوونەوەی ئاوەکە لە ناوچەی شارەزوور، هۆکارن بۆ مرداربوونەوەی ماسییەکان.
توانا ئیسماعیل، لێپرسراوی هۆبەی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی سلێمانی دەڵێ چارەسەر لای ئێمە نییە، شارەوانی، وەزارەتی پیشەسازی، پاڵاوگەکان، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بەرپرسن لە ناوچەی پیشەسازی کە پاشەڕۆکانیان نەخەنە نێو دەریاچەی سیروان و، ئاوی تانجەرۆ.
ساڵانی رابردوو تەنها ماسی رەقە مرداردەبوویەوە، کەچی ئەمساڵ ماسی سیلڤەر، سوورە و گەرا هەمان حاڵیان هەیە، مردار دەبنەوە و دەبنە خۆراکی باڵندەکان.
2017-08-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2017-08-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-01 1:11:39 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 146

## هەفتانە 17 خانمی کوردستان تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن

https://www.kurdipedia.org/?q=20180203172502968556

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی 2017 بە تێکڕا هەفتانە 17 حاڵەتی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.
بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن د.خاڵس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوە دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی رابردوو لە کوردستان 905 حاڵەتی شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان تۆمارکراون (هەولێر 340، سلێمانی و هەڵەبجە 391، دهۆک 174 حاڵەت). ئەم ژمارەیە هەفتانە دەکاتە 15 حاڵەت.
پسپۆڕان وای دەبینن بەوپێیەی لە کوردستان سیستمی پشکنینی پێشوەختە کارا نییە و زیاتر ئەوانە پشکنین دەکەن کە تووش بوون، بۆیە دەکرێ چەندین حاڵەت هەبن کە لە قۆناغەکانی سەرەتای شێرپەنجەی مەمکدا بن و تاوەکو ئێستا تۆمار نەکرابن.
جگە لەوە، لە بەدواداچوونێکی پێشووتری ڕووداودا لەبارەی ئامارەکانی شێرپەنجەی مەمک، د. عەبدولفەتاح هەورامی، مامۆستای زانکۆ و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکی کۆمەڵ، پەرشوبڵاویی داتاکان و نێوەندەکانی تۆمارکردنی نەخۆشییەکە لە کوردستان بە هۆکارێکی دیکەی ناتەواویی داتاکانی کوردستان دەزانێ سیستمێکی ئاماری یەکگرتوومان نییە، تەنانەت لە هەمان شاردا چەند نێوەندێک هەن کە نەخۆشەکان ڕوویان تێدەکەن. بۆ نموونە ئێمە لە سلێمانی هەم سەنتەری نەخۆشییەکانی مەمکمان هەیە، هەم نەخۆشخانەی هیوا، هەندێک حاڵەتیش لە دەرەوەی ئەو سەنتەرانە نەشتەرگەری و چارەسەر وەردەگرن و تۆمار ناکرێن، بەو شێوەیە هەموو حاڵەتەکان ناچنە یەک نێوەند.
د.خاڵس قادر، لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە ڕێنمایی دەداتە خانمانی کوردستان پێویستە خانمان بەشداربن لە پرۆگرامەکانی سکرین واتە پشکنینی مەمک بۆ دەستنیشانی شێرپەنجە لە قۆناخە سەرەتاییەکاندا، هەروەها خۆ پشکنینی مانگانە دوای سوڕی مانگانە و سەردانی پزیشک لەهەر گۆڕانکارییەک لە مەمک یان هەستکردن بە بوونی گرێ.
بۆ خۆپارێزی لەو شێرپەنجەیەش چەند خاڵێک بە گرنگ دەزانێ چالاکبوون و وەرزشکردن، خواردنی تەندروست، خۆ ڕزگارکردن لە قەڵەوی و دوورکەوتنەوە لە خۆڕا بەکارهێنانی دەرمانە هۆرمۆنییەکان و دەرمانەکانی دیکە.
توێژینەوەیەک کە ساڵی 2015 لەسەر 884 ئافرەتی کوردستان (454 تووشبووی شێرپەنجەی مەمک و 430 کەسی تەندروست) کراوە، دەریخستووە تەمەنی نێوەندیی تووشبوون بەو نەخۆشییە لە کوردستان 45-49 ساڵە، بەڵام لە ئەمریکا نزیکەی 60 ساڵە.
پزیشکانی توێژەر دوای دەرکەوتنی ئەو ئەنجامانە گوتبوویان دەبێت لە کوردستان لە تەمەنێکی زووترەوە پشکنینی پێشوەخت بۆ شێرپەنجە بکرێ، بۆ نموونە لە ئەمریکا لە 50 ساڵیدا ئەو پشکنینانە دەکرێن، دەبێت لە کوردستان خانمان هان بدرێن لە تەمەنی 40-45 ساڵییەوە بیکەن.
شێرپەنجەی مەمک، بڵاوترین جۆری شێرپەنجەیە لە خانماندا و بریتییە لە گۆڕانی شێرپەنجەیی لە شانەکانی مەمکدا کە زیاتر لە کۆکەرەوە و ڕێڕەوەکانی شیردا ڕوودەدات. شێرپەنجەی مەمک زیاتر لە پێنجیەکی ئەو شێرپەنجانە پێکدێنێ کە تووشی خانمان دەبن و لە ساڵی 2015 دا لەسەر ئاستی جیهان زیاتر لە 570،000 هەزار ئافرەت بەو جۆرە شێرپەنجەیە مردوون.[1]
2018-02-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: تەندروستی
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە
وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 03-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 03-02-2018 5:25:02 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 147

## وشکەساڵیی زیانی بە ئاژەڵدارانی گەرمیان گەیاندووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180613204804104235

دەرکەوتنی ئاماژەکانی وشکەساڵیی و نەبوونی لەوەڕگا، ئاژەڵدارانی گەرمیانی ناچار بە هەرزانفرۆشکردنی ئاژەڵەکانیان کردووە، چونکە بەوتەی خۆیان، ئەو داهاتەی کە لە فرۆشتنی بەری ئەمساڵیاندا دەستیانکەوتووە، تەنها بەشی کڕینی کاو و جۆ-ی کردووە بۆ ئاژەڵەکانیان.

کەمیی رێژەی بارانبارین لەمساڵدا لە سنووری ئیدارەی گەرمیان، ئاماژەکانی وشکەساڵیی و لەو ناوچەیە زیادکردووە، بەشێوەیەک لە سنووری شارۆچکەکانی کفریی و خانەقین بووەتە هۆی کەمبوونەوە و نەمانی لەوەڕگا، ئەوەش بەزیان بۆ ئاژەڵدارانی سنوورەکە شکاوەتەوە.

عەلی کاکەبرا، شوانکارەیەکی گوندی سەیدە-ی سەر بە شارەدێی رزگارییە لە شارۆچکەی کەلار، کە زیاتر لە 40 ساڵە ئاژەڵداری دەکات، بۆ رۆژنیوز قسەیکرد و وتی:ئەمساڵ بەهۆی بێ بارانی وشکەساڵییەوە، سەوزایی و لەوەڕ بۆ ئاژەڵ زۆر کەمبووەتەوە و لەهەندێک شوێنیش هیچ لەوەڕ نەماوە.

نەبوونی لەوەڕی پێویست بۆ ئاژەڵان، نرخی کا و جۆ-شی بەرزکردووەتەوە، بەجۆرێک وەک عەلی کاکەبرا دەڵێت، جاران تۆنێک جۆمان بە 400 هەزار دینار دەکڕی، ئەمساڵ بووەتە 500 هەزار دینار و زیاتر، دەشڵێت: بەرهەمی بەری ئەمساڵم بە ناچاریی فرۆشت و پارەکەیم داوە بە کا و جۆ.

جەبار عەلی، ئاژەڵدارێکی شارەدێی خان-ی سەر بە کفرییە، بۆ رۆژنیوز ئەوە دەخاتەڕوو، کە بەهۆی وشکەساڵییەوە و نەبوونی لەوەڕ، بەشێک لە ئاژەڵدارانی گەرمیان بە ناچاریی کۆچیان بۆ ناوچە کوێستانییەکان کردووە.

ئەو هۆکارانە وایکردووە، کە نرخی ئاژەڵیش تا ئاستی نیوە دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاژەڵداران بەناچاریی ئاژەڵەکانیان هەرزانفرۆش دەکەن.

وەک جەبار دەڵێت:من ساڵانێکە ئاژەڵداری دەکەم، بەڵام ئەمساڵ هەموو ئاژەڵەکانم هەرزان فرۆشکرد، پێشتر جووتێک مەڕم بە 400 هەزار و زیاتر کڕیبوو، بەڵام ئەمساڵ جووتیم بە 200 هەزار فرۆشت.

ئاژەڵداران بەپێویستی دەزانن، کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، حکومەت ئالیک و کا و جۆ-یان بەسەردا دابەشبکات، بەڵام وەک خۆشیان دەڵێن، تاوەکو ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ هاوکارییەکیان نەکردوون.

شادییە حسێن، بەڕێوبەری گشتیی کشتوکاڵی گەرمیان، نایشارێتەوە کە هەر لەسەرەتای ئەمساڵەوە درکیان بە گرفتی وشکەساڵیی و کەمبوونەوەی لەوەڕ کردووە لە ناوچەکە، بۆ چارەسەرکردنیشی لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان و لایەنە پەیوەندییدارەکان کۆبوونەوەی نائاساییان ئەنجامداوە و دوو پێشنیاریشیان ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو-ی حکومەتی هەرێم کردووە.

سەبارەت بە پێشنیارەکانیش، شادییە حسێن وتی: پێشنیاری یەکەم دابینکردنی ئالیکی پێویستە بۆ ئاژەڵداران لەماوەیەکی خێرادا، کە ئەمە چارەسەری هەنوکەییە، پێشنیاری دووەمیش جێبەجێکردنی هەردوو پرۆژەی بەنداوی باوەنوور و بەردەسوور، بۆ ئەوەی ئەو زەوییانەی کە پشت بە باران دەبەستن ببن بە بەرئاو، کە ئەمەیان چارەسەری هەمیشەییە، بەڵام تائێستا وەڵامی پێشنیارەکانمان نەدراوەتەوە.

دەرکەوتنی ئاماژەکانی وشکەساڵیی لە گەرمیان لەکاتێکدایە، کە رووباری سیروان بەو ناوچەیەدا تێپەڕدەبێت، بەڵام نەتوانراوە وەک پێویست سوود لە ئاوی ئەو رووبارە وەربگیرێت، ئەوەش بەهۆیی نەبوونی هیچ بەنداو و پرۆژەیەکی ئاویی بۆ کشتوکاڵ و

ئاژەڵداریی لە ناوچەکەدا.[1]
2018-06-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-06-2018
کاتی تۆمارکردن: 13-06-2018 8:48:04 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 148
## وەزارەتی شارەوانی گرێبەستێک بە بڕی 250 ملیۆن دۆلار واژۆ دەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20180226233936103536
دوارۆژ، کۆچەر عەلی
بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری و ژینگە پارێزی لە شارەوانی هەولێر ئاشکرای دەکات وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێم گرێبەستێکی بە بڕی 250 ملیۆن دۆلار بۆ دامەزراندنی کارگەیەکی ریسایکڵینی زبڵ و خاشاک واژۆ کرد.
فەرمان خەلیل، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی و ژینگە پارێزی لە شارەوانی هەولێر، ئەمڕۆ دووشەممە 26ی شوباتی2018، بە دوارۆژی راگەیاند، گرێبەستەکە بە بەهای 250 ملیۆن دۆلار واژۆ کراوە، بۆ دامەزراندنی کارگەکەیەکە و لە ماوەی 9 مانگ دا دادەمەزرێت و دەست بەکارەکانی دەکات.
بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری و ژینگە پارێزی لە شارەوانی هەولێر وتیشی، لەسەر ئاستی عێراق یەکەمجارە کارگەیەکی لەم جۆرە دادەمەزرێت کە خاشاکی ماڵان، کارگەکان، خاشاکی کێڵگەکان و پاشماوەی بیناکان ریسایکلین دەکات.
روونیشیکردەوە، بە دروستبوونی ئەو کارگەیە وا دەکات زبڵخانەی کانی قرژاڵە بە یەکجاری دابخرێت و خۆڵ و خاشاک و پاشماوەی هەولێر بە تەواوی چارەسەر دەبێت و هیچی نامێنێت.
بەپێی ئاماری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار مانگانە بڕی شەش ملیار و 945 ملیۆن و 820 هەزار دینار بۆ فرێدانی زبڵ و خاشاک تەرخاندەکرێت کە زۆرترین ئەو پارەیەش بۆ کۆکردنەوەی زبڵی پارێزگای هەولێرە کە بڕەکەی دوو ملیارو 645 ملیۆن و 820 هەزار دینار.[1]
2018-02-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ئاوەدانکردنەوە
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 26-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 26-02-2018 11:39:36 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 149

## ڕووبەری سەوزایی کەلار دەکرێتە شوێنی بازرگانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20181014175115986004



دروستکردنی بینای بازرگانی لەناو شاری یاریی شارۆچکەی کەلار، نارەزایی لێدەکەوێتەوە، بە بەقوربانییکردنی پرۆژەکە لە بەرژەوەندیی گشتییەوە بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی و بازگانیی ناو دەبرێت، خاوەنی پرۆژەکەش دەڵێت، کە ڕەزامەندییان لە حکومەت وەرگرتووە.
ئەمرۆ لەبەردەم پارکی شاری یاریی کەلار، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، هەردوو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی محەمەد وەهاب و کەریم عەلی، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بە دروستکردنی چەند بینایەکی بازرگانی لەناو پارکەکەدا، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان ئەنجامدا.
ئەو دوو ئەندامەی ئەنجومەن لە کۆنگرەکەدا، ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە تاکە پرۆژەی گەشتیاریی و سەوزایی لە شارۆچکەکە شاری یاری کەلارە، لە ئێستادا ڕووبەری زیاتر لە هەزار و 500 مەتری پرۆژەکە، لەبری سەوزایی کراوە بە بینا و باڵەخانە و پرۆژەی بازرگانیی و هەفتە بازاڕ و چێشتخانە.
باسیان لەوەش کرد، کە ئەوە بەدەرە لە ڕێنمایی ژینگەیی و ماستەرپلانی شارۆچکەکە و کەمکردنەوەی ڕێژەی سەوزاییە، هەروەها بە قوربانیی کردنی پرۆژەکەیە لە بەرژەوەندی گشتییەوە بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی و بازگانیی.
هەروەها، وتیشیان، کە لە ڕابردوودا یاداشتیان ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە، بەمەبەستی ڕێگرییکردن لەم پرۆژەیە، دواتر لە ڕێگەی لیژنەی شارەوانییەکانەوە لیژنەیەک پێکهێنرا و سەردانی پرۆژەکە کراو ڕاگیرا، بەڵام لەئێستادا جارێکی تر بە ڕەزامەندیی حکومەت پرۆژەکە کەوتووەتە کار.
وەک خۆیان باسیان کرد، ئەمرۆ بۆ هەمان مەبەست سەردانی داواکاری گشتیی گەرمیان یان کردووە و بەڵێنیان لێوەرگرتووە، کە تانە لەم پرۆژەیە دەدەن لە ڕێگای دادگای ئیدارییەوە.
سەبارەت بەم بابەتە ڕۆژنیوز سەردانی عەبدوڵا ڕەحیم بەڕێوبەری پرۆژەکەی کرد و ناوبراو، لە بەرامبەردا ڕایگەیاند: هیچ کام لەم پرۆژانەی ئێمە بەدەر نییە لە پێکهاتەی شاری یاریی کەلار و هەموو پرۆژەکانمان فەرمییە و بە بەڵگەو نوسراوەوە ڕەزامەندیی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانمان هەیە.
وتیشی: پرۆژەکە پێکهاتوون لە مارکێت و مەلەوانگە و چێشتخانە و دوو نافور و سەرجەم یارییەکانی ناو پارکەکە و دوای 15ساڵ لە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە پێشکەشی حکومەت

دەكرێتەوە، بۆیە ئێمە بەشێوازی فەرمی براوەی کەیسەکەین.[1]
2018-10-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 14-10-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-14 5:51:15 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 150

**رێکخراوەکان: سوپای تورکیا و ئێران هۆکاری تێکچوونی ژینگەی کوردستانن**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190103093549182415



چالاکوان و رێکخراوەکانی ژینگە لە شارۆچکەی سۆران-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، تورکیا و ئێران بەهۆکاری سەرەکی تێکدان و لەناوبردنی ژینگەی باشوری کوردستان دەزانن، بانگەوازێکیشیان ئاراستەی جکومەتی هەرێم کردووە تا هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ پابەندکردنی تورکیا و ئێران بە پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
ژمارەیەک لە رێکخراوە ژینگەییەکان، بانگەوازێکیان ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە و تیایادا باسیان لەوە کردووە، لە ئاکامی بۆردومان و تۆپبارانە بەردەوامەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر ناوچە سنورییەکانی باشوری کوردستان، هەزاران دۆنم دارستان و رەز و باخ و سروستی هەرێمی کوردستان تێکچوون و زیانیان بەرکەوتووە، هەروەها سامانی ئاژەڵ و باڵندەی کێوییش لە برادۆست و قەندیل بەهۆی ئەو بۆردومانانەوە مەترسی لە ناوچوونی لەسەرە.
دڵشاد باڵەکی، سەرۆکی رێکخراوی ئاوێزە بۆ هۆشیاری ژینگەیی، کە یەکێکە لەو رێکخراوانەی بانگەوازەکەی کردووە، باس لەوە دەکات بۆردوومانەکان زیانی زۆری بە سروشت و ژینگەی ناوچەکانی بناری قەندیل و برادۆست و ئامێدی گەیاندووە، بەو هۆیەشەوە چەندین دۆنم رەز و باخی هاووڵاتیان سوتاون و زیانێکی زۆریش بەر باڵندە و ئاژەڵی کێوی ئەو ناوچەیە گەیشتووە، دەشڵێت:ئێمە وەک رێکخراوی ئاوێزە، بە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان راگەیەندووە پێویستە فشار بخرێتە سەر ئێران و تورکیا بۆ راگرتنی هێرشە ئاسمانی و زەمینییەکان.
ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، بۆردوومانەکان زیانی زۆری بە کەرتی کشتوکاڵ و ژینگەی ئەو ناوچانەش گەیاندووە، بۆیە ئەرکی پەرلەمان و حکومەتەکانی بەغدا و هەولێرە لەسەر ئەو پێشێلکارییانە بێنەدەنگ.
هاوکات هەژار ماهیر، شارەزا لە بواری ژینگە و سەرۆکی رێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە، بۆ رۆژنیوز باسی لەوە کرد، چەندین جار هۆشدارییان داوە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە تۆپباران و

بۆردوومانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کارەساتی ژینگەیی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەک پێویست گوێ بە داواکانمان نەدراوە.
کۆتایی ساڵی ڕابردوو، ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە ڕاپۆرتێکدا لایەنە پەیوەندیدارەکانیان ئاگادارکردەوە، کە ئەو شوێنانەی بەر تۆپباران و بۆردوومان کەوتوون، ڕووبەڕووی کارەساتی ژینگەیی بوونەتەوە، داواشیان کردبوو تورکیا و ئێران پابەندبن بەو پەیماننامە ژینگەییانەی واژۆیان کردووە لەبارەی پاراستنی ژینگەی ناوخۆیی و جیهانییەوە.
سەرۆکی ڕێکخراوی وار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە ڕووی زانستییەوە تۆپبارانەکان بۆ سەر ژینگەی کوردستان کاریگەرییەکان زۆرە، لەوانە؛ کەمکردنەوەی ڕووبەری سەوزایی و تێکدانی هاوسەنگی، کەمکردنەوەی بڕی بە هەڵمبوونی ئاو و کاریگەری خراپ لە سەر باران، هەروەها دارِنینی توێژاڵی ڕووەکی و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکگرتوویی گڵ و خۆڵی قەدپاڵەکان.
ئەو شارەزایەی بواری ژینگە لە درێژەی کاریگەرییەکانی تۆپبارانەکان بۆ سەر ژینگەی کوردستان باس لەوەش دەکات، تۆپبارانەکان دەبنە هۆی کەمکردنەوەی بڕی ئاوی ژێر زەوی، چونکە ڕووەک هۆکاری گلدانەوەی ئاوی سەر زەوییە و ناردنییەتی بۆ ژێر زەوی، کەمکردنەوی بڕی ئۆکسجین و زیادکردنی بڕی دووەم ئۆکسیدی کاربوون، هەروەها کەمکردنەوەی بەرگری درەختەکان و خێرا پوکانەوەیان بە هۆی ئەو نەخۆشیانەی کە بە ئاسانی زیانیان پێ دەگەیەن، جگە لەوانەش تۆپبارانەکان دەبنە هۆی پەیدابوونی دووکەڵ کە تێکەڵەیەکە لە گەردیلەی ورد و گازەکانی کاربۆن و مۆنۆئۆکساید و گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین، کە زیان بە چاو و سییەکانی مرۆڤ دەگەیەنن.[1]
2019-01-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە بەهۆی بۆردوومانەوە (ئێران)
تایبەتمەندییەکانی ژینگە: تێکدانی ژینگە بەهۆی بۆردوومانەوە (تورکیا)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-01-2019
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-03 9:35:49 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 151
**کارەساتێکی گەورەی ژینگەیی چاوەڕێی دەشتی شارەزوور دەکات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170801085230101712



ڕۆژنیوز- هاوکار مستەفا
تێکەڵبوونی پاشەڕۆی کارگەکان و ئاوەڕۆی شاری سلێمانی و دەوروبەری بە ئاوی تانجەرۆ و دواتر تێکەڵبوونی بە ئاوی دەریاچەی سیروان، کارەساتێکی ژینگەیی دروستکردووە و بووەتە هۆی لەناوچونی هەزاران ماسی، بەرپرسێکیش دەڵێت تا ئێستا کەس لەو دیاردەی نەپرسیوەتەوە.
زیاتر لە هەفتەیەکە بە درێژایی زیاتر لە 10 کیلۆمەتر لە سنوری دەریاچەی سیروان بەتایبەت لە گوندەکانی قەڵبەزە و کانی بەردینەی نزیک شارۆچکەی شارەزوور، ڕۆژانە بە سەدان ماسی ئەو دەریاچەیە لەناو دەچن و بۆن و بەرامەیەکی ناخۆشییان لەناوچەکەدا بڵاوکردوەتەوە ژینگەی کەنار دەریاچەکەیان تێکداوە.
ڕائید سەردار ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارەزوور، بەڕۆژنیوزی ڕاگەیاند: حاڵەتی لەناوچونی ئەم ماسییانە ساڵانە لەم وەرزەدا بەتایبەت لە دوای بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بۆ نزیکەی 50 پلەی سیلیزی دەستپێدەکات تا 8/15 بەردەوام دەبێت، ئەوەندەی کە بەدواداچونمان کردبێت چەند هۆکارێک هەن کە بوونەتە هۆی لەناوچونی ژمارەیەکی زۆر لەماسی دەریاچەکە بەتایبەت جۆری 'ڕەقە ماسی'.
ئاماژەی بەوەش کرد: گرنگترین هۆکارەکان بریتین لە تێکەڵبوونی پاشەڕۆی ژمارەیەکی زۆری کارگەکانی سلێمانی کە مادەی کیمیایان تێدایە و تێکەڵبوونیان بە ئاوی تانجەرۆ و دواتر دەرژێتە ئاوی دەریاچەی سیروانەوە، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و جارێکی تر تێکەڵبوونی پاشەڕۆی ئاوەڕۆی شاری سلێمانی و دەوروبەری بە ئاوی دەریاچەکە، هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتی بەشی سامانی ماسی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ لە نزیکەوە نەهاتوون بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە.
بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارەزوور ئەوەشی وت: لەناوچوونی ئەم ماسییانە سەرەڕای ئەوەی زیانێکی زۆری بەو کەسانە گەیاندووە کە بژێوی ژیانیان لەسەر ڕاوەماسییە،هاوکات کارەساتێکی ژینگەییشیان لە ناوچەکەدا دروستکردووە، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان چارەسەرێک بۆ ئەم حاڵەتە نەدۆزنەوە، کارەساتێکی گەورەتری ژینگەیی چاوەڕێی دەشتی شارەزوور دەکات.
لەبارەی هەمان بابەت هاوکار محەمەد، کە سەرقاڵی ڕاوەماسی بوو لە دەریاچەی سیروان بەم جۆرە قسەی بۆ ڕۆژنیوز کرد: بەداخەوە ئەم دیاردەیە ساڵانە لەم وەرزەدا دوبارە دەبێتەوە، هەزاران ماسی لە جۆری ڕەقە لەناودەچن، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێکی حکومیمان نەبینیوە بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم دیاردەیە، چونکە ئەمە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی سامانی ماسی و زیانی زۆریشی لە ئێمە داوە.
ئەوەشی خستەڕوو، دیاردەی لەناوچوونی ئەم ماسیانە بەدرێژایی زیاتر لە 10 کیلۆمەتر بەدیدەکرێت بەتایبەت کە ڕۆژانەش بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما ڕێژەی ئاوەکەش کەم دەکات و ژمارەیەکی زیاتر لە ماسی لەناودەچن، ئێمەش لە بێکاریدا ڕوومان لەم دەریاچەیە کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمان و ئەگەر ئەم دیاردەیەش هەروا بەردەوام بێت ئێمەش ناچارین ئێرە جێبهێڵین و بەدوای کارێکی تردا بگەڕێین.
هاوکار محەمەد، ئەوەشی باس کرد: دەبوایە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەردەوام چاودێری ئەم دەریاچەیان بکردایە و ساڵانە گەرای ماسییان تێبکردایە، بۆ ئەوەی ڕێژەی ماسی زیاد بکات، بەڵام حکومەت ئەو پلانەی نییە و ئەوەی کە ئێمە دەیبینین ساڵانە لەوەرزی قەدەغەکردنی ڕاوەماسیدا هێزەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ناوچەکە دێن چاودێری دەریاچەکە دەکەن بۆ ئەوەی کەس ڕاوەماسی نەکات.
2017-08-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

🗺 وڵات: ⤓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ✍ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 01-08-2017
کاتی تۆمارکردن: 01-08-2017 8:52:30 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 152

## کوردستان زێدی رەسەنی 3000 رووەک و گیای پزیشکییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180223211194261898

پرۆفیسۆرێکی زانکۆی سلێمانی دەڵێت ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی چیای زاگرۆس زێدی رەسەنی زیاتر لە 3000 رووەک و گیای سروشتی پزیشکییە، ئەگەر وەبەرهێنانی تێدا بکرێ، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات.
بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، چیای زاگرۆس کە بەشێکی دەکەوێتە باشووری کوردستان، ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بە رووەک و گیا سروشتییە پزیشکییەکان. تەنانەت لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە هەندێ رووەکی دەگمەن کە لە جیهاندا بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی بەکاردێن، لەوێ هەن.
د.سامان عەبدولڕەحمان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕ لە پۆلێنکردنی رووەکی سروشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و چیای زاگرۆس بەتایبەتی زێدی رەسەنی زیاتر لە 3000 رووەک و گیای سروشتیی پزیشکییە، هەندێ لەو رووەکانە تەنیا لە کوردستان هەن، بۆیە لە سەرچاوە زانستییەکاندا بە رووەکە کوردستانییەکان ناودەبرێن.
ساڵانە برێکی زۆر رووەک و گیای پزیشکی هاوردەی کورستان دەکرێ، بەڵام د.سامان دەڵێت ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان ئەوەندە رووەک و گژوگیای پزیشکی تێدایە، نەک هەر هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵکو دەتوانێ پێویستی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پڕبکاتەوە و ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار داهاتیش بۆ کوردستان دەستەبەربکات، بە مەرجێک وەبەرهێنانی تێدابکرێ.
تێزی دکتۆراکەی د.سامان تایبەتە بە پۆلێنکردنی رووەکی سروشتی لەعێراق و هەرێمی کوردستان کە لە بەریتانیا بەدەستیهێناوە، ماوەیەکیش لە سەنتەری مەلەکی بەریتانی کاریکردووە. ئەو دەڵێت "بەریتانییەکان لە ساڵی 1753وە کار لەسەر رووەکی سروشتی چیای زاگرۆس دەکەن"، بۆیە تەنیا لە سەنتەری مەلەکی بەریتانی زیاتر لە 60 هەزار سامپڵی رووەکی سروشتیی هەرێمی کوردستان هەن.
بەگوتەی ئەو پرۆفیسۆرە، هەندێک رووەک و گیای پزیشکیی دەگمەنن و تەنیا لە کوردستان هەن. لەوانە رووەکی کۆزینیائەزمەرێنتس کە تەنیا لە چیای ئەزمەر هەیە. رووەکی ئەستەرەگالس هەڵگوردینێنسس کە تەنیا لە چیاکانی هەڵگورد و سەکران و قەندیل هەیە. رووەکی ئیستیدرا کە بۆ چارەسەری پرۆستات بەکاردێ تەنیا لە کوردستان هەیە.
د.سامان عەبدولڕەحمان، بەرپرسی پرۆژەکانی دامەزراوەی رووەکی کوردستانیشە کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و پۆلێنکردنی رووەک و گژوگیا سروشتییەکانی کوردستان، د.سامان دەڵێت لەرێگەی توێژینەوە لە گژوگیاکانی کوردستان. 10 جۆر گژوگیام دۆزیوەتەوە کە تازەن لە جیهاندا، هەروەها 26 جۆری دیکەم دۆزیوەتەوە کە تازەن لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستا. هەر لە توێژینەوەکانم بۆم دەرکەوتووە جگە لەو رووەکە پزیشکیانەی بە سرووشتی دەڕوێن، دەکرێت زۆربەی ئەو رووەک و گژوگیا دەرمانیانەی کە دەگمەنن لەجیهاندا لێرە بڕوێندرێن.
بەپێی ئاماری کۆمەڵەی رووەکناسانی کوردستان زیاتر لە 300 پێشەنگا و سەنتەری رووەکی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان هەن، فرۆشی رۆژانەیان دەگاتە زیاتر لە 500 کیلۆ دەرمانی رووەکی و گژوگیایی.
ئیسماعیل موشیر، سەرۆکی کۆمەڵەی رووەکناسانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت لە هەرێمی کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر

کارهێنانی رووەکە پزیشکییەکان هەیە، رۆژانە 500 کیلۆ دەرمان و ماددەی خاو دەفرۆشرێ، لەم ژمارەیەش نزیکەی 300 کیلۆیان هاوردەیە، ئەگەر بەتێکرا بۆ هەر کیلۆیەک 10 دۆلار دابنێین دەتوانین بڵێین ساڵانە بەبەهای زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار رووەک و گیای پزیشکی هاوردە دەکرێ.
بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە خاک و هەوای کوردستان گونجاوە بۆ زۆربەی رووەکە پزیشکییەکان، ئێستا کۆمەڵەی رووەکناسانی کوردستان و بەرێوەبەرایەتیی توێژنەوەی کشتوکاڵی هەولێر، بەنیازی پرۆژەکێن بۆ چاندنی رووەکی پزیشکی.
ئیسماعیل موشیر، دەڵێتتۆوی رووەکی جیسینگ، جینکۆ و ستیڤیامان هێناوە، ئەگەر لەچاندنیان سەرکەوتووبووین و بەرهەمەکەی ئابووری بوو هەوڵێدەدەین تۆوی چەند جۆرێکی دیکەی رووەک بێنین بەتایبەت ئەو رووەکانەی کە بەرهەمەکانیان لەهەرێمی کوردستان خواستی زۆری لەسەرە و نرخەکانیشیان گرانە.
بەهۆی زۆربوونی سەنتەرەکانی تایبەت بە فرۆشتنی رووەک و گیا پزیشکییەکان، کۆکردنەوەی گژوگیا و رووەکە پزیشکییەکان، بووەتە پیشەی بەشێک لە هاووڵاتیان بە تایبەتی لە وەزری بەهاردا.
ئیسماعیل موشیر دەڵێت لە کوردستان خەڵک زیاتر گیای گەزگەز کۆدەکاتەوە کە تورکیا کیلۆی بە 50 دۆلارە و لێرە بە 12 هەزار دینارە، گوڵەحاجیلە و شارتەرە کیلۆی بە 10 هەزار دینارە، جاترە و گەڵای گێوژ کلیۆی بە هەشت هەزار دینارە، چەقچەقا و تالیشکە کیلۆی بە 15 هەزار دینارە، گوڵە وەنەوشە کیلۆی بە 50 هەزار دینارە، گیا سالمە کیلۆی بە 100 هەزار دینارە.
بە گوتەی ئیسماعیل مشیر و ئەو گژوگیا و رووەکە پزیشکیانەی لێرە هەن، لە جۆری زۆرباشن، ئەگەر کارگە هەبێت دەستەبەندیان بکات، لەدەرەوە خواستیان لەسەرە بۆ نموونە من 17 جۆر چام هەیە لە کارگەکانی ئێران و چین ئامادەیان دەکەم، لەو چایانە شاریحانە و گوڵە عاجیلە کە بەرهەمی خۆمانە، هەناردەی مەغریب و ئوردنم کردووە.
لەکۆی ئەو 300 پێشەنگا و سەنتەرانەی لەهەرێمی کوردستان هەن، نیوەیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجەدان، زۆرترین خواستیش لەسەر رووەکە پزیشکییەکان لەوێیە.
جەلال کەریم، بەرێوەبەری راگەیاندنی کۆمەڵەی رووەکناسانی کوردستان کە خاوەنی پێشەنگایەکی رووەکی پزیشکییە لە سلێمانی دەڵێ زیاتر خواست لەسەر ئەو رووەک پزیشکیانەیە کە هۆکارن بۆ دابەزاندنی کێش و چارەسەری قۆڵۆن. گوتیشی 75%ی بەرهەکانمان هاوردەن.
وەزارەتی تەندروستی دێتە دەنگ
دکتۆر ئارام رۆستەم، راوێژکاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو) راگەیاند نارێکییەکی زۆر لە کاری پێشەنگاکانی گیادەرمانی هەیە، بۆیە پرۆژە یاسایەکیان بۆ رێکخستنی فرۆشتنی دەرمانی گیایی ئامادەکردووە و شەش مانگە نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کرد. بەپێی پرۆژە یاساکە تەنیا رێگە بە دەرچووانی کۆلێژی دەرمانسازی زانست (بایۆلۆژی و کیمیا) کشتوکاڵ (بەسی رووەکناسی) دەدرێ پێشەنگای دەرمانی گیایی بکەنەوە.
دکتۆر ئارام گوتی تا ئێستا چەندین پێشەنگامان داخستووە، چونکە هەندێکیان گژوگیا و دەرمانی نەشیاویان بە قاچاخ هاوردەکردووە. لە کەناڵەکانیش رێکلامی وایان بۆ کردووە وەک ئەوەی مردوو، زیندوو بکاتەوە، بۆیە سکاڵامان لەسەر هەندێ کەناڵیش تۆمارکردووە.[1]
2018-02-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی

جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و راپرسی: کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 23-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-23 9:19:42 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 153

## کەمیی رێژەی سەوزایی چەندین کاریگەریی بەسەر چەمچەماڵەوە جێهێشتووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180723103957104392

ڕێژەی سەوزایی شارۆچکەی چەمچەماڵ تەنها 4%-ە، ئەمەش بەبۆچوونی ژینگەپارێزانی شارۆچکەکە، کاریگەریی هەیە لەسەر پیسبوونی ئاوهەوای شارۆچکەکە و بەرزبوونی پلەکانی گەرما و سیمای شارۆچکەکە، سەرۆکی شارەوانیی چەمچەماڵیش دانیپێدادەنێت، کە وەک پێویست نەیانتوانیوە گرنگیی بە ڕێژەی سەوزایی شارۆچکەکە بدەن.

کەمیی ڕێژەی سەوزایی لە سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی، کاریگەریی جیاوازی بەسەر شارۆچکەکەوە جێهێشتووە، لەئاست ڕێژەی سەوزایی ستانداردی جیهانیی بۆ شارەکان کە 15%-یە، ڕێژەی سەوزایی چەمچەماڵ تەنها 4%-ە.

مەعروف مەجید، سەرۆکی ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە، هۆکارەکانی کەمیی ڕێژەی سەوزایی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، بۆ چەند هۆکارێک دەگێڕێتەوە، کە بریتین لە وشکەساڵیی، کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئاونەدانی پێویستی داروردەختەکان، دیاردەی ئاژەڵداریی لەناو شارۆچکەکە و ئاگرکەوتنەوە.

مەعروف مەجید، بۆ رۆژنیوز وتی: بەرزکردنەوەی ئاستی سەوزایی تەنها بە شارەوانی و ڕێکخراوەکانی بواری ژینگە ناکرێت، بەڵکو دەبێت تاک بەتاکی کۆمەڵگا هەست بەبەرپرسیارێتی بکەن و ببن بەژینگەپارێز.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە، کاریگەرییەکانی کەمی ڕێژی سەوزایشی دەستنیشانکرد، بەوەی کە کاریگەریی هەیە لەسەر سیمای شارۆچکەکە و پیسبوونی ئاوهەواکەی و بەرزبوونی پلەکانی گەرماش لە شارۆچکەکە.

ئارام نەجات، سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ، بۆ رۆژنیوز ڕێژەی سەوزایی شارۆچکەکەی بە 4% دیاریکرد و هۆکارەکەشی بۆ قەیرانی دارایی گەڕاندەوە، چونکە بەوتەی خۆی: زیاتر گرنگیی بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و ئاوەڕۆ و قیرتاوکردن دراوە، دەرفەت نەبووە گرنگیی بە لایەنی سەوزایی سنوورەکە بدرێت.

سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ، ئەوەشی خستەڕوو، کە لە کارنامەیاندایە 20%ی داهاتی شارەوانییەکەیان بۆ بەرزکردنی ڕێژەی سەوزایی شارۆچکەکە تەرخان بکەن، بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی شارۆچکەکەش، لەئێستادا سەرقاڵی دروستکردنی دوو باخچەن، ڕاشیگەیاند: بەو داهاتی 20%ی شارەوانییەکەمان، کار بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی سەوزایی دەکەین بەدەوری چەمچەماڵدا.[1]

2018-07-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ژینگە

جۆری ئامار و ڕاپرسی: تەندروستی

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 23-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2018 10:39:57 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 154
## یەکە کارگێریەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 2009 لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاو ناحیە و ژینگە گەرەک/گوند
https://www.kurdipedia.org/?q=20180503104641150066
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ژینگە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 03-05-2018 10:46:41 AM
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

بابەت: 155
## 168 هزار مەترێن دووجا یێن کەسکاتی ل دهۆک هاتینە چاندن
https://www.kurdipedia.org/?q=20180201093710103404
دوارۆژ، بورهان یەحیا
رێڤەبەریا ئەندازەیا پارکان ل سالا 2017ێ 168 هزار مەترێن دووجار یێن ئەردی ب گول و فریزی و داروباری چاندینە و نوکە رێژەیا کەسکاتیێ ل دهۆک 11% یە.
ئسماعیل مستەفا بەرپرسێ راگەهاندنا سەرۆکاتیا باژێرڤانییا دهۆک بۆ دوارۆژ رۆهنکر؛ ل سەنتەرێ باژێرێ دهۆک 30 باغچە و ناڤەندێن جاددەیان هاتینە چێکرن و باغچەیەک ژلایێ وەلاتیانڤە، 6204 گولێن ژ جۆرێ ریل ڤینکا بۆکس و شمشار فیکس تورکی کو دیێژنێ دارتراشۆک هاتینە چاندن، هەژمارا چولێن هەردەم یێن جۆرێن بیبۆ رۆز، ئاستر، داوودی و یلسمین کو هاتینە چاندن پتری 432 هزار دانەیان بوویە.
ئاماژەکر؛ پتری 10 هزار تەنێن بەرمایک و زێدەهی و پیساتیێن ناڤ باغچە و ناڤەندێن چاندیێ دا هاتینە هاڤێشتن و 185 هزار گولێن بوهاری هاتینە چاندن و 170 هزار گولێن هاڤینێ و نێزیکی 7 هزار کیلۆیێن فریزێ.
زێدەتر هاتییە، پتری 23 هزار مەترێن سێجا یێن دیوارێ بنیاتی کو دیێژنێ پەرژانێ گیایی هاتینە دانان و ب گۆەری نەخشەیێ بنیاتی کو بۆ دهۆک هاتییە دارشتن رێژەیا کەسکاتیێ دێ بیتە 13% و هەتا نوکە رێژەیا هاتینە ئەنجامدان 11% یە.[1]
2018-02-01

تایبەتمەندیێن بابەتی
باژێر: دهۆک
جورا ئامار و راپرسیا:
جورا ئامار و راپرسیا:

وڵات: باشوورا کوردستانێ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-01

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-01 9:37:10 AM

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 156

## دهۆک: 499 ژن تووشی شێرپەنجەیێ بووینە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180204233414658 69

ل سنووری ساخلەمیيا پارێزگەها دهۆک، ژمارا نەخوەشێن پەنجەشێری 954 کەسن، 455 ژوان زەلامن و 499 ژن بوون.
ل گۆرەی ئامارێن ساخلەمیيا دهۆک یێن رادەستی دوارۆژ کرین ئە و کەسێن دژیێ ئێک رۆژی تا 4 سالی تووشی پەنجەشێری بووین27 کەس بوون و 15 ژ رەگەزێ نێربوون، یێن دژیێ 5 سالی تا 9 سالی 19 کەس بوون کو 12 ژوان رەگەزێ نێربوون.
لدۆر زارۆیێن توشی پەنجەشێرێ بووین د راگەهاندنا ساخەلمیێ دا هاتییە 10 زارۆ توشی نەخوەشیا پەنجەشێرا لیمفوما بووینە و 26 زارۆیێن دی توشی نەخوەشیا ژ جورێ لۆکیمیای بوون، 10 زارۆیێن دی ژی توشی نەخوەشیا ژ جورێ مێشکی ب بوون 3 زارۆژی ژ جوری سارکۆما، ئێک زارۆژی ب جێرم سێل توش ب بوو، 3 زارۆژی توشی ویلمز بوون و 9 ێن جیژی پەنجەشێرا هەستی.
ئەڤرۆ، رۆژا جیهانی یا پەنجەشێرێبوو، ل هەموو جیهانێ د ڤێ رۆژێ دا چەندین چالاکی بۆ رێگریا ل ڤێ نەخوەشیێ دهێنە کرن.[1]
2018-02-04

تایبەتمەندیێن بابەتی

باژێر: دهۆک

جورا ئامار و راپرسیا: ساخلەمی

جورا ئامار و راپرسیا:

وڵات: باشوورا کوردستانێ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-04 11:34:14 PM

بابەت: 157

## ژبەر نەبەلاڤکرنا گازێ، ل دهوکێ 70% دارستان هاتیە برِین

https://www.kurdipedia.org/?q=20171103103523102692



بۆ سالا دوێ یە بەهرا وەلاتیان ژ گازا سپی ژلایێ حوکمەتا هەرێمێ ڤە ناهێتە بەلاڤکرن، هەر ژ نوکەژی وەلاتیان ب تایبەتی یێن دەڤەرێن سار و بەفرین دەست ب برِینا داران کریە.
ماهر سپینداری، وەلاتیەکێ دەڤەرا بەرێ گارەیە ل سنورێ دەڤەرا ئامێدیێ بۆ (باس) دبێژیت: ”ژبەر بەلاڤ نەکرنا گازێ ل دەڤەرێن قەزا ئامێدیێ ئەڤە دەمەکە وەلاتیان دەست ب برِینا داران کریە، هندەک دهێن بۆ خوە دبرِن و هندەک ژی بۆ فرۆتنێ دبرِن و نوکە داهاتێ پیکەبەکێ ل دهۆکێ ب 100 هزار دیناران دهێتە فرۆتن، دارێن هشک ژی نەماینە و هەموو یێن هاتینە برِین و نوکە رۆژانە و ل پتریا دەڤەر و گوندان دارێن تەرِ یێن دهێنە برِین و ژبێ هندەک ژوان داران دگەهیتە 100 سالان، کو ب مشارێن پانزێنێ دهێتە برِین، دشێم بێژم هەکە رەوش ب ڤێ شێوەی بمینیت دارێن تەرِژی نامینن و نوکە 70% دارستانێن مە یێن هاتینە برِین“.
ماهرێ خەلکێ دەڤەرا ئامێدیێ دیار کرژی: ”سالێن بۆری دەمێ حوکمەتا هەرێمێ ب رێیا وەزارەتا سامانێن سروشتی گاز ل سەر وەلاتیان بەلاڤ دکر، کەسێ پەنا نەدبرە برِینا داران، بەلێ ئەڤە دو سالە دیاردا برِینا داران یا پەیدا بووی و خەلک یێ نەچارە، چونکی مووچە یێن هاتینە کێمکرن ب رێیا پاشکەفتکرنا وان و کارژی وەکوو بەرێ نەماینە.
ماهری کو وی ب خوە بەرهەڤی بۆ زڤستانێ کریە و بۆ خوە دار یێن برِین، دەمێ مە پرسیار ژێ کری، پۆلیسێن دارستانێ و ژینگەهێ چ پێرابوونان بۆ نەهێلانا داربرِینێ و سزادانا کەسێن داران دبرِین ناکەت، گۆت: پۆلیسێن ژینگەهێ ژی نوکە نەشێن مایێ خوە تێدا بکەن، چونکی ئە و کەسێ بۆ خوە داران دبرِیت خودان خێزان و زارۆیە و یێ پێدڤیە بۆ گەرمکرنا وان ل زڤستانێ، هەکە حوکمەت گازێ بەلاڤ نەکەت و گازا بازرگانی ژی یا گرانە، ما دێ پۆلیسێن ژینگەهێ چ بێژن و چ پێرابوونان وەرگرن؟“.
خێرهات نێروەیی، وەلاتیەکێ خەلکێ قەدشێ یە، بو (باس) دبێژیت: ”نوکە ئێک بەرمیلا گازا بازرگانی ب 180 دیناران دهێتە فرۆتن و ئەڤەژی بهایەکێ گرانە بۆ وەلاتیان ب تایبەتی دڤێ قەیرانێ دا و کێمبوونا مووچان، نە حوکمەت و نە پەرلەمان و نە جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ و نە کارگێریا پارێزگەهێ، خوە ل ڤی بابەتی نەکریە خودان“.
موحسن تاها، رێڤەبەرێ بەلاڤکرنا بەرهەمێن گازێ ل پارێزگەها دهۆکێ ئە و دەنگوباسە رەت کرن ل دۆر هەبوونا پرۆسا بەلاڤکرنا گازێ ل هەردوو پارێزگەهێن سلێمانیێ و هەلەبجە و بۆ (باس) گۆت: ”هەکە پرۆسا بەلاڤکرنا گازێ هەبیت، دێ هەموو هەرێما کوردستانێ ڤەگریت“.
سەبارەت بەلاڤکرنا گازێ ل سەر وەلاتیان ل پارێزگەها دهۆکێ ژی گۆت: ”سالا بۆری حوکمەتا عیراقێ 50 ملیۆن لترێن گازێ بۆ هەرێما کوردستانێ هنارتبوون، کو 30 ملیۆن لتر بۆ پارێزگەها سلێمانیێ و 5 ملیۆن لتر بۆ پارێزگەها هەولێرێ و بەهرا پارێزگەها دهۆکێ 15 ملیۆن لتر بوون و مە تنێ ل دەڤەرێن چیایی بەلاڤ کربوو، بەلێ نە ئەڤ سالە و نە پار وەزارەتا سامانێن سروشتی لترەکا گازێ نەدایە کەسێ“.
دکتۆر حەسەن نەجمان، سەرۆکێ پشکا دارستانان ل کولیژا چاندنێ ل زانکۆیا دهۆکێ ل دۆر مەترسیا برِینا داران ل سەر دارستانان دبێژیت: ”برِینا داران ئاریشەکا جیهانییە و گەلەک دهێتە روودان ب شێوەکێ بەرچاڤ لوان وەلاتێن توشی هەژارێ و قەیرانێن ئابووری، یان ئاستێ هوشیاریا خەلکی بۆ ژینگەهێ یا کێم بیت و بجهئینانا قانوونێ تێدا یا لاواز بیت.
سەرۆکێ پشکا دارستانان ل زانکۆیا دهۆکێ گۆتژی: ”خالێن کو زیانا برِینا داران زیدە دکەت، ئەون کو رێژا ئەردێن دارستانان ل پاریزگەها دهۆکێ گەلەک نینە، بەلکوو یا کێمتر ژی دبیت، ئەردێن دارستانان نوکە نێزیکی 2057600 دونەمن و جۆرێن دار گەلەک نینن کو 88 جۆرن، لەوما ب چ شێوان نابیت رێ بهێتە دان بۆ برِینا داران.

هەروەسا دیارکر ژی: "بڕینا داران ناهێتە کرن بو پیتڤیا مال بتنێ، بەلکو دگەهیتە ئاستێ بازرگانیێ و دبیتە وەک کارەک ب تایبەتی ل وەرزێ زڤستانێ، ئەڤەژی دبیتە ئەگەر کو زیان زیدەتر بیت.
دکتۆر حەسەن نەجمان خویاکر ژی: "بڕینا داران دبیتە ئەگەر کو رێژا غازا ئێکەما ئۆکسیدا کاربوونێ و میتانێ ل ئەسمانی زێدی بیت و وەک بەرگەکێ چێ کەت و نەهێلیت رێژەکا بەرچاڤ یا تیشکێن رۆژێ ئەوێن دگەهنە ئەردی و دڤەپەشێن دەربازی بەرگێ ئەسمانی و بێ ئەردی بن و وەدکەت کو پلا گەرمێ یا ئەردی زێدە بیت و ب تایبەتی دبیتە ئەگەر کو هشکاتی پەیدا بیت.
دیسا دار و دارستان ژێدەرێ سەرەکیە بو هەمە جۆریا ژینگەهێ برێیا هەمبێزکرنا جهێ ژیانا گەلەگ رووەکان و گیانەورێن کووڤی و مێش و موران، بڕینا داران دێ زیانەکا ئێکسەر گەهینیتە ڤێ هەمەجۆرییێ، هەروەسا بڕینداران دێ بیتە ئەگەر کو ئاخ بهێتە رامالین کو جهێ شینبوونا رووەکانە، ئەڤجا چیا و گرێن مە دێ رووترین و دێ بنە تەحت. وەکو چەوان نوکە ئەم ل گەلەک جهان دبینین. بڕینا داران و نەمانا سیبەرا وان دبیتە ئەگەر کو ریژا هەلمبوونێ زێدەبیت و ئەرد پتریا شەهێ و ئاڤێ ژدەست ددەت و دبیتە ئەگەر کو رێژا ئاڤا لسەر زەڤی و ل ژێر زەڤی کێم ببیت، دیسا گەلەک ژ خەلکێ گوندان پشت بەستنا وان لسەر دارستانایە بۆ بجە ئینانا گەلەک پێدڤیێن خوە، وەکو خوارن و فرۆتنا بەرهەمێ هندەک ژ دار و تراشۆکا و هندک گیایان کو ل دارستانان شین دبن و هەروسا بۆ ئالفێ تەرش و کەوالی، دیسا بڕینا وان دبیتە ئەگەر کو جوانیا دەڤەرا دهوکێ ب گشتی بهێتە تێکدان و رێژا سەیرانچی و گەشتیاران ژی کێم ببیت.
ب دیتنا وی رێیێن چارەکرن، یان کێمکرنا ڤێ دیاردێ یێن هەین ئە و ژی:
- دەست ب بەلاڤکرنا گازێ لسەر خەلکێ گوندان ب تایبەتێ لدەڤەرێن نێزیکی دارستانان.
- کاراکرنا قانوونا دارستانان یا هژمار 10 ل سالا 2012 و ب تایبەت مادێن 22 و 23 کو تێدا زیندانکرنا هەر کەسێ دارەکێ ببڕیت یان ب کەزێخیت، نە پتر ژ سالەکێ یە و سزادانا دارایی نە پتر ژ 3 ملیۆن دینارانە.
- نیشاندانا گونەهباران و دانپێدانێن وان د دەزگەهێن راگەهاندنێ دا.
- ئەنجامدانا هەوێن هشیارکرنێ، بتایبەتی بەری وەرزێ زڤستانێ و بتایبەتێ ل دەڤرێن دکەڤنە نێزیک دارستانان و رێنما و سزایێن قانوونا دارستانێ بۆ بهێنە دیارکرن.
- دامەزراندنا زێدەتر یا پۆلیسێن دارستانێ.
- دروستکرنا چاندنگەهێن دەستکرد ب جۆرین دارێن زوو شین دبن وەک ژێدەرەک بۆ دارێن سۆتنێ و رەژیێ.
و بجهئینانا ڤان هەموو رێیان دێ ئاریشا بڕینا داران ل سەرانسەری کوردستان و دهوکێ بەرەڤ نەمانێ ڤە چیت.[1]
2017-11-03

تایبەتمەندیێن بابەتی
جورا ئامار و راپرسیا:
وڵات: باشوورا کوردستانێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کرمانجی - کوردیی باکوور | ماڵپەڕی باسنیوز - 03-11-2017
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-03 10:35:23 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 158

**شجرة السنديان التي أعدمها (جهاديون إسلامويون) تابعون للاحتلال التركي!**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181205212139104890



حصلنا على صورة قديمة لشجرة سنديان رومي وهي قائمة بشموخ في موقع مزار شيخ حمزة – بين قريتي علي كارا (Elî Kera) و زعرية (Ze'irê)– ناحية بلبل-منطقة عفرين، وقد قطعها (جهاديون إسلامويون) تابعون للاحتلال التركي أواسط شهر تشرين الثاني 2018، مع أشجار حراجية محيطة بها.
تلك الشجرة اسمها بالكردي كيلبَري (Gêlberî)، يُقدر عمرها بأكثر من مئة عام، وهي من الصنف المهدد بالانقراض ولدى قطعها لا تنبت في مكانها أغصان أو شجرة جديدة، وأفاد مصدر زراعي موثوق، أن السنديان الرومي من الأشجار الضخمة والمعمرة، توجد في المنطقة بشكل طبيعي مترافقةً مع غابات السنديان العادي بشكل أشجار منفردة هنا وهناك، وتنمو في التربة الخصبة، ولا تشكل غابة بمفردها، وتُثمر أجود أنواع البلوط، وفي قانون الحراج السوري كل من يقطع شجرة يعاقب بالسجن من 1 إلى 3 أشهر وبغرامة مالية من /100/ إلى /300/ ألف ليرة سورية، أي قبل الأزمة كانت تصل إلى /6/ آلاف دولار.
وإذا كانت للشجرة والطبيعة عموماً مكانة في تراث وثقافة الكُرد، فإن الشجرة الحراجية الكبيرة مباركة لديهم وهي موضع تقدير واهتمام مميز، فلا تُقطع خوفاً من لعنة وسوء قد يصاب به الفاعل-حسب اعتقادهم، وبعضها يعتبر مزارات، حيث في منطقة عفرين هناك أكثر من /40/ موقعاً فيه أضرحة شيوخ ومقابر قد أصبحت محميات حراجية طبيعية، وتعتبر أماكن للتبرك وتُقدم فيها الأضاحي، كما يُستجدى على أعتابها شفاء مريض أو تحقيق أمنية أو هطول أمطار وما شابه.
وإذا كان الاحتلال التركي لمنطقة عفرين، يستهدف الإنسان أولاً، فإنه جاء عدواناً على الحجر والشجر أيضاً، فلم تتوانى جموع المسلحين عن قطع آلاف أشجار الزيتون وأشجار حراجية، وإحراق غابات، في وقتٍ لم تتخذ فيه سلطات الاحتلال أية إجراءات وتدابير لمنع قطع الأشجار والاضرار بالبيئة وبممتلكات الأهالي أو لتفادي اندلاع حرائق وإطفائها في الوقت المناسب.
نعم إنها جرائم تُرتكب بحق البيئة والإنسان.
موقع نوروز
Yek-dem.com
2018-12-05

خصائص السجل

البيانات الوصفية البيئية:

الدولة - الأقليم: غرب كردستان

المدن: افرين

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-05 9:21:39 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---